# ئازارەکانی من

پرۆژەی
یەکێتی ژنانی کوردستان
بەشی تەندروستی

ئامادەکردنی توێژینەوە
ئاواز عەبدوڵڵا
سۆران
مهاباد حەمە ڕەزا

www.pertwk.com

www.pertwk.com

ناوی کتێب: ئازارەکانی من

پرۆژەی: یەکێتی ژنانی کوردستان

ئامادەکردنی: ئاواز عەبدوڵڵا – سۆران- مهاباد حەمە ڕەزا

مۆنتاژو بەرگ: ئومێد محەمەد

تیراژ: 500

چاپخانە: تەوار

چاپی یەکەم 2006

ژمارەی سپاردن (921)ی ساڵی 2006

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە-19-

www.pertwk.com

## پێرست- ناوەڕۆك

سوپاس‌و پێزانین
پێشەکی
هەوڵەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان لەسەر خەتەنەکردن
بەشی یەکەم /لایەنی تیۆری
تەوەرەی یەکەم/ چوارچێوەی توێژینەوەکە
1-گرفتی توێژینەوە.
2-گرنگی توێژینەوە.
3-ئامانجی توێژینەوە.
4-بواری توێژینەوە.
تەوەرەی دووەم / دیاریکردنی چەمکەکان‌و زاراوەکان
-خەتەنەکردن
-پاکیزەیی فیرعەونی
-ئاین
-دیاردەی کۆمەڵایەتی
-کەسێتی
-توندوتیژیی
تەوەرەی سێیەم/ کورتەیەك دەربارەی مێژووی خەتەنەکردن.
--هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەتەنە.
1. کۆمەڵایەتی
2. سێکس
3. ئاین
تەوەرەی چوارەم/ کەسێتی ژن
خەتەنە وەك توندوتیژیی دژ بەکەسێتی ژن
تەوەرەی پێنجەم / کاریگەرییەکانی خەتەنەکردن
-زیانە کتوپڕەکان.(خوێن بەربوون- هەوکردن‌و سووتاندنەوە- پیسبوون- گرفتی میزکردن)
-زیانەکانی لەداهاتوودا. (تێکچوونی دەروونیی‌و سێکسی- گرانیی مناڵبوون)
بەشی دووەم/ لایەنی مەیدانی
تەوەرەی یەکەم / ڕێوشوێنە میتۆدەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوە
-میتۆدی توێژینەوە
-کۆمەڵگای توێژینەوە
-ئامرازی توێژینەوە
-کۆسپەکان
تەوەرەی دووەم/ خستنەڕووی خشتەکان‌و شیکردنەوەیان
-گریمانەکان
تەوەرەی سێیەم/ چەند سەرنج‌و پێشنیارێك
تەوەرەی چوارەم / ئەنجامە گشتییەکان
-دەرئەنجامەکان
-وێنەی فۆرمی ڕاپرسییەکان
-بەڵگەنامەکان
-سەرچاوەکان

www.pertwk.com

# سوپاس‌و پێزانین

*خاتوو ڕووناك فەرەج ئاغا لێپرسراوی بەشی تەندروستی یەکێتی ژنانی کوردستان بۆ چاودێری توێژینەوەکەو ڕێکخستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ زانایانی ئاینی‌و پزیشکە پسپۆڕەکان.

*دکتۆرە ژیان ئەحمەدو دکتۆر دلێر نوری لەبەڵگەنامە تەندروستییەکاندا هاوکارییان کردین.

www.pertwk.com
*لق‌و کۆمیته‌کانی یه‌کێتی ژنانی کوردستان له‌فۆرمی زانیارییه‌کاندا هاوکارییان کردین.

www.pertwk.com

## پێشەکی

لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا بەهۆی ئینتمای تاکەکانی کۆمەڵ بەگشتیو ژن بەتایبەتی بۆ دابونەریتی کۆمەڵایەتیو ئاینو زاڵێتی دەسەڵاتو عەقڵیەتی پیاوسالارییو بوونی جیاکاریی ڕەگەزیو هەمیشە چەوساندنەوەو توندوتیژیی وایکردووە کە ژن نەتوانێت دەنگێکی ئازادبێتو کاریگەریی هەبێ لەسەر ڕەوشی کۆمەڵگا نەك هەر ئەوەندە, بەڵکو نەیتوانیوە داکۆکی لەمافەکانی خۆی بکاتو خۆی کامڵ بکات لەڕووی کەسێتییەوە، کۆمەڵگای کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە ژن تیایدا تووشی ئازارو دەردەسەریی بووە, جا ئەمە بەهۆی دینەوەبێت یان بەهۆی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە, نموونەش بۆ ئەمە خەتەنە یەکێکە لەو دیاردە قێزەونانەی کە دەرهەق بەژنان دەکرێت.

لێکۆڵینەوەو قسەکردن لەسەر دیاردەی خەتەنەکردنی ژن کەمەو لەئاستی پێویستدانییە, بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگە بۆ ئەوەی ژنان هۆشیاربکاتەوە لەزیانەکانی کە هەیەتیو دەرخستنی قەوارەی دیاردەکە لەلای نەوەی کۆنونوێ دەرخستنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانو کاریگەرییو زیانەکانی لەسەر کەسێتی ژن وەك توندوتیژیی لەڕووی جەستەییو دەروونییو سێکسییەوە، ڕاستکردنەوەی ئەو بیرورا هەڵانەی کە بۆ خەتەنە

www.pertwk.com

هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتیو ئایینو سێکسەوە لەم کۆمەڵگایەدا، بۆیە لێکۆڵینەوەکە ژنانو لایەنە بەرپرسەکان ئاگادار دەکاتەوە لەسەر ترسناکیی بەردەوامبوونی دیاردەکە.

ئەگەرچی دیاردەکە لەچاو ساڵانی ڕابردوودا ڕوو لەکەمی کردووە (ئەمەش مایەی دڵخۆشییە) بەڵام نابێت ئەوەش لەبیربکەین کە دیاردەکە ئێستاش لەنێو کۆمەڵگاکەماندا ماوەو پێویستی بە هەوڵی جدی هەیە بۆ لەناو بردنی بە یەکجارەکی چونکە ئەنجام دانی خەتەنە ئەگەر بۆ تەنهایەك کچو ژنیش بێ ئەوا پێشێلکارییەو ئازاری ئەو کچە دەدرێت.

(( ئازارەکانی من)) هەوڵێکی زانستیە بۆ دەرخستنی قەبارەی دیاردەکەو زیانەکانی کە لەو دوو بەشی سەرەکی پێك دێت ئەوا نیش لایەنی تیۆرىو مەیدانیە ، لایەنی تیۆری لەچەند تەوەرێك پێك دێت تەوەرەی یەکەم چوارچێوەی توێژینەوەکەیەو لەتەوەرەی دووەمدا زاراوە پێویستەکانی توێژینەوەکە بەدیار خراوە وە لەتەوەرەی سێیەم دا کورتەیەکی مێژوویو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی خەتەنە لای کچان خراوەتە ڕوو دواتر تەوەرەی چوارەم باس لە کەسێتی ژنو کاریگەری توندوتیژی لەسەر کەسێتی ژن باس دەکات.

دوا تەوەری ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ کاریگەریەکانی خەتەنەکردن لێرەشدا باس لە زیانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆکان دەکات کە کچانو ژنان تووشی دەبن لە ئەنجامی خەتەنەکردنیانەوە.

بەشی دووەم توێژینەوەکە ش لە چەند تەوەێك پێك هاتووە ، تەوەری یەکەم ڕێوشوێنو میتۆدی لێکۆڵینەوەکە ئاشکرا دەکات تەوەرەی دووەم خستنە ڕووی خشتەکانو لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی سادە ڕاڤەکراوە, هەر لەم تەوەرەشدا گریمانەکان بەدیار خراوە ، تەوەری سێیەم تایبەتە بە سەرنجو پێشنیارەکان دوا تەوەری ئەم بەشەش تەرخان کراوە بۆ دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەو ئەنجامەگشتیەکانی لە دوایین لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا چەندین وێنەو بەڵگەنامە بەدی دەکەیت کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەکە بەو هیوایەی کە((ئازارەکانی من)) هەوڵێکی باش بێت بۆ ئەوەی کە دیاردەکە بەرەو نەمان بەرێتو هاندەریکێش بێت بۆ کارکردنو نەهێشتنی ئازارەکانی هەموو کچو ژنێك لەم کۆمەڵگایەدا.

www.pertwk.com

بەو هیوایەی لەڕێگەی ئەم کتێبەوە چەمکەکانی خەتەنەکردنی ڕەگەزی مێینە ئاشکرابێ کە تائێستا بەشاراوەیی ماونەتەوە

www.pertwk.com

## هەوڵەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان بۆکەمکردنەوەو قەدەغەکردنی خەتەنەی کچان

یەکێتی ژنانی کوردستان لەسەرەتای کارکردنیەوە بەتوندی دژی هەموو ئەو دیاردەو مەترسیە کۆمەڵایەتیانە وەستاوەتەوە کە هەڕەشە لە ژیانی کچانو ژنانی کوردستان دەکات، دیاردەی خەتەنەکردنی کچانیش وەك یەکێك لەهەرە دیاردە مەترسی دارەکان لەسەر ژیانی تەندروستیو کۆمەڵایەتیو سێکسی کچان یەکێك بووە لەو دیاردانەی کە یەکێتی ژنانی کوردستان لەسەرەتاکانی کارکردنیەوە لەبەرنامەی کاریدا دایناوەو چەندین هەوڵی جیاجیای داوە بەمەبەستی کەمکردنەوەو قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە کە جێی خۆیەتی لە (ئازارەکانی من) دا ئیشارەتیان پێبکەین.

-لەساڵی 1993دا یەکێتی ژنانی کوردستان یاداشتێکی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە دەربارەی خەتەنەکردنی کچانو زەرورەتی نەهێشتنی ئەو دیاردەیە.

-لەساڵی 1993-1996 بەشێوەیەکی بەردەوام لەهەموو شاروشارۆچکەکاندا لەڕێی کۆڕو سیمینارەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵی داوە بۆ ڕێگەگرتن لەو دیاردەیە.

- لەساڵی 1996دا بەشی تەندروستی یەکێتی ژنانی کو ردستان چۆنیەتی قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی کچانی خستۆتە پڕ ۆگرامی کارکردنیو بەرنامەی تایبەتی بۆ داڕشتووە لەڕێی ئاگادارکردنەوەو ڕێنمایی کردنی هەموو مامانەکانی شاری سلێمانیو دەوروبەریو چەندین کۆبونەوەی جیاجیا لەگەڵ زانایانی ئاینیو پزیشکی پسپۆڕ بەمەبەستی دەرخستنی لایەنە خراپەکانی ئەو دیاردەیە لەڕووی ئاینیو تەندروستیەوە.

- لەساڵی 2001 داو لەکۆنفرانسی تایبەتی ڕێکخراوی یونسیفدا بۆ کتێبی (ڕاستیەکان بۆ ژیان) لەلایەن نوێنەری یەکێتی ژنانی کوردستان خاتوو (ڕووناك فرج ئاغا)ەوە پێشنیاری زیادکردنی بەشێك بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەی خەتەنەکردنو زیانەکانی بۆ سەر ژیانی کچان پێشکەشکراو لەدوایدا بەنوسراوێك ئاراستەی ڕێکخراوی ناوبراو کراو ئەو برگەیە بۆ کتێبەکە زیادکرا.

-ساڵی 2004 بەشی تەندروستی یەکێتی ژنانی کوردستان ڕاپرسیەکی لەسلێمانیو هەولێرو گەرمیان بەشێوەی فۆرمی زانیاری لەسەر خەتەنەکردنی کچان ئەنجامداو بەمەبەستی دەستنیشانکردنی قەبارەی دیاردەکەو ئەنجامی ڕاپرسیەکە ئەوەی پیشاندا کە ڕێژەی خەتەنەکردن لەکەمبوندایە بەڵام ڕێژەکە لەجێگایەك بۆ جێگایەکی تر جیاوازی هەیە.

**بەشی تەندروستی**

**یەکێتی ژنانی کوردستان**

www.pertwk.com

www.pertwk.com

# بەشی یەکەم

## لایەنی تیۆری

## تەوەرەی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

گرفتی توێژینەوە.

1- گرنگی توێژینەوە.

2- ئامانجی توێژینەوە.

3- بواری توێژینەوە.

www.pertwk.com

www.pertwk.com

# بەشی یەکەم /لایەنی تیۆری

## تەوەرەی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 1- گرفتی توێژینەوە.

دیاردەی خەتەنەکردن یەکێکە لەو دیاردانەی کە ئەمڕۆ لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەستی پێدەکرێت، دیارە بوونی ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگەی کوردیدا لەئەمڕۆوە دەستپێناکات, بەڵکو بۆ مێژوویەکی درێژتر دەگەڕێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو رەوشە کۆمەڵایەتیو کلتورییەی کە بەدرێژایی مێژوو ئەم کۆمەڵگایەی تیادا ژیاوەو ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەری, بۆیە دەتوانین بڵێین دیاردەی خەتەنەکردنی ژنان دیاردەیەکی توندوتیژییە کە بەرامبەر ژن ئەنجامدەدرێت لەکۆمەڵگاکەماندا بەتایبەتی کە لەبنەڕەتەوە رەگی داکوتاوە, ئەمڕۆ بەتەواوەتی هەست بەکاریگەرییەکانی دەکرێت لەسەر بارودۆخی ژن، بێگومان ئەمە بەتەنها توندوتیژیی جەستەیی نییە, بەڵکو توندوتیژیی دەروونییش لەهەمانکاتدا دەگرێتەوە، لەو روانگەیەوەی بۆ لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە بەشێوەیەکی زانستییانە لەسەر بنەمای میتۆدی خوێندنەوەی بابەتی ئەم توێژینەوە لەسەر دیاردەی خەتەنەکردنی ژنان ئەنجامدراوە بەتایبەتی ئەم توێژینەوەیە لەم بوارەدا تازەیەو ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم جۆرەش کارێکی پێویستە, لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکە بایەخیداوە بەدیاردەی خەتەنەکردنی ژنانو لێرەوە کۆسپەکان دادەنرێت, یەکێك لەو کۆسپانەی گرفتی سەرەکیی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێت ئەم دیاردەیە لەلای کۆمەڵگەی ئێمە تاماوەیەکیش دوای ڕاپەرین کەم کەس هەبوون لەبەر هۆکارەکانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی, ئاینیی)قسەی لەسەر بکەنو کەمبوون ئەوانەی بوێرانە قسەیان لەسەر خەتەنەدەکرد, بۆیە کەمیی سەرچاوەو زانیاریی لەسەر خەتەنە یەکێکبووە لەئاستەنگەکانی توێژینەوەکە.

پێویستە باسی ئەوەشبکرێت کە هەندێك لەژنان پێیان شەرمە کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوەو ئەوە ئاشکرا بکەن کە خەتەنەکراون, ئەمەش لەکچانی ئەمڕۆدا بەدیدەکرێت, بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە کاتی زۆری ویستووەو لەهەمانکاتدا ئەو کەسانەی کاری خەتەنەیان ئەنجامداوە هەستدەکرا کە ناتوانن زۆر راشکاوانە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە, ئەویش کاتێك زانییان کە ئەم دیاردەیە کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر ژنان, هەندێ لەمامانەکان راستگۆنین لەوەڵامدانەوەدا, چونکە دەترسن لەوەی تووشی کێشەبن, ئەمەش لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا پێشبینیمان کرد بواری توێژینەوەکە فراوانەو ئاسان نییە ئەو هەموو ناوچەیە تخطیط بکرێت.

www.pertwk.com

## 2- گرنگیی توێژینەوە.

لێکۆڵینەوە لەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەك خەتەنەکردن کە زۆرترین زیان لەسەر ژنانو کەسێتییان بەجێدەهێڵێتو لەم روانەوە گرنگە.

یەکەم/ ئەو لێکۆڵینەوانەی تاکو ئێستا لەسەر دیاردەیەکی وەك خەتەنەکردن کراوە کەمەو وەکو پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.

دووەم/ ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی قەبارەی دیاردەکە لەکۆمەڵگاداو دەرخستنی زیانەکانییەتی لەسەر ژن لەڕووی جەستەییو دەروونییەوە.

سێیەم/ ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە گرنگیی لێکۆڵینەوەکە زیاتردەردەخات لەسەر دیاردەیەکی وەك خەتەنەکردن لای ژن.

## 3- ئامانجی توێژینەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بەدیاردەی خەتەنە لەسنوری شاری سلێمانی، هەولێر، کەرکوكوخانەقین بۆیە ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسنوری ئەم دیاردەیە دەرناچێت.

ئامانجەکانیش بریتین لە:

یەکەم/ زانینی قەبارەی دیاردەکە لەلای ژنانوکچانی نەوەی نوێ بەبەراوردکردنی لەگەڵ ژنانی نەوەی ڕابردوودا.

دووەم/ هۆشیارکردنەوەی ژنانە لەسەر کاریگەرییەکانی خەتەنە لەسەر کەسێتی ژن.

سێیەم/زانینی بۆچوونی ژنانە لەسەر دیاردەی خەتەنەو هەوڵێکە بۆ بەرچاوڕوونیی ڕێکخراوەکانی ژنان بۆئەوەی بەفیعلیی کاربکەن بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی خەتەنەی کچان لەکۆمەڵگەی کوردیدا.

چوارەم/ یەکێکی تر لەئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە دەرکردنی یاسایەکە بۆ قەدەغەکردنی دیاردەی خەتەنە.

## 4- بواری توێژینەوە.

بواری شوێن/ ئەم توێژینەوەیە لەسنوری جوگرافیی پارێزگای (سلێمانیو هەولێرو کەرکوكوخانەقین)، لەگەڵ چەند خوێندنگەیەکی ناوشاری سلێمانی (دواناوەندی بەختیاری کچان، دواناوەندی سلێمانی ئێوارانی کچان، خوێندنگەی سلێمانی سەرەتایی، ناوەندی ڕاژانی کچان) ئەنجامدراوە.

بورای مرۆیی/ هەڵبژاردنی نموونەیەکی (1500)کەس لەژنان ، کە (1485) فۆرم شیاوی بەکارهێنان بوو بۆ شیکردنەوەکان, کە ناو خێزانو فەرمانگەو دەرەوەی خێزانی گرتۆتەوە بەئاستە جیاجیاکانی خوێندەواریشەوەو هەڵبژاردنی(100) مامانو (100) کەسی پسپۆڕو شارەزا لەبواری تەندروستیدا.

بواری کات/ توێژینەوەکە لەسەرەتای ساڵی 2006وە دەستکرا بەدابەشکردنی فۆرمەکانو لەدوای سێ مانگ لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکەو داخڵکردنی زانیارییەکانو ئامادەکردنی خشتەکانو شیکردنەوەیان لایەنی تیۆری ئامادەکراو ماوەی توێژینەوەکە (9)مانگ بوو.

www.pertwk.com

# بەشی یەکەم

## تـــــەوەرەی دووەم

## دیـــــاریکـــردنـــی چـــــەمکەکـــــان:-

خـــەتـــەنەکـــردن

- پـــاکیـــزەیـــی فـــیرعـــەونیـــی
- ئـــــایـــن
- دیـــاردەی کـــۆمـــەڵایەتی
- کـــەســـێتـــی
- تـــونـــــدوتیـــژیی

www.pertwk.com

www.pertwk.com

**تەوەرەی دووەم/**

**دیاریکردنی چەمکەکان:-**

**خەتەنەکردن:- (Mutilation on Circumihiti)**

بریتییە لەبڕینو لابردنی پارچەیەك لەکۆئەندامی زاوزێی مێینە, لەئاکامیشدا دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی هەستیاریی وروژاندنی سێکسی. کە ئەو پارچە گۆشتە لەمیتکە Clitoris زۆرجاریش کەمێکی هەردوو (لێو - لچ) بچووکیشی لادەبرێ[1], کەواتە بەشێکی گرنگ کە چێژی سێکسی ئەدات بەرەگەزی مێینەو بەهەڵەو بەبێ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بزانن سوودی چییە بۆ جەستەی ئەو ژنەو بەبێ ویستی خۆیان بەهۆی هەردوو هۆکاری کۆمەڵایەتیو ئایینیی لەجەستەی ئەو کچە لادەبرێ.

**جۆرەکانی خەتەنە:**

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی (WHO) ئاماژە بەبوونی چوارجۆر دەدات بەمشێوەیە[2] :-

جۆری یەکەم“ لابردنی بەشێك یان هەموو میتکە ( Clitoris) کە پێی دەوترێت (Clitoridectory)

جۆری دووەم: لابردنی میتکە لەگەڵ لابردنی بەشێك یان هەموو لچی گەورەو بچووك کە پێی دەوترێت (Excision)

جۆری سێیەم“ لابردنی هەموو ئەندامی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ لەگەڵ دورینەوە بەتەواوەتی جگە لەهێشتنەوەی دەرچەی میزو خوێنی سوڕی مانگانە.

جۆری چوارەم: سوکترین جۆریان کە تەنها خۆی لەکونکردنو سمینی ئەندامەکانی زاوزێدا دەبینێتەوە ( Pricking and Piercing)

---

[1] **لافازیل هیمەت ڕێبەری خێزانی چاپی دووەم** .

[2] د. سامی الذیب، موامرة الصمت، ختان الذكور والاناث ،عنداليهود والمسيحيين والمسلمين الجدل الديني الطبي الاجتماعي القانوني لا25

www.pertwk.com

## پاکیژەیی فیرعەونی Female Genital Mutilation:-

جۆرێکە لەزیادەڕەویکردن لەخەتەنەی ژناندا کە لەباشوری سەعیدی میسرو سۆدان پەیڕەودەکرێ, لەم کردارەدا ئەو بەشەی کە دەکەوێتە سەرەوەی پێست لەناوچەی دەرچەی زێو دەوروبەریدا هەر لەمیتکەو هەردوو لچی گەورەو بچووک بەتەواوی لادەبرێتو ناوچەکەی لەباری درێژیدا دەدورێتەوە, بێجگە لە دەرچەیەکی بچووك کە ڕێگە بەهاتنە دەرەوەی میزو خوێنی سوڕی مانگانە دەدات[3] , ئەم جۆرە لەخەتەنەکردن کە بەناوی پاکیزەییەوەیە بەتەواوەتی زیادەڕۆیی لەلابردنی بەشێك لەکۆئەندامی زاوزێی مێینە دەکات تاکو ئەو بڕوایەی خۆیان بسەلمێنن کە خەتەنەکردن لەبەر هۆکاری رەوشتیو تەندروستییە.

## ئایین Religion:-

بەواتا گشتییەکەی راستگۆییو یەکسانیو دادپەروەرییو خۆشەویستیو تەندروستییە بۆ هەموو کەسێك بەژنو پیاوەوە[4] , خواوەند جەستەیەکی ڕێکوپێكو بێگەموکورتی بەباشترین شێوە خوڵقاندووە (وخلقنا الانسان من احسن تقويم)[5] , ئەو بەشەی کۆئەندامی زاوزێ کە چێژوخۆشی دەدات بەمرۆڤەکان, رێگە نەدریت بەبڕینو لێکردنەوەی چونکە مرۆڤ بەباشترین شێوە دروستکراوە.

د. نوال السعداوی دەڵێت: ئەگەر خوا میتکەی وەك ئەندامێکی هەستیاری سێکسی دروستکردبێت کە تەنها فەرمانی بنەڕەتی هەستکردن بەچێژی سێکسی بێت ئەوە دەگەیەنێت کە خوا چێژی سێکسی بۆ ژنان بەڕەوابینیوەو ئەمەش بەشێکە لەتەندروستی دەروونیی, بەپێی ئەمەش ئەو ژنەی لەچێژی سێکسی بێبەری دەکرێت لەبەشێکی تەندروستی دەروونیش بێبەری دەکرێت، تەندروستی دەروونیی ژن تەواونابێت بەبێ تەواوکردنی چێژە سێکسییەکەی[6] .

---

www.arabmedmag.com3 ختان الاناث والبتر التناسلي للاناث 31-12-2003 لا 32

4 د. **نوال السعداوى المراه والصراع النفسى لا**65

[5] ختان الاناث بين العلم والدين ئنترنيت

[6] **د.نوال السعداوى. المراه والجنس لا**

www.pertwk.com

## دیاردەی کۆمەڵایەتی Social Phenomena:-

چەندین پێناسەی هەیە, یەکێك لەو پێناسانە لەکۆمەڵە رەفتارێکی تاکەکەسیو نەگۆڕ لەشوێنو کاتدا کورت ناکرێتەوە, دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەخەسڵەتە کۆمەڵی خێزانیو چینایەتیو نەتەوەییەکانەوە سەرچاوەدەگرن [7] , بۆیە دیاردەی خەتەنەکردن یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە لەخێزانو نەتەوەیەکەوە سەرچاوەی گرتووەو بڵاوبۆتەوە لەناو نەتەوەکانی تری کۆمەڵگەدا بەپێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوانەو کەم تازۆر کاریگەریی راستەوخۆو لاوەکیی هەبووە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ بەتایبەت ژن.

گرنگترین پێناسە بۆ دیاردەی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە بەرووداوێك یان شتێکی راستەقینە کە بەچاو دەبینرێتو هەست بەبوونو شوێنەواری دەکەین وەکو (تاوان، جیابوونەوە، جەنگ، خۆپیشاندانو رێپێوانو زۆری دانیشتوان لەشارەکانداو پیسبوونی ژینگە.. هتدو دەتوانرێت پێناسەی بکرێت بەوەی کە دووبارەبوونەوەی رەوشتە لەچەند سیمایەك پێکهاتووە گرنگترینیان (دووبارەبوونەوە، راستەوخۆ, بەزۆر) [8] , کەواتە لێرەدا ئەتوانین بڵێین خەتەنەکردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو رووداوێکەو سیفەتی دووبارەبوونەوەی لەکاتو شوێنکەوە بۆ کاتوشوێنێکی تر دەگۆڕێت, ئەمەش لەکاتێکەوە بۆ کاتێکیترو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەیە، لەتەمەنە جیاجیاکانی نەوەی کۆنونوێدا ئەم دیاردەیە روویداوەو هەست بەبوونی دەکرێت لەناو کۆمەڵگەدا, هەروەها ئەم دیاردەیە تەنها لەیەك کۆمەڵگەدا نییە, بەڵکو لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا هەیە، لێرەدا ئەوەی روون بێت ئەوەیە کە خەتەنە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی روونادات بەبێ هیچ هۆیەك, بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری بابەتیو خۆیی کە ئەمەش دەرئەنجامی هەنوکەییو درێژخایەنی هەیە, لەبەرئەوەی خەتەنەکردن دەرئەنجامی هەیە, کەواتە دەبێ رێگەچارەشی هەبێ بۆ دیاریکردنی سنورێك بۆیو زیانەکانی بخرێتە پێش چاو کە پەیوەندیی بەتاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە.

---

[7] **محسن ،د.منوچر، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، کۆمەڵێك وەرگێر، رێبوارسیوەیلی......چاپی یەکەم .هەولێر،**2002 **لا**29

[8] الاستاذ.الدکتور احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع .الدار العربية للموسوعات الطبعة الاولى 1999 لا367

www.pertwk.com

دیاردەی خەتەنەکردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو زیانی زیاترە بۆ ژنان وەك لەقازانج, لەبنەڕەتدا کارێکی نادروستە.

## کەسێتی Personality

تێکەڵێکی ئاڵۆزە لەمیراتی بایۆلۆژیو ژینگەی فیزیکیو ئەزموونی دەستە جەمعییو ئەزموونی تاکانەیی مرۆڤ

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە میراتی بایلۆژیو ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤەکەی تیا دەژی کاریگەریی دەخاتە سەر کەسێتی مرۆڤو لەهەمانکاتدا ئەزموونی گروپە کۆمەڵایەتییەکانو ئەزموونی تاکە تاکەی مرۆڤەکان کاریگەریی تەواویان هەیە لەسەر کەسێتی مرۆڤ, بەواتایەکی تر دابونەریتو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی گرنگی پێکهاتەی کەسێتی مرۆڤن، لەم لێکۆڵینەوەیەشدا کەسێتی ژن مەبەستەو ئەوەش بەدەرنییە لەکاریگەرییە بایلۆژیو کلتوریەکان, ژنیش کە بەکائینێکی نەرمونیان ناسراوە ئەوا کاریگەرییە کلتورییەکان لەسەری زیاتردەبێت.

## توندوتیژییViolence

توندوتیژیی وەك مانا، ئەو فشارە دەگەیەنێ کە دەخرێتە سەر رۆحو جەستەی کەسێك، دیارە ئەو فشارەش چەندین شێوازی جیاجیا بەخۆیەوە دەگرێ, لەچەند جۆرێك پێکدێت وەکو (توندوتیژیی کۆمەڵایەتی، توندوتیژیی دەروونیو فیکریی، توندوتیژیی جەستەیی، توندوتیژیی ئابوری، توندوتیژیی جەستەییو تیرۆر)، هەریەك لەجۆرەکانی توندوتیژیی کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر داڕشتنی بناغەی کەسێتی ژن.

---

**پیاچونەوەو دەستکاری پەیمان عزالدین ،ئامادەکردنی یەکێتی ژنانی کوردستان–بەشی تەندروستی لقی سلێمانی. ژن وژیان وگرفتەکانیل**24ا

**محسن،د.منوچر،مقدمات جامعە شناس–چاپ جهاهم،نشردورات،شهران،تابسمان** 1376.**لا** 83

[11] **پەیمان عزالدین .گۆڤاری هزر** 1999**ژمارە** 2 **لا** 15

www.pertwk.com

# بەشی یەکەم

## تەوەرەی سێیەم

## کورتەیەك دەربارەی مێژووی خەتەنە

-هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەتەنە.

www.pertwk.com

www.pertwk.com

## تەوەرەی سێیەم/
## کورتەیەك دەربارەی مێژووی خەتەنە

خەتەنەکردنی کچان مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ 200 ساڵ پ. ز, ئەم دیاردەیەش لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لەناوچەیەکەوە سەریهەڵداوەو لەوێشەوە گوێزراوەتەوە بۆ زۆرێك لەکۆمەڵگاکان، بەگوێرەی زانیارییەکان ئەم دیاردەیە لەناوچە گەرمەکانی ئەفریقادا سەریهەڵداوەو ئەو مەسەلەیە تاڕادەیەك پەیوەندیی بەباری جوگرافیاو سروشتی ناوچەکەوە هەیە.

بەشێوەیەکی فراوانیش لەسەردەمی فیرعەونییەکاندا پەیڕەوکراوەو ژمارەیەکی تر لەکۆمەڵگەی کۆن کە پەیڕەوی دیاردەی خەتەنەیان کردووە وەکو میسرییە کۆنەکان ئەسیوپییەکان, بەڵام فینیقیەکانو سورییەکان دانیان بەوەدا ناوە کە ئەم دیاردەیە لە فیرعەونییەکانەوە وەك داب‌ونەریتێکی کۆمەڵایەتی پەیڕەویانکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا فینیقیەکان بەردەوامنەبوون لەسەر ئەم نەریتە، ئیغریقییە کۆنەکان (هیرودوت) لەکتێبێکدا بەناوی مێژوو دووپاتیدەکاتەوەو ئەڵێت دیاردەی خەتەنەکردن دەستیپێکرد لەناو کۆمەڵانی وادی نیل, ئینجا بڵاوبۆوە لەپێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە تەشەنەی کردووەو تێکەڵ بەنەریتە کۆمەڵایەتییەکانی گەلان بووە, هەروەها خەتەنەکردن هەبووە لەئەرخەبیل ئەندلوس پێش دەرکەوتنی ئیسلام, بەڵام کە ئیسلام هات چۆنیەتی‌و شێوەی حوکمەکەی دیاریکردووە .(مورخ‌و هیرودوت) باس لەوە دەکەن لەچەرخی پانزەدا پێش زایین دیاردەی خەتەنەکردنی کچان پەیڕەوکراوە لای فینیقیەکان، ئەسیوپییەکان، میسرییەکانو هۆکارەکەشی نازانرێ[12] . لەسۆدانیش ئەم دیاردەیە تاکو ئەمڕۆش بەردەوامیی هەیە بۆ چاککردنی (الخفاض الفرعونی) خەتەنەکردنی کچانیان کردووە، زاناکان وتویانە کە خەتەنەکردنی کچان لەلای میسرییە کۆنەکان بەلابردنی قیتکەو هەردوو لچی گەورەو بچووك بووەو کاهینێکی میسری لەکتێبەکەیدا کە بەزمانی یۆنانی نووسیویەتی

---

[12] د.محمود الحاج قاسم محمد ،د. عبدالعزيز الشهواني 14/2001ه م الختان تاريخه حكمة الشرعي طرق اجرائه لا 5-6

www.pertwk.com

کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 163 پێش مەسیح کە باسی خەتەنەکردنی کچانی کردووە ئەفسانەیەکی یەهودی هەیە کە نووسەرە عەرەبەکان باسی لێوەدەکەن دەڵێت سارا خەتەنەی هاجەرەی کردووە، یەهودییەکانی کە بەرەگەز حەبەشین خەتەنەکردنیان کردووە تا ئەمرۆ، بەپێی وتەی جمیس بروسی ئسکوتلەندایی لەچەرخی هەژدەدا خەتەنەکردنی کچان لەقودس لەسەردەمی مەلیك سلیماندا بلاوبۆتەوەو پێش چوونیان بۆ حەبەشە پەیرەوی ئەم دیاردەیەیان کردووە, لەلایەکی ترەوە پزیشکانی یەهودی بەبەشداریی پزیشکە رۆژئاواییەکان لەبەریتانیاو ولاتەیەکگرتووەکان بۆ پروپاگەندەکردنی خەتەنەکردنی کچانو پەیرەوکردنی لەسەرەتای چەرخی حەڤدەدا بەتایبەتی لەژێر دروشمی بنەبڕکردنی العادە السریە کە رەهەندێکبوو بۆ بیرکردنەوەی یەهودییەکان[13] , کاسۆلیکەکان لەچەرخی حەڤدەدا لەبەرهۆکاری ڕەوشتیو تەندروستی نەبووە ئەم دیاردەیان پەیرەوکردووە, بەڵکو ئەوەیان زانیوە کە دابونەریتێکی یەهودییەو بۆیان ماوەتەوە, ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەچەرخی نۆزدەیەمەوەو لەئێستادا بەشێوەی (نطاق ضیق) بەشێوەیەکی فراوان ئەم دیاردەیەیان ئەنجامداوەو مەبەستیش لەمە ئەوەبووە بۆ کەمکردنەوەی کرداری (العادة السرية)و بیرو بۆچوونی ئاینی لای مەسیحییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان نەبووە کە پشتگیریی یان بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی کچان بکەن وەکو ئەوەی کە تایبەتە بەخەتەنەکردنی کوڕان.[14] , بەهۆی کۆچکردنی نێوان ولاتە عەرەبییەکان ئەم دیاردەیە تەشەنەی کردووەو ولاتی عێراقیش کە یەکێکە لەولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستو نەتەوەی کوردیش بەشێکە لەدانیشتوانەکەی ئەم نەریتەی تێدا بلاوبۆتەوە, هەربۆیە بەهۆی پرۆسەی بەئیسلامکردنی ناوچەکەوە زۆرێك لەدابونەریتەکانی ناوچە عەرەبییەکان تێکەڵ بەدابونەریتی کورد بووە, بۆیە پێدەچێت دیاردەی خەتەنە لەکاتی بەئیسلامبوونی کۆمەڵگەی کوردییەوە هاتبێت, لەگەڵ ئەوەشدا لەتورکیاو ئێران لەئاینو دابونەریتیاندا ئەم دیاردەیە پەیرەو ناکەن لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو ولاتە ولاتی ئیسلامین, سەبارەت بەکوردستانیش لەهەندێ ناوچەدا ئەم دیاردەیە پەیرەو ناکرێتو لەهەندێ لەگوندەکانی ناوچەی پێنجوێن ئەم دیاردەیە بوونی نییە چونکە پەیوەندیی بەجوگرافیای ناوچەکەیانەوە هەیە, لەبەرئەوەی ناوچەی پێنجوێن ساردبووە ئەم دیاردەیە پەیڕەونەکراوەو بەپێچەوانەی ناوچەی گەرمیان کە گەرمەو بوونی ئەم دیاردەیە

---

[13] د. سامی الذیب، مؤامرة الصمت، ختان الذكور والاناث ،عنداليهود والمسيحيين والمسلمين الجدل الديني الطبي الاجتماعي القانوني لا 98

[14] **سەرچاوەی پێشوو** لا76- 77د. سامی الذیب، مؤامرة الصمت، ختان الذكور والاناث ،عنداليهود والمسيحيين والمسلمين الجدل الديني الطبي الاجتماعي القانوني لا 98

www.pertwk.com

تائێستاش هەیە, لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لەو هۆکارانەی کە بۆتەهۆی ڕازیکردنی ژنی کورد بەخەتەنەکردن ئەوەیە ئەگەر خەتەنە نەکرێت ئەوا نان‌و ئاوی دەستی حەرامە.

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك شێواز بەکارهاتووە بۆ ئەنجامدانی ئەم دیاردەیە بەبێ بەکارهێنانی ماددەی سڕکەرو بێهۆشکەرو ئەو ئامرازانەش کە زیاتر بەکاریانهێناوە گوێزان، چەقۆ، یان کەتەری تیژ یان مەقەست بەکارهاتووە, لەکوردستاندا دیاردەی خەتەنەکردن لەوەرزی بەهارو هاویندا کراوە بەو بڕوایەی کە زیاتر وەرزێکی فێنکەو بەهار خوێن جمانەو زوو برینی ئەو کچە چاکدەبێتەوە .

**-هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەتەنە.**

**1- کۆمەڵایەتی:**

کۆمەڵگە کە پێکدێت لەو کۆمەڵە خێزانو خەڵکانەی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی،و داب‌ونەریت‌و کلتورێکی هاوبەشیان هەیە, کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تیایدا بەهێزەو لەڕێگەی ئەمەشەوە مرۆڤ لەم کۆمەڵگایەوە ناچاردەبێت کە ئینتیمای زۆری هەبێ بۆ دەوروبەری خۆی‌و گوێڕایەڵبێت بۆ مرۆڤەکانی دەوروبەری، لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هیچ شتێك تاك بڕیاری لێنادات، بەڵکو داب‌ونەریت لەڕووی کۆمەڵایەتی‌و ئایینەوە دووهۆکاری سەرەکین‌و دەبنەهۆی کۆنترۆڵکردنی بیروهزری تاکەکانی کۆمەڵ, لەهەمانکاتدا کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگەیەکی باوکسالارەو هەردەم لەخەمی ئابڕوی خێزان‌و بنەماڵەدابووە, بۆیە ژن بەبەردەوامیی چاودێریکراوەو هەوڵدراوە هەر لەمناڵیەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان حەزو ئارەزووەکانی کۆنترۆڵ‌و کپ بکرێتەوە, یەکێك لەو شێوانە خەتەنەکردنی کچان بووە بەو بڕوایەی زەمانەتی پاکیزەیی‌و ڕەوشت بەرزیی‌و بەوەفایی ژن دەکات بەرامبەر پیاو کە خیانەتی لێناکات‌و شەرەفی دەپارێزێ‌و تووشی لادانی سێکسی نابێت, ئاراستەی بیرکردنەوەی (ف.ك) ئەوەیە ژن چۆن دەبێ خەتەنەنەکرێت؟ خەتەنەکردن شەرەفمان دەپارێزێ, لێرەدا مەبەستێکی تری پەیڕەوکردنی خەتەنەکردن بۆ ئەوەبووە کە گوایە ژن لەکەیەو بێعارەو ئەتوانرێت لەلایەن زاڵێتی دەسەڵاتی پیاو لەکۆمەڵگەدا بەهۆی خەتەنەکردنەوە پەردەپۆشی بکات ئەویش بەبەمەبەستی پاراستنی ئابڕووی بنەماڵەو نەریتی کۆمەڵایەتی‌و کلتوری, بەو بڕوایەی ناتوانرێ پارێزگاریی لەکچێنی ژن بکرێت هەتا خەتەنە نەکرێت, نموونەش بۆ ئەمە ئەوەتا خاتوو نورهان مامۆستایەکی تورکمانەو دانیشتوی کفری-یە لەگەڵ ئەوەی کە لای خۆیان ئەم نەریتە نییە بەڵام پێیوایە خەتەنە هەر هیچ نەبێ کچەکانمان لەهەوەسی سەرشێتانەی قۆناغی هەرزەکاریی دووردەخاتەوەو

www.pertwk.com

ئەگەر وانەبێ ژن کەفوکوڵ ناچاری دەکات پەنا بباتە بەر زیناکردن[15] , لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەم کۆمەڵگەیەدا ژنان زیاتر لەپیاو پێویست بووە پەیڕەوی دابونەریت بکات، کاتێکیش دیاردەی خەتەنە لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا تێکەڵ بەدابونەریتمان دەبێ ئەوا ژنی کورد پێویستبوو ئەرکێکی تر جێبەجێبکات کە پەیڕەوکردنی ئەم دیاردەیەیە, لەبەر بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی نەك زەرورەتی تەندروستی خەتەنە کە لێکردنەوەی بەشێك لەئەندامی زاوزێی مێینەیە ئەنجامدەدرێت.

کەواتە هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵ لێی بەدەرنینو ناکرێت ئەم مەسەلەیە یاخود دیاردەیە بەکێشەی رەگەزی نێر بەتەنها یان رەگەزی مێ باسی لێوەبکرێت, چونکە گەر هەردوو رەگەز لەچینی رۆشنبیراندابنو ئاستی رۆشنبیرییان بەرزیش بێت لەکۆمەڵگایەکدا دەژین کە باوکسالارییەو خاوەنی کلتورو ئاینێکی چەسپاوو رەگ داکوتانی ئەو فیکرە کۆنەپەرستانەیە وایکردووە ئەم دیاردەیە بیانگرێتەوەو بێبەش نەبن لەزیانەکانی خەتەنەکردن.

دەرئەنجامەکانی خەتەنە لەسەر کەسێتی ژن وایکردووە ژنێکی بێدەنگو شەرمنو کەم ئارەزوو دروستبکات, بۆیە جارێکی تر ئارەزووی پیاوی بۆ پیادەکردنو سووربوون لەسەر پەیڕەوکردنی دیاردەکە لەلای ژنی کورد دوبارەکردۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا خەتەنە وەك دابونەریتکی کۆمەڵایەتی پیرۆزیی خۆی رادەگرێتو پیادەکردنی دەخاتە ئەستۆی تاکەکانی کۆمەڵ.

د. سهام دەڵێ: ژن وا پەروەردە دەبێت کە شەرمە ژن ئازارەکانی بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بەسێکسەوە هەیە رابگەیەنێت، لەبەرئەوەی ژنان ئەم ئازارە رەتدەکەنەوە جا ئەگەر ئەو ئازارەبێت کە پێیدا تێپەڕبوون لەکاتی شێواندنی جەستەیان یان ئەوەبێت کە بەهۆی ئەو شێواندنەوە ژیانی ژنومێر پێوەی دەناڵێنن ئەوەی بەسەر خۆیاندا هاتووە بەسەر کچەکانیاندا دووبارەی دەکەنەوە[16] .

تەنها لایەنی زانستییە کە دانپێدانی لەڕووی تەندروستییەوە خەتەنەکردن بەزیان دەخاتەڕوو کە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی وروژاندنی سێکسو نەگەیشتنی بەئورگازم, لەبەرامبەردا لەڕووی کۆمەڵایەتەوە تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی نەزانینو کەمیی ئاستی رۆشنبیرییان خەتەنەکردنی کچان بەپاکیزەییو دورکەوتنەوە لەکاری خراپ دەزانن‌و لاوازی سێکسی تاکو ئێستاش لەهزریاندا رەنگدانەوەی هەیەو بەدیدەکرێت.

---

[15] **رۆژنامەی ژیانەوەساڵی دەیەم ژمارە** (735 ) 2 /7/ 2006 **لا** 4

[16] **لەیلا علی. گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستە لا** 10-11-12

www.pertwk.com

هەربۆیە ژنە بەتەمەنەکان هەموو کات لەخەمی خەتەنەکردنی کچەکاندانو هەولیَ جێبەجێکردنی ئەم کارە دەدەن, ئەوەتا ئەگەر لەشوێنێك مامان یان دکتۆر ئەم کارە نەکات ئەوا ژنان خۆیان ئەم کارە جێبەجێدەکەن, بۆئەوەی لەبەرامبەردا ڕێزیان لەلایەن خێزانو کۆمەڵەوە دەستبکەوێت. نموونەی ئەمەش کچێکی تەمەن حەوت ساڵانە کە شکات لەدایکی دەکات چونکە ویستویەتی خەتەنەی بکات, کەواتە ئەم دیاردەیە بەهۆکاری کۆمەڵایەتی چەسپاوە نەك بەویستی تاکەکانی کۆمەڵگە!.

هەربۆیە هۆکاری کۆمەڵایەتی بەیەکێك لەهۆکارە گرنگەکان دادەنێین بۆ بڵاوبوونەوەو بەردەوامبوونی دیاردەکە لەکۆمەڵگەی کوردیدا.

**2- سێکس**

تەنها هۆکارێکی کاریگەر لەسەرەتاوە کە بۆتەهۆی پەیڕەوکردنی خەتەنە لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتدا هۆکاری سێکسە, ئەمەش بۆ ئەوەیە کە حەزوئارەزووە سێکسییەکانی ژن کەمبکرێتەوەو دواتر بەئاسانی کۆنترۆڵبکرێت, چونکە میتکە هەروەك زانراوە زۆرترین هەستە سێکسییەکانی تیاکۆبۆتەوەو بڕینی ئەم بەشەش وا دەکات کە بەشێکی زۆری هەستە سێکسییەکانی ژن لەناوبچیَو نەتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی ئەو حەزوئارەزووەی دەبێتەهۆی ئەوەی لەکرداری سێکسدا چێژ وەرنەگرێتو نەگات بەلوتکەی ئۆرجازمو ئەو ئارەزووە سێکسییانە پیادەبکات.

ئەو بیروبۆچوونانە کە بەناوی چاککردنو ڕێکخستنی ژیانی سێکسی کچانەوە پێی هەڵدەستن ئەم بیروباوەڕانە کە بەبرینی ئەو پارچە گۆشتە سێکس بنەبڕدەکاتو لەهەڵەکانی سێکس دووریدەخاتەوە دەبێتەهۆی ئەوەی چێژ لەسێکس وەرنەگرێتو نەگات بەلوتکەی ئۆرجازم[17] , بەگوێرەی زانیارییەکان ئەم دیاردەیە لەناوچە گەرمەکانی ئەفریقادا سەریهەڵداوە, چونکە ناوچە گەرمەکان لەشیان گەورەتردەبێتو ئەو پارچە پێستەش لەڕادەی سروشتی خۆی زیاتردەبێت.

دەگێڕنەوە لەو ناوچانەدا ژنەکان کاتێك سواری حوشتردەبوون دەبووەهۆی وروژاندنی سێکس بۆیە باشترین شت بەبیریاندا هاتووە بۆ ڕێگرتن لەوە خەتەنەکردن بووە، بەو بڕوایەی کە دەبێتەهۆی کۆنترۆڵکردنو دیاریکردنی ئارەزووی سێکسی کچان یان لەوەوە سەرچاوەدەگرێت ڕێگەگرتنە لەغەریزەو حەزە سروشتییەکانی ژنان, خەتەنە کە بڕینی بەشێکی هەستیاری ئەندامی زاوزێی مێینەیەو دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی ئارەزووی سێکس ئەوا زەرورەتی پەیڕەوکردنی دیاردەکەی سەلماندووە, بۆیە بەبەردەوام پیاوی کورد لەخەمی خەتەنەکردنی ئافرەتەکاندابووە بۆئەوەی هەر لەسەرەتاوە زەمانەتی ئابڕووی خۆیو بنەماڵەکەی بکات.

لەم حاڵەتەدا ژن هەست بەخۆشی سێکسی ناکات, بەڵکو دەچێتە ژێر ڕکێفی حەزو ئارەزووی پیاوەوە, ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێنەکەوتنە لەگەڵ ڕاستییە بایالۆژییەکانی توانای سێکسی ژن، ئەو توانایەی کە لەزانستی بایالۆژی تازەدا دەریدەخات بە(توندوتیژو بازنەییەو بەردەوامە)و پیاو نەیتوانیوە خێزانی باوکسالارو

---

[17] **فازیل هیمەت ڕێبەری خێزانی چاپی دووەم لا**

www.pertwk.com

کلتوری نێرینە دروستبکات تەنها لەڕێگەی پیادەکردنی توندوتیژییو بنەبڕکردنی توانای سێکسی هەستیارەوە (خەتەنەکردنی کچان بەسادەترین شێوە)یان دامرکاندنەوەی سێکس بەسەر ژندا سەپێنراوە لەچەرخە مێژووە جیاوازەکانداو هەتا ئەمڕۆ دەسەڵاتی نێرینەو قەدەغەکراوەکانو سنوربەزاندن بەتەنها لەسەر ژنانە[18] .

یەکێك لەهۆکارە ئەندامیو دیارەکانی ساردیی سێکس بریتییە لەخەتەنەکردنی کچان لەمناڵیدا کە لەداهاتوودا تووشی ساردیی سێکس دەبن[19] . بۆیە پیاوی کورد هەر لەسەرەتاوە هاوسەرەکانیان هاندەدەن بۆ خەتەنەکردنی کچەکانیان لەمناڵیداو لەقۆناغی هەرزەکاریدا تاکو کۆنترۆڵی ئارەزووە سێکسییەکانی کچەکانیان بکەن, لێرەوە ئەتوانین بڵێین کە خەتەنەکردنی کچان هۆکارێك بووە بۆ بەرەوا نەبینینی ژنان بەحەزە سروشتییەکانیان کە یەکێك لەوانە غەریزەی تێربوونی سێکس وەك مافێکی سروشتی هەموو زیندەوەرێکە نەك بەتەنها ژن ، بەڵام بەهۆی خەتەنەکردنەوە سنوری بۆ دانراوە.

فرۆیدو هاوبیرانی تووشی سەرسوڕمان بوون کاتێك بۆیان دەرکەوت هەندێك لەژنە پێگەیشتوەکان لەدیدی ئەواندا ساردن لەکرداری سێکسداو تەنها قیتکە ئەبێتە شوێنی هەستیاریی سێکس لای ژنان, بۆیە هیچ چارەیەکیان بۆ ئەم سەرسوڕمانە نەدۆزیەوە تەنها ئەوەنەبێت کە قیتکە وەك ئەندامی نێرینەیە، لەبەرئەوەی ئەندامێکە چالاکیی سێکسی هەیە, ئەم چالاکییە سێکسییە سیفەتێکی نێرینەیەو لەوانەیە ئەمە یەکێکبێت لەو هۆکارانەی کە لەکۆنەوە بۆلابردنی قیتکە لەجەستەی کچان لابراوە (لەهەندێك کۆمەڵگەی کۆنو کۆمەڵگەی عەرەبی تا ئەمڕۆ)پەیڕەودەکرێت لەپێناو پاکیزەیی مێینە لەم ئەندامە چالاکە بۆئەوەی چالاکیی سێکس مافێکی تایبەت بێت بەڕەگەزی نێر[20] .

## 3- ئاین

ئەگەر ئاین ڕاستگۆییو یەکسانییو دادپەروەرییو خۆشەویستیو تەندروستی بێت بۆ مرۆڤەکان ئەوا ناکرێت پاکانە بۆ ئاین بهێنرێتەوە بۆ ئازاردانی مرۆڤەکان, بەڵام زۆرجار بەهۆی کەسانی شوێنکەوتووی ئاینەکانەوە یان بەهۆی دابونەریتی کۆنی کۆمەڵگاکانەوە تیکەڵەیەك لەدابونەریتو بیروباروەڕە کۆنەکان تێکەڵ بەدین دەبێت, ئەمانەش وا دەکات کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەئاسانی نەتوانن دابونەریتو بابەتە دینییەکان جیابکەنەوە لەیەکتریی، ئاینیش کاتێك لەنێو بیروباوەڕی تاکەکاندا بەهێزدەبێ ئەوا زۆر قورسە تاکەکانی کۆمەڵگا بیروباوەڕە جیاوازەکان لێك جیابکاتەوە، بۆیە کاتێك دیاردەی وەك خەتەنە کە بیانووی دینی بۆ دەهێنرێتەوە ئەوا ئاسان نییە کە تاکەکان خۆیان لەو دابونەریتە قوتاربکەن, چونکە هۆکاری دینی کاریگەرترینو بەهێزترین هۆکارە بۆ بەدیاردە بوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان, ئەو بیروبۆچوونانەی کۆمەڵگە

---

[18] د.نوال السعداوی،المراءة والجنس، الانثى هي الأصل لا93

[19] عايدة احمد الرواجية ،البرودوالضعف الجنسي علاجه بالطب العربي والحديث لا15

[20] د.نوال السعداوی،المراءة والجنس، الانثى هي الأصل لا95

www.pertwk.com
که وای دادەنێن دیاردەی خەتەنەکردنی کچان بەکەڵکە بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی چەند ڕوویەکی تێکچووی ژنان لەڕووی کۆمەڵایەتیو ئاینەوە.
لێرەدا هەوڵدەدەین کە بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام بەرامبەر بەخەتەنەکردنی ژنان ڕوونبکەینەوە بۆئەوەی بزانین تاکو چەندە خەتەنەکردنی کچان فەرزە یان سوننەتە لەلایەن دینەوە, هەروەها بەرامبەر بوونی ئەو بنەما شەرعیانەیە کە کۆشش کەرانی ئیسلام حوکمی پێئەکەن.
(دکتۆر شوقی الفنجری) لەکتێبەکەیدا لەسەر خەتەنەکردن بەم خاڵانە بنەما شەرعییەکانی کورتکردۆتەوە:
نابێت هیچ شەریعەیەك یان بنەمایەکی شەرعی لە فەرموودەیەکی لاوازەوە وەربگیرێت، لەبەرئەوەی واتای فەرموودەی لاواز یان بەدرۆ ئەخرێتەوە یان بۆ مەبەستێکی تایبەتییە.
ئەگەر زانایەکی پزیشکیو زانایەکی ئایینی لەسەر بابەتێکی زانستی ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەبوو ئەوا بۆچونی پزیشکەکە کاری پێدەکرێت لەبەرئەوەی شارەزاییو پەیبردنی لەپسپۆڕییەکەی خۆیدا زیاترە.
لەشەریعەتدا بنەمایەك هەیە (نەزیان بەخشینو نەزیان لێکەوتن) واتای ئەوەیە کە هەر بابەتێك زیانی بۆ مسوڵمانان هەبێت بەپێی بۆچوونی شارەزایانی بوارەکە ئەبێت ئەو پرۆژەیە وازی لێبێنیت.
دوای ئەمانە دێینە سەر ئەو سونەتانەی کە لایەنگرانی خەتەنەکردنو پارێزەرانی وەك بەڵگە بەکاریان دێنین بۆ سەلماندنی بڕوبیانوەکانیان, بۆیە وەڵامیان دەدەینەوە لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی پیاوانی ئایینی بۆ بۆچوونەکانیانو ئەو فەرمودانەی کە پشتیان پێبەستووە، ئەویش ئەوە دەسەلمێنێت کە لەڕاستیدا ئەوان بەرگریی لەهەڵوێستی دواکەوتوویان بەرامبەر بەچنو بەستنەوەیان بەکەلتورو نەریتە شیاوەکانەوە دەکەن نەوەك بەرگریی لەناوەڕۆكو مەبەستەکانی ئایین.
پێش چوونە ناو بابەتی فەرمودەکانو ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان پرسیارێکی زۆر ئاسانی ژیرانە ئەکرێت، ئایا پێغەمبەر(د.خ) کچەکانی خەتەنەکردبوو؟ ئەگەر خەتەنەی کردبێت ئەوا لایەنگرانی خەتەنەکردن گرەویان بردۆتەوەو بەڵگەی یەکلاکەرەوەیان لایە!! بەڵام سەیرەکە لەوەدایە وەڵامەکە نەرێیەو پێغەمبەر(د.خ) ئەمەی نەکردووەو ئەم پرسیارە سەرەڕای ڕوونییو ئاسانی لایەنگرانی بیریان لێنەکردۆتەوە, وەڵامی شێخ عەبدولڕەحمان نەجار بۆ ئەم پرسیارە لە کتێبەکەیدا (موقف الاسلام) هەڵوێستی ئیسلام ئەوەیە کە دەڵێت پێغەمبەر(د.خ) چوار کچی هەبووەو لەسەرگوزشتەکەیدا باسی خەتەنەکردن نەکراوە, ئەمە بۆیە لەپێشو لەناو ووردەکاری فەرموودەکانەوە باسکرد بۆئەوەی بڵێم کە ژیاننامەکە (السیرە النبویە) پشتگیریم دەکات ئێمە خۆمان فڕێ ئەدەینە دونیای قوڵی مشتومڕەوەو پێغەمبەر(د.خ) ئەم کۆششەی بۆ تەواوکردوین کە سەرگوزشتە بۆندارەکەی خۆی بەڵام بۆئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان تەواوبکەین لایەنگرانی خەتەنەکردن کە مێشکیان

www.pertwk.com
شۆراوەتەوە بەئاگابێنینەوەو لەپێشدا ئەو فەرمووادانە باسبکەین کە پشتی پێدەبەستین ئینجا وەڵامیان لەئەنجامی کۆششی پیاوانی ئایینی رۆشنبیردا بدەینەوە.

فەرمووەدەی یەکەم ( الختان سنة الرجال ومكرمة للنساء) ،ئەم فەرموودەیە حجاج بن ارطاءە ریوایەتی کردووەو قرتبی بن حجر دەڵێت (الحجاج ليس ممن يحتج به) واتە حجاج ئەوە نییە کە بەبەڵگە بهێنرێتەوە.

فەرموودەی دووەم کە بەچەند شێوازێك هاتووە یەکێك لەوانە (اذا التقى او مس او جاوز الختان الختان فقد وجب الغسل).

فەرموودەی سێیەم کە بەناوبانگترینیانە لایەنگرانی خەتەنەکردن زۆر بەکاریانهێناوەو گێڕانەوەکانی سەبارەت بەژنێکە کە کەنیزەکانی خەتەنەکردووە، گێڕانەوەی یەکەم بەبێ ناوهێنانی ژنەکەیە یان ناوهێنانی ام عطيه ام حبیبە، ام ایمن لەفەرمودەیەکی پێغەمبەرەوە سەرچاوەی گرتووە کە ژنێك لەمەدینە هەبووە بەناوی (ام عطيه) ئەم ژنە سوونەتی بۆ ژنان کردووە، پێغەمبەر پێی فەرمووە (یاأم عطيه اخفضي ولا تنهكي فانه انظر للوجه واحظى عند الزوج) لەریوایەتێکی تردا پێغەمبەر دەفەرموێت (لاتنهكي فان ذلك أحظى للمرأة وأحب الى البعل) واتای حەدیسەکانیش ئەوەیە کە پێغەمبەر نەهی کردووە زۆری لێبڕێتو فەرمویەتی بۆ ژنوپیاو مانەوەی باشترە نەك بڕینی بەتەواوی, بروانە کتێبی "تاج الاصول-بەرگی/3 لاپەرە 171"

هەموو ئەو فەرمودانەو توانجی زانایانو زانایانی ئایینی کۆمان خستەڕوو کە باسی خەتەنەکردن دەکەن، بەڵام ئایا زانانی ئایینی (الفقهاء)کانی ئەم سەردەمە چیان دەربارەی ئەم فەرموودانە ووتووە؟

ئەوەی پەیوەندیی بەفەرمودەی یەکەمەوە هەبێت سليم العوا دەڵێت (ئەم دەقە بە بەڵگە دانانرێت لەبەرئەوەی دەقێکی لاوازە، ئەگەرێتەوە بۆ گێڕەرەوەیەك کە جێگەی بروا نییە، کەواتە چۆن بڕیارێکی شەرعی (یاسایی) لێوەربگیرێتو بەسونەت یان بە پیرۆز دابنرێت، یان هیچ نەبێت کردارێکی ئارەزووکراوبێت لەکاتێکدا ئارەزووکردن بڕیارێکی شەرعییەو بەبەڵگەیەکی راست نەبێت ناسەلمێت)و فەرموودەی ناوبردنی (الختانين) العوا باسی لێوە دەکات (هیچ بەڵگەیەك لەم فەرموودەدا لەسەر ئەم بابەتە نییە, لەبەرئەوە زاراوەکە لێرەدا لەناونانی دوو شتەوە هاتووە بەناوێکی بەناوبانگتر لێیان, یان بەناوێك بۆئەوەی ئەویتری پێبناسرێتو لەعەرەبیدا زاراوەی لەم بابەتە زۆرە، وەك العمران (ابوبكرو عمر) القمران (الشمس والقمر) والعشاوان (العشاء والمغرب)... هتد.

زاراوەی دوو خەتەنە (الختانين) هیچ بەڵگەیەکی لەسەر بەشەرعیەتدان بەخەتەنەکردنی ژنان تێدا نییەو فەرموودەکە لەبنچینەدا دەربارەی شتنە (الغسل )نەوەك خەتەنەکردن. **(بروانە بەڵگەنامەکان لەکۆتایی ئەم کتێبەدا)**

دێینە سەر بەناوبانگترین فەرموودە کە ئەویش فەرموودەی کۆتاییە:

www.pertwk.com

العوا دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەڵێت (فەرموودەی ام عتیە بەھەموو ڕێگاکانیەوە نەخێری تیایەو نەبەڵگەیەکە کە کەڵکی لێوەرگیرێتو ئەگەر بەڕاست بزانرێت ئەوا ئەو ڕێنماییەی کە تیایدا ھاتووە فەرمانی خەتەنەکردن ناگرێتەوە, بەڵکو چۆنیەتییەکەی دیاریدەکات لەکاتی ڕوودانیدا ( من ئەتوانم ئەو داوایەی کە د.العوا مەبەستێتی ڕوونی بکەمەوە, ئەگەر من فەرمان بکەم بەسەر نەخۆشێکمدا کە جگەرە خواردن کەمبکاتەوە لەدووپاکەتەوە تەنھا بۆ پێنج جگەرە, ئایا ئەمە واتای ئەوەیە کە من فەرمانم بەخواردنی جگەرەکردبێت؟ یان من لەگەڵ نەریتێکی باودا ڕۆشتوومو ئەمەوێت ھەنگاو بەھەنگاو کەمی بکەمەوە).

لەسەر ئەم واتایە (ئەنوەر احمد) لەکتێبەکەیدا (رای زانایانی ئایینی) دەڵێت ئەوەی کە ئەم فەرموودەیە دەگێڕێتەوە بۆ پێغەمبەر(د.خ), لەوانەیە وای بەبیرداببێت کە پێغەمبەر(د.خ) نەیویستووە نەریتێك قەدەغەبکات کە عەرەبەکان لەسەری ڕۆشتوونو لەدەروونیاندا ڕەگی داکوتاوە, بەڵکو ویستویەتی کە زیادەڕەویەکەی کەمبکاتەوەو سنور بۆ زیانەکانی دابنێت, لەبەرئەوە بەشێوەیەکی بەخشندەو بەسۆزەوە ڕێنمایی خەتەنەکەرەکەی کردووە.

العوا فەرموودەی(ام حبیبە)ی بەڕاست دانەناوەو دەربارەی ئەمە دەڵێت (ئەم فەرموودەیە لەکتێبی (السنە)دا نییەو باسی ژنێکی بەو ناوەی تێدا نییە کە بەو کارەی ھەستابێت, ئەو قسانەیان ھیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە بەڵکو ھیچ بناغەیەکیشی نییە).

ئیمام شلتوت لەتێبینیەکەیدا لەسەر ھەموو فەرموودەکان لەفەتواکانی ساڵی (1959)دا دەڵێت (لەنمایشی گێڕانەوەکان سەبارەت بەخەتەنەکردن ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە ھیچ ڕاستییەکی تێدا نییە تاوەکو بەڵگە بێت بۆ (السنە الفقھی) سونەتی ئاینزانی سەرەڕای بوونی زانایانی ئاینی, ئەمەش ئەو ئەنجامەیە کە ھەندێك لەزانایانی پێشوو پێی گەیشتوون.

لەدەربڕینەکەیدا دەردەکەوێت کە ھیچ سەرچاوەیەك یان سوونەتێك نییە کە ڕاستی خەتەنەکردن دەربخاتو وشەی (سوننەت) کە لەھەندێك لەگێڕانەوەکانیاندا واتای ئەوەیە کە (ڕێگەیەکی باو بەپێی کات بەڕاست دابنرێت)و ئەم وشەیە لەسەر زەمانی پێغەمبەر(د.خ) بەو واتا ئاینییە نەھاتوو کە لەدوایدا پێی ناسرا.

ئەوەی کەئاشکرایە دەسەلآتی شەرع ملکەچی دەقێکی گواستراوە نابێت, بەڵکو بناغەیەکی گشتی شەرعی بۆ نێرینەومێینەش ھەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئازاردانی زیندەوەر بەشێوەیەکی شەرعی نەگونجاوە ئەگەر لەبەرژەوەندی کەسەکەدا نەبێتو بەرژەوەندییی لەئازارەکەدا نەبێت.

دکتۆر (سید رزق الطویل ) ڕاگری کۆلێژی (دراسات لاسلامی) لەو کاتەدا ھاوڕابووە لەگەڵ ڕایەکەی پێشوودا، ھەروەھا دکتۆر طنطاوی پشتگیریی لێکردووەو بەرپەرچی فەتواکەی (جاد الحق)ی داوەتەوە کە دەڵێت (من

www.pertwk.com

سەرم سوڕماوە لەو قسانەی کە هەرەشەی شەڕکردن لەو دێیە دەکات کە پەیوەست نەبێت بەکرداری خەتەنەکردنەوە), ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە لەگەڵ هەموو دنیادا بجەنگێین جگە لەمیسرو سودان!!
لەزانایانی دەرەوەی میسر کە ئەسپی خۆیان لە مەیدانەکەدا تاوداوە ( شێخ عبدالغفار منصور )راوێژکاری (الفقه الاسلامی)یە لەمەککەی پیرۆز, لەو لێکۆڵینەوەیدا کە لەکۆنگرەی دانیشتوان لەقاهیرە خوێندیەوە وتی (ئێمە لەمەککە نە لەپێش لەدایکبوونی پیغەمبەر د.خ نەلەدوای پەیامەکەشی ئەم نەریتی خەتەنەکردنەمان نەبووەو پیغەمبەر د.خ هیچ کچێکی خۆی خەتەنەنەکردوەو تائێستا نەریتی خەتەنەکردنی کچان لەمەککەدا نەناسراوە)[21].

هۆکاری ئاین کاریگەریی زۆر لەسەر بڵاوبوونەوەی دیاردەکە کەسانێك کە پلەوپایەیەکی ئاینی هەبێ‌و ئەگەر هەڵەش بێت ئەوا خەڵکانێکی زۆر پەیڕەویدەکەن, چونکە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا نەخوێندەوار زۆرەو ئەو جۆرە کەسانەش قسەی مەلاو پیاوانی ئاینی کاریگەریی زۆرە لەسەری، ئەگەرچی لای ئێمە تاکو ئێستا مشتومڕێکی ئەوەندە دیارو زەق نەبووە لەسەر ئەم دیاردەیە بۆ ئەوەی قسەیەکی یەکلاکەرەوە بکرێت، نەك هەرئەوەش بەڵکو ئێستاش پیاوانی ئاینی لەلای خۆمان خەڵك هاندەدەن بۆ کردنوپەیڕەوکردنی دیاردەیەکی قێزەونی وەك خەتەنەکردن, نمونەش بۆ ئەمە قسەکانی (مەلا محەمەد ئەمین)ی سەرۆکی زانایانی ئاینی کوردستان-لقی گەرمیانە کە لەبەدواداچوونێکی( ژیانەوە)دا بۆ ئەم دیاردەیە دەڵێت (کێشەکە لێرەدایە کە ئەم مامۆستا بەرێزە پێیوایە ژنان ئەگەر خەتەنە نەکەن گوناحیان ناگات, بەڵام کردنی بەشتێکی باش دەزانێت‌و پێیوایە لەفەساد دوریاندەخاتەوەو لەهەمانکاتدا دەڵێت کەسانی  پسپۆڕ ئەم کارە ئەنجامبدەن, چونکە ئەگەر بەشێکی زۆری لاببرێت تووشی ساردی سێکسی دەبێ‌و کێشەی هاوسەرییان بۆ دروستدەبێت کە ئەمەش مومکینە لەکاتی کردارەکەدا زۆر برین رووبدات, بۆیە ئەو ژنە تا مردن کێشەی بۆ دروستدەبێت بەداخەوە زانایانی ئاینی لای خۆمان کەمتر گوێبیستی گفتوگۆکانی شارەزایانی ئاین دەبن کە لەوڵاتە عەرەبییەکان دەکرێت‌و لەهەمانکاتدا گوێ بەلایەنی تەندروستی‌و لایەنی دەروونیی ژنان نادەن.
دەتوانین ئەوەش بڵێین کە مانەوەی دیاردەیەکی وا ترسناك لەکۆمەڵگای ئێمەدا بۆ هاندەری پیاوانی ئاینی لەم شێوەیە دەگەڕێتەوە, ئەگەرچی ئێمە لەسەرەوە باسی ئەو بەڵگانەمان کردووە کە لایەنگرانی خەتەنە بەسونەتی دەزانن‌و هەوڵدەدرێت ئەنجامبدرێت کە ئەویش راستی تیدا نەبوو, بەڵام بەڵگەکانی (1) * رای یەکێتی زانایانی ئیسلامی لەکوردستان ئەگەرچی ئەوانیش بەسوننەتی دەزانن بەڵام لەهەمانکاتدا لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەی کە باوە وەك نانی دەستی حەرامەو نوێژی دروست نییە بەهۆی خەتەنەوە لەهەمانکاتدا

[21] الختان والدين،قراءة دينية للختان،الاتفاقية الأمريكية لحقوق الانسان www.wfrt.net

www.pertwk.com

پێشیانوایە پەیڕەونەکردنی ئەم سونەتە گوناح نییە, بۆیە گرنگە ژنان تەندروستی خۆیانو کچەکانیان لا گرنگ بێتو هیچ کات بیر لەشتێك نەکەنەوە کە زیانی هەیە بۆیان.

لەکۆتایدا دەتوانین بگەینە ئەو راستییەی کە خەتەنەکردنی کچان (تەنها کێشەیەکی تەندروستی یان ئایینی یان کۆمەڵایەتی نییە, بەڵکو کێشەی هەمویانەو گفتوگۆکردن لەسەر یەکێکیان بەتەنیا شێوە فڕوفێڵێکە)[22] لەبەرئەوەی خەتەنەکردن بەلابردنی ئەو پارچەیەی کۆئەندامی زاوزێ پێناسەدەکرێتو لەڕووی تەندروستییەوە کاریگەریی خراپ لەسەر جەستەو دەروونی ژن بەجێدێڵێتو لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە جگە لەتێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان ژنوپیاو هەروەها لەڕووی ئاینییەوە هیچ زیانێکی ئەوتۆ ناگەیەنێت بەتاکەکانی کۆمەڵ، دەبێت ویستی ئەو کەسانە بوەستێنرێت کە سورن لەسەر پەیڕوکردنی ئەم دیاردەیە بەهەر هۆیەکبێت.

22 لیلی عەلی. گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستە لا7

*بۆ بینینی بەڵگەی ژمارە (1) بڕوانە بەڵگەنامەکان لەکۆتایی ئەم کتێبەدا

www.pertwk.com

# بەشی یەکەم

## تەوەرەی چوارەم

## کـــــەســــێتی ژن

## خـــەتـــەنــە وەك تـــوندوتیـــژیی دژ بەکـــەســـێتی ژن

www.pertwk.com

www.pertwk.com

**تەوەرەی چوارەم/**

**کەسێتی ژن:-**

بەباسکردنی قۆناغەکانی تەمەنی کچ کە لەئەنجامی کارلێکردنی گۆڕانە جەستەییەکانو فسیۆلۆجیەکان بەسەرجەستەدا دێن لەگەڵ فاکتەرە کلتوریو کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەریی گەورە لەسەر داڕشتنی کەسێتی ژن هەیە، کچە لەتەمەنی هەرزەیدا گەورەترین فشاری کۆمەڵایەتی ژیانی ئاڵۆزو ناخۆشدەکەن ئەمەش وا دەکات کەسێتییەکی لاوازی هەبێت, چونکە ریگەنادرێت متمانە بۆ خودی خۆیو دەروبەری دروستبکات، دیاردەی خەتەنە کاریگەرییو کاردانەوەی سلبی لەسەر کەسێتی ژن دروستکردووە کە دەبێتەهۆی شاردنەوەی حەزو ئارەزووەکانیو هەستەکانی.

بەپێی کەسێتی داڕێژراو لەقۆناغی منالییو لەسەرەتای فامکردنی مندالّ بەدەوروبەریو باکگراوندی پەروەردەو شێوازی ژیانو ئاستی وشیاریی خێزانەکەی ئەو گوشارانە لەچەندەها شێوەدا خۆی دەبینێتەوە, یەکێك لەوانە کچ لەقۆناغی هەرزەکاریدا وەك مندالّ سەیردەکرێتو مافی قسەکردنی نییەو قسەکانی لێوەرناگیرێتو وا پێویست دەکات کەمتر قسە بکات, چونکە لەکۆمەڵگای کوردیدا ئەگەر کچێك زۆر قسەبکاتو گفتوگۆ لەگەڵ دەوروبەربکات پێی دەوترێت زۆر بلّێیە یان بەمانایەکی تر دەوترێت (چەنەبازە، دەمەوەرە) بەمشێوەیە ناودەبرێت, یاخود پەندی کوردەواریی کە دەوترێت کچی شەرمن شارێك دێنێت ئەمەش کاریگەریی دەبیّ لەسەر کەسێتی.

کەواتە کەسێتی ژن پەیوەندیی هەیە بەو رەوشتەی ئایین فێرمانی کردووەو خێزانو کۆمەلّ نرخی ئەدەنیّ بەسەر کەسێتی کچدا چەسپیوەو وایکردووە کەسێتی شەرمن رەنگدانەوەی هەبیّ لەژیانیداو دەبێتەهۆی کۆنترۆڵکردنو دانانی سنورێك بۆ بیروبۆچوونەکانیو ناتوانیّ گەشە بەکەسێتی خۆی بدات, یاخود ئەو کچەی لەتەمەنی مندالّیداو هەرزەکاریدا خەتەنەدەکرێت وا تێدەگەیەنرێت کە پرۆسەیەکی راستەو لەبەر داب‌ونەریتو ئاینو لەبەرژەوەندیی ئەوو خێزانەکەیدایە، کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر کەسێتی دەبێت بەوەی هۆکارێکە کە کچەکە دەستدەکات بەفێربوونی شاردنەوەی هەڵچوونە راستەقینەو ئازاراوییەکانی, ئەم شاردنەوەیە

www.pertwk.com

پەرەدەسێنێت تاکو فێری درۆکردنو نواندن دەبێتو دانپێدانەکانی بەوەی کە خەتەنەکردن بەعەیب دەزانێت, کە ئەمانەش بەدرێژایی قۆناغی تەمەنی ڕەنگدانەوەی سلبی لەسەر کەسێتی ژن دەبێت.

شکاندنەوەی بەردەوامی ئەو کچانەی خەتەنەکراون لەلایەن خێزانو دەوروبەرەوە بەهۆی ئەوەی خەتەنەنەکراوە ئاوی دەستی حەرامە بۆتەهۆی دروستبوونی گرێی دەروونیی, لەخۆشیو هەستکردنو شادی لەچێژی سێکسی ئەو مافی سروشتی پێبەخشیوینو پارچەیەك پێست دەتوانرێت زیاتری بکات خوا لەناخماندا خولّقاندویەتی، کەواتە بۆچی کچەکانمان هەر لەتەمەنی منالّییەوە جوانترین ساتەکانی تەمەنیان لێدەشێوێنین لەڕێگەی خوێنڕێژییەکی زۆرەوە) [8] .

لەلایەنی دەروونییەوە دەبینین خەتەنەکردن دەستدرێژیکردنەسەرێکی ئاشکرایەو بەتوندوتیژیی دژی ژنان دادەنرێت بۆ قەوارەی ئەندامی دەروونیی کچ کە لەژێر ناوی نەریتوکلتوردا جێبەجێدەکرێت, هەرچەندە کە تەمەنی کچ منالّ بێت کە لەتەمەنی (2-10) سالّیداو زیاتردا خەتەنەدەکرێت دەتوانرێت بەراوردبکات لەنێوان ئەو بەرتیلە مادديیە بێ نرخانەی کە پێی بەخشراوە بەکڕینی بووکەشووشەو جلوبەرگی تازە ئەوەی کە خۆی لەشکۆمەندیيو تەندروستی خۆی بەخشیویەتی, ئەمەش دەبێتە ڕێخۆشکەرێك بۆ نەمانی متمانەو بڕوا بەکەسانی تر بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆشەویسترین کەسن لەلای ئەوانیش دایكوباوکنو ئەم ستەموئازارە لاشەییو دەروونییە دەبەستێتەوە بەهەست بەتاوانو دوودلّییو شەرمەزاریی دەکات  کە بەدرێژایی ژیانی پێوەی ئەنالّێنیێ, بەهۆی بەلەتوپەتکردنی لەشیانو بڕینی پارچەیەك لەگیانیان, بێگومان خەتەنەکردنی کچان بەهۆی ئەو هەموو ئازارەی تووشی دەبێت لەڕووی جەستەییو دەروونییەوە کاریگەریی سلبی هەیە لەسەر کەسێتیو لەقۆناغە جیاجیاکانی تەمەنیدا دەردەکەوێت.

خەتەنەکردن لەسەر کەسێتی ژن ئامرازێکە یان هەولێکە بۆ شکاندنو زەلیلکردنی ژن کە وای لێدەکات هەمیشە هەستبکات ئەو لەژن بەولاوە هیچی تر نییەو لەپیاو کەمترە وەکو پیاو لەئارەزوو غەریزە سروشتییەکانی بێبەشدەبێ, مافی ئەوەی نادرێتێ هەتا سوود لەجەستەی خۆشی وەرگرێت، بەوەی وەك مافی

---

[8] لیلی عەلی. گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستە لا8

www.pertwk.com

بەرامبەرەکەی ناتوانێ شادمان بێو بەقۆناغی ئۆرجازم بگات, هەموو کیانی سنووری هەیە کە پیاو بۆی داناوە, کە زاڵێتی عەقڵییەتی پیاو لەدارشتنی کەسێتی ژن لەقۆناغەکانی تەمەنیدا کاریگەریی سلبی بەجێدەهێڵێت.

لەکاتی خەتەنەکردنی کچێکدا ژنان لەناو خۆیاندا هەندێك رستەی زۆر بێمانا دەڵێن کە نیشانەی ئەوپەری نەزانینە وەك (دەبا ئاگرەکەی دامرکێتەوە) یان (با بەسوێری نەمێنێتەوە) یان ( تۆزێك هێوربێتەوە)و دوای هەموو رستەیەك لەو رستانە پێکەنینێکی هستریانە دەستپێدەکات وەك نیشانەی رازیبوونو شادی کە هەموو ئەوانەی دانیشتون لەژنەکان هەمان شتیان بەسەرهاتووە کە بەسەر کچەکەدا دێت، لێرەدا ئەمە مایەی ئاگادارییە وەك د. خمیس دەڵێت (چونکە کاردانەوەی ژنێکە کە ئینکاری لەنەهامەتییەکانی دەکاتو لەپشت زمانێکی درێژەوە خۆی شاردۆتەوە بۆئەوەی مەسەلە بنەرِەتییەکە ونبکات), تەنیا کچەکەیە لەدوایدا بەتەنیایی دەمێنێتەوەو ساردیی و تەنیایی رووی تێدەکاتو فرمێسکی پرسیار دەرێژێو دەڵێ بۆچی وام بەسەرهات؟ من چ هەڵەیەکم کرد؟ ئەو نازانێ تەنیا هەڵەی گەورەی ئەوەیە کە خوا بەکچ خولقاندویەتی[24])

پرۆسەی خەتەنەکردن مامان (مێینە)یە یەکەم کەسە ئەم کارە ئەنجامدەدات، کچەکە لەلایەن دایکییەوە دەخرێتە چنگی مامانەوە لەم کاتەدا پورو ئامۆژن یان ژنە دراوسێ هەڵدەستن بەدەمکوتکردنو پەکخستنەوەی قاچەکان تاکو توانای بەرەنگاربوونەوەو هیچ جوڵەیەك نەکات، ئەم بەشدارییەی ژنان بەمشێوەیە دەبێتەهۆیەك کە کچەکە ئارەزووی تۆڵەکردنەوەی لادروستبێت بەرامبەر ئەو کەس‌وکارەی کە ناپاکییان بەرامبەر کردووەو لێرەدا دایك کەسێتییەکی شەرانگێزانە بەرامبەر کچەکەی کە مێینەیە دەنوێنێت کە بەهۆی داب‌ونەریتی باوی کۆمەڵایەتی دەسەپێنێت بەسەریدا, کەواتە خەتەنەکردن کەسێتی ژن ملکەچی سیستمی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ پاراستنی ئەو داب‌ونەریتو کلتورەی کە زیانبەخشە لەکۆمەڵگادا.

پرۆسەی خەتەنەکردن وەك پرۆسەو لابردنی میتکە لەئەندامی زاوزێی ئەو کچە کاریگەریی خراپ لەسەر دەروونی بەجێدێڵێت، هەست بەستەم لێکردنو گۆشەگیریی‌و شەرمکردن دەکات لەو کارەی کە بەسەری

---

[24] لیلی علی.گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستەلا10–12

www.pertwk.com

هاتووەو جۆرەها كێشەی كۆمەڵایەتی دروستدەكەنو رەنگدانەوەی لەسەر كەسێتیو ژیانی بەگشتی دەبێت ئەمانەش وا دەكەن كەسێتییەكی لاوازو شەرمن رەنگبداتەوە لەژیانیدا, بۆیە ماوەتەوە بڵێین دابڕانی ژن لەبەشداریكردنی ژیانی كۆمەڵایەتی رەفتارێكی وای دروستكردووە كە مێینەیی سەرەداوی خۆپەرستیو بالادەستیو دژوارییی دروستبكات.

بەڵام ئەگەر ژنێك لەقۆناغەكانی تەمەنیدا كاری لەسەر لایەنی وشیاریی عەقڵیو كەسێتی خۆی كردبێتو ژینگە كۆمەڵایەتییەكەشی هەلی گونجاوو زەمینەی بۆ رەخسانبێت ئەوا كەسێتی ژن بەهێزتردەبێتو سەرنجڕاكێشتردەبێ، ئەتوانێت بازنە داخراوەكانی كۆمەڵگەو چەوساندنەوەو زاڵبوونی دەسەڵاتی پیاوسالاریی قبوڵ نەكات.

ماوەتەوە بڵێین, كەسێتی ساغ بەئارامیی دژایەتی ئەو داب‌ونەریتە رواڵەتیانە دەكات كە بۆ زۆركەس جێگای بایەخنو زۆر بەئاسانی یاسا پڕ زەقوبرقو بێ ماناكان پشتگوێدەخات, كەسێكە پشتبەستوو بەخۆیو تەنانەت ئامادەنییە بەبێ هەڵسەنگاندن پێودانگە كلتورییەكان قبوڵبكات, بێگومان بەو مانایە نییە لاسارانە لەبەرامبەر بەها كلتورییەكان دەوەستێتەوە, بەڵكو لەرێگەی دەنگی دەروونییەوە ئاگاداردەكرێتەوە چ كاتێك بەشێوەیەكی ژیرانەو شارەزایانە دژایەتی بكات.

### خەتەنە وەك توندوتیژیی دژ بەكەسێتی ژن:

توندوتیژیی ئەگەرچی جۆری زۆرەو هەریەك لەوانە كاریگەریی خراپی دەبێ لەسەر كەسێتی ژن لەرێگەیەوە دەتوانرێت هەموو ژیانی بكاتە دۆزەخو هەریەك لەجۆرەكانی توندوتیژیی كاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر دارشتنی بناغەی كەسێتی ژن.

یەكێك لەشێوازەكانی توندوتیژیی جەستەیی بریتییە لەخەتەنەكردنی ژنان.

---

**هەمان سەرچاوەی پێشوولا62**

**واین دایر،وەرگێڕانی لەفارسیەوە ناسرسەلاحی ، هەست بەگەورەیی خۆت بكە((دەروونزانی))چاپی سێهەم لا91**

www.pertwk.com

خەتەنەکردن بەمانای لێکردنەوەی بەشێکی گرنگی کۆئەندامی زاوزێی ژن دێت ئەویش بەمەبەستی خەساندنی بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە، کە تیایدا ژنان بەتەنها زەرەری جەستەیی‌و سێکسییان لێناکەوێ، بەڵکو باری دەرونیشییان زۆر دەشلەژێ‌و ئاسەواری خراپی لێجێدەمێنێ کە کاردەکاتە سەر هەست‌وبیرکردنەوەی کچەکە بەجۆرێك لەداهاتوودا بەتەواوی کەسێکی دورەپەرێزو نادروستی لێدەردەچێت[27] .

ئەم جۆرە توندوتیژییە بەهۆی بڕینی ئەندامی دەرەوەی زاوزێی ئەو بەشە گرنگەی کە دەبێتەهۆی وروژاندنی سێکس، ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی‌و دەروونیی دەبێتەوە لەقۆناغەکانی ژیانیدا، بەهۆی ئازاری زۆرو ترس‌ودڵەڕاوکێوە, لەبەربوونی ئازارێکی زۆر لەو ناوچەیەداو لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری لێبڕاوە، ئەمەش ساردیی سێکس دروستدەکات لەئەنجامی ئەوەی هەندێ شوێنی هەستیار وەك میتکە کە ئەندامێکی زۆر گرنگە لەکرداری سێکسدا بەتایبەتی لەقۆناغی یەکەمی کرداری سێکسدا کە پێی ئەوترێت قۆناغی وروژاندن سەرەڕای ئەوەی کە ئافرەت بەسروشتی خۆی لەسەرخۆیە لە قۆناغی وروژاندندا , بەڵام خەتەنەکردن زیاتر ژن لەم قۆناغەدا دوادەخات‌و لەوانەیە هەر نەوروژێت, ئەمەش بەجۆرێکی توندوتیژیی دابنێین کە دەبێتەهۆی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی‌و سێکسی، هەربۆیە بەئاشکرا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسلمێ کە زۆر دەگمەنە مومارەسەی جنس لەنێوان ژن‌ومێردەکاندا مومارەسەیەکی ئاسایی بێ, بۆیە ژنان دەکەونە بەرشاڵاوی لێدان بەهۆی ساردیی لەکرداری سێکسدا، ئەمە جگەلەوەی بەهۆی کەمیی یان نەبوونی ڕۆشنبیریی سێکسی لەنێوان ژن‌وپیاودا کە گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی‌و دەروونیی دروستدەکات بەبێ ئەوەی درك بەوە بکرێت کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساردی لەسێکسدا دەبێتەهۆی تێکچوونی باری هاوسەریی نێوان ژن‌ومێرد، بەو پێیە لەوانەیە ببێتەهۆی جیابوونەوە یاخود هێنانی ژنی دووەم کە ئەمەش زیانەکانی دەگەڕێتەوە بۆ هەردووکیان, هەربۆیە لێرەوە توندوتیژیی دەروونیی لەگەڵ بیرکردنەوەی کچ‌و بوونی توندوتیژیی کۆمەڵایەتیدا پەیدادەبێت, کچەکە لەکاتی خەتەنەکردندا تووشی باری دەروونیی ناهەموار دەبێت‌و لەوانەیە کارێکی زۆر

[27] **پەیمان عزالدین .گۆڤاری هزر 1999ژمارە 2 لا** 15

www.pertwk.com

بکاتە سەر باری دەروونیی کە کاری لەسەر زیانی جەستەیی دەبێت, ژنان بەهۆی سەرکوتکردنو شەرمەوە هەر لەمنداڵییەوە خەتەنەدەکرێنو کە گەورەش دەبن پێیانوایە شەرمەو عەیبەو ناتوانن بۆ دەوروبەریانی دەربڕن.

د.فریال عەبدولقادر لەتوێژینەوەیەکی زانستیو مەیدانیی باس لەوە دەکات کە سێ جۆر توندوتیژیی دژ بەژنان لەلایەن پیاوان کە لەمافو ئەرکو کارکردندا یەکسانن دەکرێو کاریگەریی خراپیان هەیە لەسەر کەسێتی ژن, ئەوانیش (خەتەنەکردنو شووکردنی پێش وەختی تەمەنی یاساییو لێدانو ئازاردانی جەستەی ژن لەلایەن خێزان یا هاوسەرەوە)و تیشکی خستۆتە سەرئەوەی کە یەکێك لەگرنگترین ئەو مەسەلانەی کە رای گشتی کاری بۆ بکات خەتەنەکردنی کچانە کە سەرچاوەکەی پەیوەستە بەدابونەریتی میسرییە کۆنەکانو بۆتەهۆی ئەوەی کچان تووشی شۆك بن!!![28].

بۆیە گرنگە ئێستا کاربکرێت بۆئەوەی ئەم جۆرە توندوتیژییە (خەتەنەکردن) لەسەر ژن لابرێت کە رۆژانە لەهەموو شوێنێکی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا دووبارەو چەندین بارەدەبێتەوەو پێویستە ژنان بێدەنگ نەبنو بەشداریی چالاکیان هەبێت بەشێوەیەکی فراوان لەم راستییەی کە خەتەنە سێ شێوازی توندوتیژیی لەخۆدەگرێت کە ئەوانیش (دەروونیی، جەستەیی، سێکسی)یەو بەرچاوڕوونی تاکەکانی کۆمەڵ بەتایبەت ژنان کە کەسێتی بەشێوەی بەرنامەیەك نەبێ لەچوارچێوەی کلتورو دابونەریتەوە وەرگیراوبێتو ژنان ببنە جێبەجێکاری ئەو بەرنامەیە.

---

[28] المراة والطفل-انواع العنف الثلاثة ضد المراة لا10

www.pertwk.com

# بەشی یەکەم

## تەوەری پێنجەم- کاریگەرییەکانی خەتەنەکردن

## زیانە کتوپڕەکان

## خوێن بەربوون- هەوکردن و سوتانەوە- پیسبوون- گرفتی میزکردن.

## زیانەکان لەداهاتوودا

## تێکچونی دەرونی و سێکس

www.pertwk.com

www.pertwk.com

## تەوەری پێنجەم/ کاریگەرییەکانی خەتەنەکردن

### یەکەم/ زیانە کتوپڕەکان:-[29]

ئازار: ئەم پرۆسەیە لەزۆربەی بارەکاندا بەبێ بەکارهێنانی سڕکەر ئەنجامدەدرێت لەبەرئەوە منداڵەکە ئازارێکی زۆرو کتوپڕ دەچێژێت لەوانەیە چەندەها ڕۆژ بەردەوامبێتو دوای ئەوە بەرەو کەمبوون بڕوات.

خوێن بەربوون کە لەترسناکترین ماکەکانی ئەم کردارەیە, ئەمەش یان خوێن بەربونێکی کەمەو بەرێگە باوەکان بێ پەنابردنە بەر چارەسەری پزیشکی چارەسەر دەکرێت, ئەمەش رێخۆشکەردەبێت بۆ ڕوودانی هەوکردن, لەم رێگانەش بەکارهێنانی خۆڵەمێش یان گیراوەی شیر یان لەهەندێك باردا چەند جۆرە گژوگیایەکی کرژکەر وەك (القرض) بەهەموو تەپوتۆزێکی سەریەوە یان خۆڵەمێش بەکاردێت, لەهەندێك باردا خوێن بەربوون زۆر دەبێت لەئەنجامی بڕینی خوێنبەرێکی گەورە لەکاتی خەتەنەکردنەکەداو ئەمەش دەبێتەهۆی گواستنەوەی کچەکە بۆ نەخۆشخانەو دەمودەست نەشتەرگەریی بۆ دەکرێت, سەرەڕای ئەو هەموو ترسناکییەی لەوانەیە پێویستی بەخوێن تێکردنیش هەبێتو هەندێجار چەند بارێکی نەخۆشی خوێن لەو کەسەدا هەیەو کە تاکاتی خەتەنەکردنەکە دەرناکەوێتو لەو بارانەدا کە هەوڵی خەتەنەکەر یان کەس‌وکارەکەی بۆ وەستانەوەی خوێن بەربوونەکە بەرێگە باوەکان سەرناگرێت لەوانەیە چەندەها جاریتر ئەم خوێن بەربوونە دوبارەببێتەوەو ئەم جۆرەش ناودەبرێت بەخوێن بەربوونی دووەمی کە چارەسەری گرانترەو ترسی زیاترە.

تاسانی دەروونیی فۆبیا لەئەنجامی زۆری ئازار یان لەئەنجامی خوێن بەربووندا.

کەمیی ڕوودانی پیتاندن کە هەندێجار دەبێتەهۆی نەزۆکیی، منداڵ نەبوون لەژناندا[30].

ڕوودانی هەوکردنو سوتانەوە لەئەنجامی پیسبووندا, چونکە ئەم کردارە بەبێ پاکردنەوەی ناوچەی مەبەست بەبێ پاکژکردنەوەی ئامێرە بەکارهاتووەکان, هەروەها بەبێ پاککردنەوەی دەستی خەتەنەکەرو ئەو شوێنەش کە کردارەکەی تیادا ڕوودەدات، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی هەوکردنی ناوچەیی کە دەبێتەهۆی دەرەنگ

[29] ختان الأناث و البتر التناسلي للاناث ( FGM www.arabmedmag.com )
[30] مهند صلاحات، ختان الاناث ....بين العلم والدين لا4الانترنيت

www.pertwk.com

سارێژبوونەوەی برینەکەو لەوانەیە هەوکردنەکە بگاتە بەشەکانی ناوەوەی کۆئەندامی زاوزێ، واتە بگاتە ناو زێو منداڵدانو بۆرییەکانی منداڵدان یان لەوانەیە بگاتە کۆئەندامی میز، وەك میزەڵدانو گورچیلەکان یان لەوانەیە ئەم هەوکردنە ژەنگاوی بێت لەئەنجامی تووشبوون بەمیکرۆبی گەزاز بەتایبەتی لەناوچەی دێنشینو میللییەکاندا, چەندەها لێکۆڵینەوەی تازە کە لەووڵاتە ئەفریقییەکاندا ئەنجامدراون ئەوە رووندەکەنەوە کە تووشبوون بەنەمانی بەرگریی وەرگیراو (ئایدز) لەوانەیە لەئەنجامی پیسبوونی برینی خەتەنە لەژناندا رووبدات.

تێکچوونی میزکردن، ئەمەش زۆرجار بەشێوەی میزگیران لەئەنجامی ترسان لەئازار دەردەکەوێت, هەروەها سوتانەوە لەکاتی میزکردندا لەئەنجامی تووشبوونی دەرچەی میز یان بۆری میز لەکاتی خەتەنەکردنەکەدا بەتایبەتی ئەگەر خەتەنەکەر شارەزایی لەتوێکاری سروشتی بەشەکانی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێدا نەبێت, لەئەنجامی ئەمەشدا میزگیران یان (سلس)ی میز یان میز بەخۆداکردن لەهەندێ باردا روودەدات.

شێواندنی دەرەکیی، کە برینەکە بەشانەیەکی ریشاڵی دەوردەدرێت کە شێواندنێك لەناوچەکەدا دروستدەکات، هەروەها جێبرینی بەئازار لەئەنجامی هەوکردندا دروستدەبێت, یان هەندێجار شێواندن لەئەنجامی لێنەکردنەوەی بەشی یەکسان لەهەردوو لای ناوچەکەدا دروستدەبێت یان لەئەنجامی بەجێهێشتنی زیادەی پێست کە گەشەدەکاتو شۆڕدەبێتەوە, ئەمەش دەبێتەهۆی دووبارەکردنەوەی کردارەکە لەکاتێکی نزیکدا, هەندێجار چەند گرێیەك لەشوێنی برینەکەدا لەناوچەی میتکەدا دروستدەبێت لەئەنجامی چوونەژوورەوەی خانەکانی پێست بۆ چەند ناوچەیەکی ژێر پێست لەکاتی سارێژبوونو یەکگرتنەوەی برینەکەداو ئەم گرێیانە ناوچەکە ناشیرین دەکەنو بەتێپەڕبوونی کات قەبارەیان گەورەدەبێتو پێویستیان بەنەشتەرگەریی دەبێت بۆ لابردنیان.

مردن، لەهەندێ باردا مردن لەئەنجامی خەتەنەکردنەوە روودەداتو ناتوانرێت ژمارەی مردووەکانی ئەم پرۆسەیە بخەملێنرێت لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەم لەم بارانە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەو زۆرجار وەك قوربانیی خەتەنەکردن تۆمارناکرێت لەترسی کێشە یاسایەکانو بۆپاراستنی خەتەنەکەر یان بەخێو کەر.

www.pertwk.com

**دووەم/ زیانەکانی لەداهاتوودا :-**[31]

ئازار لەکاتی سووڕی مانگانەدا لەوانەیە هاتنەخوارەوەی خوێن لەزێوە ببەسترێتەوە بەو ئازارانەی کە لەڕابردوودا لەکاتی خەتەنەکردندا روویداوە، هۆکاری ئەمەش لەوانەیە ئەندامی بێت لەئەنجامی هەوکردنی درێژخایەنو خوێن تێزان لەناوچەی حەوزدا.

بێگومان خەتەنەکردنی کچان بەجۆرێك لەسنور بەزاندنو شێواندنی کۆئەندانی زاوزێ دادەنرێت کە فرمانی تایبەتی خۆی هەیە ئەنجامی ئەمەش بەیەکەوەنووسانی هەردوو لچەکانە، ئەمەش دەبێت بەهۆی گرانیی پەیوەندی سێکسی یان لێنۆڕینی زێ, هەروەها نارەحەتی لەکاتی منالبووندا.

درێژخایەنیو گرانیی کرداری مندالبوون بەتایبەتی لەقۆناغی دووەمی قۆناغەکانی مندالبووندا, چونکە لەوانەیە ئەندامەکە سیفەتی لاستیکی نەمێنێت لەئەنجامی بەیەکەوەنووسانی برینی خەتەنەکە بەهۆی شانەیەکی ریشالی، ئەگەر دەرچەکە لەکاتی گونجاودا نەکشێت ئەبێت بەهۆی دڕانی ناوچەی (العجان)و لەوانەیە بگاتە ناوچەی کۆمو لەم کاتەدا ژن ناتوانێت کۆنترۆلی پیسایی بکات (دڕاندنی بەشی دواوە)و درێژخایەندنی ماوەی مندالبوون ئەبێت بەهۆی دڕاندنی شانەی چواردەوری دەرچەی میز (دڕاندنی بەشی پێشەوە) کە خوێن بەربوونێکی زۆری لەگەڵ دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسەی یارمەتی مندالبوونەکە دەدات شارەزایی تەواوی بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەم حاڵەتانە نەبێت، ئەم دڕاندنانە لەدواوەو پێشەوە پێویستی بەنەشتەرگەریی دەبێت، بۆئەوەی چاکبکرێتەوەو دایکەکە تووشی خوێن بەربوون نەبێت، هەروەها گرانیی مندالبوون دەبێتەهۆی خاوبوونەوەی ماسولکەکەی، (العجان) یان دڕاندنی کە لەئەنجامدا دابەزینی مندالدانو میزەڵدانی بەدواوەدەبێت.

گرانیی مندالبوون دەبێت بەهۆی مردنی مندالەکە لەکاتی لەدایکبووندا یان دەبێت بەهۆی بوونی مندالی کەم ئەقڵ لەئەنجامی ئەو پەستانە زۆرەی کە دەکەوێتە سەر سەری مندالەکە بەهۆی دووردرێژی ماوەی لەدایکبوونەکە یان بەهۆی دەستتێوەردانی ئامێری بۆ دەرهێنانی منالەکە.

هەموو ئەو کاریگەرییانەی کە باسکران بەشێوەیەکی ئاشکرا لەپاکیزەیی فیرعەونیدا دەردەکەوێت.

بێگومان بەجێهێنانی پرۆسەی خەتەنەکردن بەرێگەیەکی نامرۆڤانە بەسەر مێینەداو لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەی کە تووشی کۆئەندامی زاوزێ دەبێت، لەم پرۆسەیەدا کاریگەریی ترسناکی هەیە بۆ سەر ئەم

---

[31] ختان الاناث و البتر التناسلي للاناث ( www.arabmedmag.com FGM )

www.pertwk.com

کۆئەندامەو فرمانەکانیشی، لەم کاریگەرییانەش دووبارەبوونەوەی تاسانی دەروونیی لەشەوی پەردەدا، کە لەئەنجامی ترسی زۆر لەنزیکبوونەوە لەو شوێنە دەبێت بەهۆی گران دڕاندنی پەردەی کچێنییەوە لەهەندێ باری تردا دڕاندنی پەردەکە دەبێت بەهۆی خوێن بەربوونێکی زۆر لەئەنجامی هاتنەوەیەکی برینەکە بەشانەیەکی ریشاڵی کە دەبێتەهۆی گواستنەوەی بووکەکە بۆ نەخۆشخانە بۆ ئەوەی دەمودەست نەشتەرگەریی بۆ بکرێت بۆ چارەسەری دڕاندنکە.

لەماوەی یەکەمی ژیانی هاوسەریدا هەندێ لەژنان لەکاتی جوتبووندا هەست بەئازار دەکەن لەئەنجامی تەسکی دەرچەی زێدا, هەروەها بوونی جێبڕینو بەیەکەوەنووسانی ئازاربەخش لەو ناوچەیەدا هۆکارێك دەبێت بۆ رەتکردنەوەی کرداری سێکسی یان بەجێهێنانی سێکس لەشوێنی ناسروشتییەوە.

کاریگەرییە دەرونییەکانی خەتەنەکردن، دەبینین کە خەتەنەکردن دەستڕێژکردنە سەرێکی ئاشکرایە بۆ قەوارەی ئەندامیو دەروونیی کچ کە لەژێر ناوی نەریتو کلتوردا جێبەجێدەکرێت, ئەم پرۆسەیە کاریگەریی خراپی دەروونیی بەجێدەهێڵێت، لەکاتێکدا کە کچ دەکەوێتە چنگی ئەو کەسەی کە دەیباتە لای خەتەنەکەرەکە هەست بەترسو تۆقین دەکات, هەروەها هەست بەئازارێکی لەڕادەبەدەر دەکات لەکاتی خەتەنەکردنەکەدا بەهۆی بەکارنەهێنانی ماددەی سڕکەرەوەو لەپاشاندا هەست بەستەملێکردنو گۆشەگیرییو شەرمکردن دەکات لەوکارەی کە بەسەر ئەو ناوچە هەستیارەی لەشیدا هاتووەو ئارەزووی تۆڵەکردنەوەی لادروستدەبێت بەرامبەر بەو کەس‌وکارەی کە ناپاکییان لێکردووە, ئەمەش لەشێوەی میز بەخۆداکردنی شەوانو وەرنەگرتنو بەگوێنەکردنی ئامۆژگارییو رونکردنەوەی خێزانەکەی دەردەکەوێتو ئەو ژنانەی ئەم کارەیان بۆ ئەنجام نەدرێت بەکەم سەیردەکرێن لەلایەن هەندێ کۆمەڵگەوە, هەرچەندە تەمەنی کچ منالێ بێت خەتەنەکردنی دەبێتە رێخۆشکەرێك بۆ نەمانی بڕوا بەکەسانی تر بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆشەویسترین کەسن لەلای ئەوانیش دایك‌وباوکن [32].

لەلایەنی ئابورییەوە دەبینین کە پرۆسەی خەتەنەکردن قورساییەك دەخاتە سەر داهاتی خێزانو خزمەتە تەندروستییەکانی دەوڵەت لەکاتێکدا کە کچان یان ژنان پەنا دەبەنە بەر نەخۆشخانە گشتییەکانو دامەزراوە تەندروستییەکانی تر بۆ چارەسەرکردن وەك لەحاڵەتی خوێن بەربوونی راستەوخۆی دواى پرۆسەکە.

---

[32] ختان الاناث و البتر التناسلي للاناث ( www.arabmedmag.com FGM )

www.pertwk.com

ئەوەی کە گومانی لێناکرێت کە ساردیی سێکسی بەشێوە جیاوازەکانییەوە لەلاوازی وەڵامدانەوەی سێکسی یان حەزنەکردن لەکاری سێکسی بێ چەندوچوون لەئەنجامی لێکردنەوەی بەشە گرنگەکانەوەیە کە رۆڵێکی سەرەکییو کاریگەریان هەیە لەکاتی پەیوەندیی سێکسیدا، وەك دەرکەوتووە یەکێك لەهۆکارەکانی ساردبوونی سێکس بریتییە لەخەتەنەکردن (پاکیزەیی) کچان، بەلابردنی میتکە هەمووی یان بەشێکی, کە دەبێتەهۆی ترس لەکرداری سێکس یان قێزکردنەوە یان نەزانین لەئەنجامی پەروەردەکردنی هەڵە[33] , لەبەرئەوە ژنەکە تووشی گیروگرفتی زۆردەبێت وەك خوێن تێزانی ناوچەی حەوزو دەرکەوتنی دەردراوی زێ سەرەڕای شڵەژانی دەمارییو دەروونیی کە دەبێتەهۆی ساردبوونەوەی سێکسی، پەیدابوونی ئازار لای ژنەکە لەکاتی جووتبووندا و کەمبوونەوەی هەستو ئارەزووی سێکس لای ژنو نەگەیشتن بەچێژی سێکسی نێوان هاوسەرەکان.

مهراد تسفانج لەکۆنگرەیەکدا بۆ خەتەنەکردنی مێ کە لەجنێف ساڵی 1977 بەستراوە دەڵێت: لە ٪90-95 ئەو ژنانەی خەتەنەکراون تووشی ساردی سێکسی دەبن لەداهاتوودا بەتایبەتی کە لەتەمەنی منداڵیدا خەتەنەکراونو هیچ چێژێکی سێکسی نەبینیوە پێش خەتەنەکردن[34] .

هەروەك د.عەبدولهادی مصباح دەڵێت: یەکێك لەو هۆکارە ئەندامێتییەی کە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی کرداری سێکس بریتییە لەخەتەنەکردنی کچان بەلابردنی ئەندامە هەستیارەکانو ئەو دەمارانەی کە ئەبێتەهۆی دروستبوونی چێژوەرگرتن لەکاتی ئەنجامدانی کاری سێکسی لای ژنان وەکو (میتکە)[35] .

لەبەرئەمانە پێویستە رۆشنبیریی تەندروستی تەواو ئاراستەی هەموو ژنومێردەکان بکرێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتانەداو ناساندنیان بە ناوچە جێگرەوەکانی چێژ, ئەمەش لەرێگەی پەروەردەی سێکسیو پەروەردەی خێزانییەوە دەبێت، ئەوەی کە پەیوەندیی بەنەوەی داهاتووەوە هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتەدا بنبڕکردنی ئەم پرۆسە زیانبەخشەیە.

---

[33] عايدة احمد الرواجية ،البرودوالضعف الجنسي علاجه بالطب العربي والحديث لا127

[34] Zwangiles mutilations sexualize feminist, P 25

[35] د.عبدالهادى مصباح،ضعف الثقافة الجنسية ،سرشقاء الزوجين،الدار المصرية اللبنانية. لا 49

# بەشی دووەم

## لایەنی مەیدانیی

## تـــــەوەرەی یـــــەکـــــەم

### ڕێـــوشـــوێنە مـــیتۆدەکانی لایـــەنی مـــەیـــدانیی تـــوێژیـــنەوە

### میتۆدی توێژینەوە

### کۆمەڵگای توێژینەوە

### ئامرازی توێژینەوە

## بەشی دووەم/ لایەنی مەیدانیی

### تەوەرەی یەکەم / ڕێوشوێنە میتۆدەکانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوە

### -میتۆدی توێژینەوە :

### لەم توێژنەوەیەدا سوود لەچەند میتۆدێکی زانستی وەرگیراوە لەوانە :

یەکەم/ روپێوی کۆمەڵایەتی: ڕێگەیەکە لەڕێگاکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەهەوڵێکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوەی زانستیو چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییەی هەیە لەچوارچێوەی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوداو دائەنرێت بەپشکنینێکی فراوان بۆ بوارێك لەبوارەکان، لەم توێژینەوەیەدا سوود لەم میتۆدە وەرگیراوە بەمەبەستی رووپێوکردنی ئەو دیاردەیە.

دووەم/لێکۆڵینەوەی باری (دراسە حالیە) Case Study:

ئەم ڕێگایەش دادەنرێت بەڕێگایەکی گشتی لەتوێژینەوەی کۆمەڵایەتی بەئامانجی وەرگرتنی بەشێکی گەورە لەزانیاریی جۆراوجۆر بەتایبەتی لەسەر بارودۆخی کەسێك یان گروپێك یان دەزگایەك یان سیستمێکی کۆمەڵایەتی کە تیایاندا هۆکاری جۆراوجۆر بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی بەکاردەهێنرێت وەکو بەڵگەنامەو دەفتەرەکانی تۆمارو یاداشتنامەکان.

لەم توێژینەوەیەدا چەند ژنوکچێك وەرگیراونو لێکۆڵینەوەی حاڵەتیان بۆ کراوە بەمەبەستی دەستکەوتنی چەند زانیارییەکی وردتر لەمەڕ دیاردەی توندوتیژییو ئەو کاریگەرییانەی لەسەر ڕەگەزی مێ بەجێیهێشتووە وەك نموونەیەك لەسەر ئەو توندوتیژییەی کە لەکۆمەڵگادا بەکاردێت بەرامبەر بەڕگەزی مێ.

نموونەش بۆ ئەمە مامان (م. ا) وتی: کچەکان لەتەمەنی منالّیدا خەتەنەیان دەکەین لەبەرئەوەی کە بەئاسانی دەتوانین قاچو دەستی بگرینو خەتەنەی بکەینو برینەکەشی زوو چاکدەبێتەوە.

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە خەتەنەکرابوو خاتوو (ك.ع) کە کەسێکی ئاستی ڕۆشنبیریی بەرزی هەبوو سێجار شوویکردووە لەلای هیچ پیاوێکیان نەماتەوەو تەڵاقدراوە کە لەلایەن بەشی تەندروستییەوە پرسی پزیشکێکی ژنان کرا هۆکەی چییە وتی: ئەمە زۆر بەخراپیی خەتەنەکراوەو تووشی ساردیی سێکس بووەو حەز بەچوونە لای پیاو ناکات.

مامان(گ.م) وتی: کە تەمەنم سیانزدە ساڵان بوو لەسەر کانی بوو ژنێك کچەکانی لادێکەی خەتنەدەکرد، بەبێ ئەوەی دایکم ئاگای لێبێت چووم بۆلای ژنەکەو خەتەنەی کردم، چونکە شەرمم لەدایکم دەکرد بڵێم با منیش خەتەنەبکرێم؟

مامانێکی تر (م. ا) کە باوکی خەلیفەبووە بەردەوام پێیدەوت ئاوی دەستی تۆ ناخۆم، چونکە سوننەت نەکراوی.

**کۆمەڵگای توێژینەوە:**

بەپێی دابەشکردنی شوێنی جوگرافیی شاروشارۆچکەو لادێو لە پارێزگای (سلیمانیو هەولێرو کەرکوكوخانەقین )چەند خوێندنگەیەکی ناوشاری سلێمانی.

**ئامرازی توێژینەوە:**

دابەشکردنی سێجۆر فۆرمی ئیستبیانی، یەکێکیان بۆ ژنانو کچانی ناو کۆمەڵ، ئەوی تریان بۆ ئەوکەسانەی کە کاری خەتەنەکردنیان ئەنجامداوە بەکارهاتووە کە بریتین لەکۆمەڵێك پرسیار بەشێوەیەکی سادەو کورت لەپاشکۆی توێژینەوەکەدا.

# بەشی دووەم

## تەوەرەی دووەم

## خســــتنەڕووی خشــــتەکــــانو شــــیکردنــــەوەیــــان

تەوەرەی دووەم/ خستنەڕووی خشتەکانو شیکردنەوەیان

لێرەدا بەپێی توانا هەوڵدراوە هەموو ئەو زانیارییانەی وەرگیراوە بەشێوەی خشتەنووسین بیانخەینەڕوو لەهەمانکاتدا شیکردنەوەیەکی سادە بۆ ئەو نەخشانە خراوەتەڕوو.

فۆرمی(أ) ئاماری ئاستی رۆشنبیریی لەسەر خەتەنەکردن نموونەی ئەو ژنوکچانەی بەشێوەیەکی هەرەمەکیی(عشوائی) وەرگیراوە.

## خشتەی ژمارە (أ-١) تەمەنی نموونەکە دەردەخات

| تەمەن | کۆ | ڕێژە |
|---|---|---|
| ١٩٩٥-وبەرەوسەر | ١٠٠ | ٦,٧٪ |
| ١٩٨٥-١٩٩٤ | ٢٢٨ | ١٥,٣٪ |
| ١٩٧٥-١٩٨٤ | ٤٨٨ | ٣٢,٨٪ |
| ١٩٦٥-١٩٧٤ | ٣٨٦ | ٢٥,٩٪ |
| ١٩٥٥-١٩٦٤ | ١٥٥ | ١٠,٤٪ |
| ١٩٥٤وبەرەوخوار | ١٢٨ | ٨,٦٪ |
| کۆی گشتی | ١٤٨٥ | ١٠٠٪ |




سەرەتا تەمەنی ئەو کەسانە دەردەخات کە ئیستبیانەیان پڕکردۆتەوە دەردەخات، لەم توێژینەوەیەدا تەنها ڕەگەزی مێ وەرگیراوەو زانیارییەکان لەسەر (١٤٨٥) ژن کۆکراوەتەوەو دابەشکراوە بەسەر شەش یەکەی تەمەندا، کە تەمەنی (١٩٩٥و بەرەوسەر) ڕێژەی (٦,٧٪)ی نموونەکەیەو تەمەنی (١٩٨٥-١٩٩٤) ڕێژەی( ١٥,٣٪)، تەمەنی (١٩٨٤-١٩٧٥) ڕێژەی(٣٢,٨٪) زۆرترین ڕێژەی نموونەکەیەکەو تەمەنی (١٩٧٤-١٩٦٥) ڕێژەی(٢٥,٩٪)پێکدێنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆربەی ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لەنێوان (١٢ — ٤٠) ساڵیدایەو تەمەنی ئەوانەی لەنێوان (١٩٦٤-١٩٥٥) ڕێژەیان لە( ١٠,٤٪)و ئەوانەی تەمەنیان( ١٩٥٤ بەرەو خوارە)( ٨,٦٪ )پێکدێنن.

**خشتەی ژمارە ( أ-٢ ) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە دەردەخات**

| شوێنی نیشتەجێبوون | کۆ | رێژە |
|---|---|---|
| شار | ٥٥٠ | ٣٧,١٪ |
| شارۆچکە | ٥٤٦ | ٣٦,٧٪ |
| لادێ | ٣٨٩ | ٢٦,٢٪ |
| کۆی گشتی | ١٤٨٥ | ١٠٠٪ |




**ئەم خشتەیە شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەیی توێژینەوەکە دەردەخات** کە زۆرترین رێژە لەشار دانیشتون (٣٧,١٪ )و شارۆچکە بەرێژەی (٣٦,٧٪) ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ زۆریی ژمارەی دانیشتوانو گەورەیی قەبارەی شار بەدوایدا شارۆچکە، بەپێی جیاوازیی ژمارەی دانیشتوان لەشارو شارۆچکەو لادێدا.

**خشتەی ژمارە (أ -٣) ئاستی خوێندنی نموونەکە دەردەخات**

| ئاستی خوێندن | کۆ | ڕێژە |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٣٠٨ | ٢٠,٧٪ |
| خوێندن و نوسین | ٢١٧ | ١٤,٦٪ |
| سەرەتایی | ٣١٧ | ٢١,٣٪ |
| ناوەندی | ٢٩٣ | ١٩,٧٪ |
| دواناوەندی | ٢٠٧ | ١٣,٩٪ |
| کۆلیج | ١٤٣ | ٩,٦٪ |
| کۆی گشتی | ١٤٨٥ | ١٠٠٪ |




**ئەمەش ئاستی خوێندنی توێژینەوەکە دەردەخات** لەنێو خێزانەکانو فەرمانگەکاندا کە بەرزترین ڕێژەی ئاستی خوێندنی سەرەتایی کە (٢١,٣٪)و نەخوێندەوار (٢٠,٧٪) کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕێژەی نەخوێندەواریی زۆرە، بۆیە ئاستی ڕۆشنبیریی نمونەی توێژینەوەکە لەئاستی نزمدایە، لەمەشەوە دەتوانین بڵێین کە ژنان لەکۆمەڵگای کوردیدا ئاستی خوێندەوارییان نزمەو توانای ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکانیان نییەو لەهەمانکاتدا شارەزای مافەکانی خۆشیان نین.

**خشتەی ژمارە (أ -٤) کارکردنی نموونەکە دەردەخات**

| کاردەکەیت | کۆ | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٠٢ | ٤١٪ |
| نەخێر | ٩٨٣ | ٥٩٪ |
| کۆی گشتی | ١٤٨٥ | ١٠٠٪ |




لەم خشتەیەدا ڕێژەی کارکردنی نموونەکە دەردەخات کە ڕێژەی (٤١٪)ی ژنان کار ناکەنو ڕێژەی (٥٩٪)ی ژنان کاردەکەن لەشێوەی جیاجیادا، کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی ئەوانەی کاردەکەن زۆرترە، بەڵام لەچاو ئەو ئازادییەی ئێستاو بواری کارکردنی ژنان لەشوێنە جیاجیاکاندا کەمە، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دەرفەتی دامەزراندنیان بۆ نەرەخسابێت لەدامودەزگاکانی حکومەتدا یاخود وەك لەخشتەی پێشەوەدا دەرکەوتووە ڕێژەی نەخوێندەواریی نموونەکە زۆرترین ڕێژەی پێکهێناوە کە (٢٠,٧٪)یە بۆیە شوێنی کارکردنیان تەنها کاری نێوماڵەکانە.

**خشتەی ژمارە (أ-٥)**

I. **تەمەن و پرسیاری ئایا خەتەنەکراوە**.

| تەمەن | خەتەنەکراویت | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ڕێژە | نەخێر | ڕێژە | کۆ |
| ١٩٩٥-وبەرەوسەر | ٦ | ٪٢ | ٩٤ | ٪١١ | ١٠٠ |
| ١٩٨٥-١٩٩٤ | ٤٥ | ٪٨ | ١٨٣ | ٪٢٠ | ٢٢٨ |
| ١٩٧٥-١٩٨٤ | ١٧٥ | ٪٣٠ | ٣١٣ | ٪٣٥ | ٤٨٨ |
| ١٩٦٥-١٩٧٤ | ١٧٢ | ٪٢٩ | ٢١٤ | ٪٢٤ | ٣٨٦ |
| ١٩٥٥-١٩٦٤ | ٩٧ | ٪١٥ | ٥٨ | ٪٦ | ١٥٥ |
| ١٩٥٤وبەرەوخوار | ٩٥ | ٪١٦ | ٣٣ | ٪٤ | ١٢٨ |
| | ٥٩٠ | ٪١٠٠ | ٨٩٥ | ٪١٠٠ | ١٤٨٥ |




ئەم خشتەیە ئەوە ڕۆشن ئەکاتەوە کە ئەو کچانەی تەمەنیان (لەسەروو ١٩٩٥)ەوەیەو منالێن ژمارەیان (١٠٠)کچە، ڕێژەی ئەوانەی کە خەتەنەکراون (٪٢)و ئەوانەی ئەم کردارەیان بۆ نەکراوە (٪١١)ەیە، بەمەش

دەردەکەوێت کە دیاردەی خەتەنە لەم گروپەدا کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیەکە بەوەی کە دیاردەکە بوونی هەیەو لەئێستادا خەڵکێك هەیە کە پەیڕەوی ئەو داب‌ونەریتانە ئەکات، سەبارەت بەو گروپەی کە تەمەنیان لەنێوان (١٩٦٤ بۆ ١٩٥٥) ژمارەیان (١٥٥) ژنەو (٩) ژن خەتەنەکراون کە ڕێژەیان(١٥٪)و (٥٨) ژن خەتەنەنەکراوە کە ڕێژەیان(٦٪)، ئەمەش ژیانی نەوەکانی پێشەوە دەردەخات کە تاکو چەندە پابەندی داب‌ونەریتە کۆنەکان بوون‌و خشتەکە ئەوە دەردەخات کە تاکو تەمەنی ژنان گەورەتربێت ئەوا دیاردەی خەتەنە لەنێو ژناندا گەورەترو زۆرترە.

**خشتەی ژمارە (أ-٥)**

II. **خەتەنەکراویت بە پێی ئاستی خوێندن**

| ئاستی خوێندن | خەتەنەکراویت | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆ | بەڵێ | ڕێژە | نەخێر | ڕێژە |
| نەخوێندەوار | ٣٠٨ | ٢٠١ | ٢٧,٨٪ | ١٠٧ | ١٤٪ |
| خوێندن و نوسین | ٢١٧ | ١٣٨ | ١٩,١٤٪ | ٧٩ | ١٠,٣٪ |
| سەرەتایی | ٣١٧ | ١٨٥ | ٢٥,٦٥٪ | ١٣٢ | ١٧,٢٪ |
| ناوەندی | ٢٩٣ | ١٢٢ | ١٦,٩٢٪ | ١٧١ | ٢٢,٣٨٪ |
| دواناوەندی | ٢٠٧ | ٥٤ | ٧,٤٨٪ | ١٥٣ | ٢٠٪ |
| کۆلیج | ١٤٣ | ٢١ | ٢,٩٪ | ١٢٢ | ١٥,٩٪ |
| کۆی گشتی | ١٤٨٥ | ٧٢١ | ١٠٠٪ | ٧٦٤ | ١٠٠٪ |




سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئاستی خوێندەواریی‌و خەتەنەی ژنان ئەوا لەخشتەی ژمارە (أ-٥ اا )دا ڕێژەکان بەمشێوەیە دەبێت:

خشتەکە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بەپێی ئاستی خوێندەواریی ڕێژەی خەتەنەکردن لای ژنان گۆڕانی بەسەردا دێت، لەکۆی (٣٠٨) ژن ئاستی خوێندەوارییان لەئاستی نەخوێندەواریدا (٢٠١ژنیان) کە ڕێژەی( ٢٧,٨٪)خەتەنەکراوەو (١٠٧ژن) کە ڕێژەی ( ١٤٪ )لەوانەش ئەم کارەیان بۆ ئەنجام نەدراوە بەرامبەر بەمە کە بەرزترین ئاستی خوێندەواریی کە ئاستی کۆلێژە لەکۆی(١٤٣)ژن تەنها (٢١ ژن) کە ڕێژەی(٢,٩٪)خەتەنەکراون‌و (١٢٢ ژن) کە ڕێژەی(١٥,٩٪) خەتەنەکراون، سەبارەت بەو ژنانەش کە خوێندەوارییان لەئاستی دواناوەندیدایە لەکۆی(٢٠٧ژن) کە ڕێژەی لە(٧,٤٨٪) خەتەنەکراوەو ڕێژەی (٢٠٪ )خەتەنە نەکراوە، هەموو ئەمانەش ئەوە دەردەخات کە خوێندەواریی‌و ئاستی ڕۆشنبیریی چەندە کاریگەریی هەیە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ‌و کۆمەڵگا، تاکو ئاستی خوێندەواریی نزمبێت ئەوەندە قەبارەی دیاردەکە گەورەتردەبێت لەلای ژن‌و بەپێچەوانەشەوە.

بۆیە گرنگە سەرجەم ڕێکخراوە حکومیی‌و ناحکومییەکانی ژنان گرنگی زۆر بەبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی بدەن، بەمەش داب‌ونەریتە کۆنەکان کە زەرەر بەبوون‌و تەندروستییان ئەدات کەمدەبێتەوە، لێرەشەوە دەکرێت هەوڵی جددیی بدرێت بۆئەوەی لەپرۆگرامی خوێندندا بابەتەکانی تەندروستی ژن‌و کاریگەریی داب‌ونەرێتەکانی لەسەر ژیانیان بخوێنرێت.

**خشتەی ژمارە (١-٥)**

## ١- پرسیاری ئایا خەتەنەکراویت؟ بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون

| شوێنی نیشتەجێبوون | کۆ | خەتەنە کراویت | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | ڕێژە | نەخێر | ڕێژە |
| شار | ٥٥٠ | ٢٠٩ | ٪٢٨ | ٣٤١ | ٪٤٦ |
| شارۆچکە | ٥٤٦ | ٢١٤ | ٪٢٩ | ٣٣٢ | ٪٤٥ |
| لادێ | ٣٨٩ | ٣١٩ | ٪٤٣ | ٧٠ | ٪٩ |
| کۆی گشتی | ١٤٨٥ | ٧٤٢ | ٪١٠٠ | ٧٤٣ | ٪١٠٠ |




شوێنی نیشتەجێبوونو پرسیاری ئایا خەتەنەکراویت بەمشێوەیە کە لەخشتەی ژمارە (أ-٥)دا خراوەتەڕوو ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەشاردا دەژین (٥٥٠ )ژنەو (٢٠٩) ژن بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە کـە ڕێـژەی( ٪٢٨ )خەتەنەکراونو (٣٤١)ژن بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە کە ڕێژەی(٪٤٦)خەتەنە نەکراونو ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لەشارۆچەکەکاندا دەژیـن (٥٤٦) ژنـەو(٢١٤)ژن کـە ڕێـژەی لـە(٪٢٩) بەبـەڵێ وەڵامیانداوەتـەوەو ڕێـژەی لە(٪٤٥)بەنەخێر، سەبارەت بەو ژنانەی لەلادێدا دەژین ژمارەیان(٣٨٩) ژنەو(٣١٨) ژن کە ڕێژەی لـە( ٪٤٣ )ئەو ژنانەی خەتەنەکراونو (٧٠)ژن کە ڕێژەی لە(٪٩ )نەکراون.

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان بەدیارخستووە کە شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەریی زۆری لەسەر ژیـانی مـرۆڤ هەیـەو ئەم کاریگەرییەش لەکوردستاندا زیاتر بەدیـدەکرێت، چـونکە جیـاوازیی زۆر هەیـە لـەنێوان شاروشارۆچـکەو گوندەکاندا لەڕووی شێوازی ژیانو دابینکردنی خزمەتگوزارییـەکانو کرانـەوەیان بـەڕووی جیهانـدا، ئەمـەش کاریگـەریی سروشـتیو سیاسـیو ئـابووریی پێـوە دیـارە شـارەکان کـە مـۆدێلێکی پێـشکەوتووی شـوێنی پێکەوەژیانی مرۆڤە توانراوە لەشاردا ژیان باشترو چـاکتر ڕێکبخرێـتو کرانـەوەی شـارەکان بـەڕووی یـەکتردا بۆتەهۆی ئەوەی ژیانێکی پێشکەوتووتر بنیات بنرێتو گۆڕانی زۆر بەسەر دابونەریتەکاندابێت، ژنان لەشـاردا توانیویانە پێشکەوتنی چاکترو باشتر بەدەستبێننو ڕۆشنبیرترن لەژنانی شارۆچکەو لادێکان، بۆیە لەخشتەکەدا ڕێژەکە گۆڕانی بەسەردادێت، دیاردەی خەتەنە لەشاردا کەمترە بەدوایـدا لەشارۆچـکەکاندا لەچـاو لادێکانـدا،

ئەمەش بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، لەشاردا مرۆڤ پەیوەندییەکانی کەمتر ئـەبێتو بـەپێی بەرژەوەندییـەکانی بنیاتیدەنێت، بەمەش کاریگەریی کەسانی ترو داب‌ونەریتەکان لەسەری کەمدەبێتەوە.

### خشتەی ژمارە (أ-٦) پرسیاری بەرای تۆ تاچەند ئە نجامدەدرێت؟

### ١-بە پێی تەمەن

| تەمەن | تاچەندئەنجام دەدرێت ئێستا | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆر | ڕێژە | زۆرکەم | ڕێژە | مام ناوەندی | ڕێژە | هیچ | ڕێژە | کەم | ڕێژە |
| ١٩٩٥- وبەرەوسەر | ٣ | ٢,٠٩٪ | ٦ | ٢,١٣٪ | ١٠ | ٣,٥٪ | ٢٥ | ٦,٥٪ | ٣٠ | ٨,٣٪ |
| ١٩٩٤- ١٩٨٥ | ٢٥ | ١٧,٤٪ | ٥٦ | ١٩,٩٪ | ٤١ | ١٤,٣٪ | ٥٧ | ١٤,٩٪ | ٤٩ | ١٣,٥٪ |
| ١٩٨٤- ١٩٧٥ | ٤٩ | ٣٤,٢٪ | ٩٦ | ٣٤,١٪ | ١٠٤ | ٣٦,٥٪ | ١٢١ | ٣١,٧٪ | ١١٨ | ٣٢,٦٪ |
| ١٩٧٤- ١٩٦٥ | ٣٠ | ٢٠,٩٪ | ٧١ | ٢٥,٣٪ | ٨٩ | ٣١,٢٪ | ٩٨ | ٢٥,٧٪ | ٩٠ | ٢٤,٩٪ |
| ١٩٦٤- ١٩٥٥ | ٢٣ | ١٦,٠٨٪ | ٣١ | ١١,٠٣ ٪ | ١٨ | ٦,٣٪ | ٤١ | ١٠,٧٪ | ٤٢ | ١١,٦٪ |
| ١٩٥٤و بەرەوەخوار | ١٣ | ٩,٠٩٪ | ٢١ | ٧,٤٧٪ | ٢٣ | ٨,٠٧٪ | ٣٩ | ١٠,٢٪ | ٣٢ | ٨,٨٦٪ |
| کۆی گشتی | ١٤٣ | ١٠٠٪ | ٢٨١ | ١٠٠٪ | ٢٨٥ | ١٠٠٪ | ٣٨١ | ١٠٠٪ | ٣٦١ | ١٠٠٪ |




**سەبارەت بەپرسیاری ئەوەی کە ئایا ئەم دیاردەیە بەبۆچوونی ژنان لەتەمەنە جیاجیاکاندا تا چەندە ئەنجامدەدرێت. لەخشتەی ژمارە (٦)دا دەردەکەوێت:**

ئەوانەی تەمەنیان (لەسەرو ١٩٩٥)وەیە لەکۆی(١٠٠) کچ(٣)کەسیان کە ڕێژەی( ٢,٠٩٪) پێیانوایە زۆر ئەنجامدەدرێتو (٦) کەسی تر کە ڕێژەی(٢,١٣٪) پێیانوایە کە زۆر کەم ئەنجامدەدرێتو (١٠) کچ لەوان کە ڕێژەی (٣,٥٪) پێیانوایە دیاردەکە لەنێوان ژنان مامناوەندەو ڕێژەی(٢٥) کەسیان کە ڕێژەی(٦,٥٪)پێیانوایە هیچ ئەنجامنادرێتو (٣٠) کەسیان کە ڕێژەی(٨,٣٪) پێیانوایە کەم ئەنجامدەدرێت، ئەو گروپەی کە تەمەنیان لە(١٩٥٤ وەبەرەو خوار) لەکۆی( ١٢٨ )ژن (١٣ )ژن کە ڕێژەی(٩,٠٩٪) پێیانوایە ئەم دیاردەیە لەنێوان ژناندا زۆر ئەنجامدەدرێتو (٢١) ژن(٨,٠٧٪ )هەست دەکەن دیاردەکە زۆر کەمەو (٢٣) ژن ڕێژەی(٨,٠٧٪)بۆچوونیان مامناوەندەو (٣٩) ژن لەوانە ڕێژەی (١٠,٢٪)ڕایان وایە کە هیچ ئەنجامنادرێتو (٣٢) ژن(٨,٨٦٪) لەم خشتەیە بۆچوونیان وایە کە دیاردەکە کەم ئەنجامدەدرێت.

ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەم دوو گروپە تەمەن جیاوازەی سەرەوەدا ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەکانو بیروبۆچوونەکانیان زۆر نزیکە لەیەکەوەو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژنانی بەتەمەن چەندە کاریگەرییان لەسەر کچانی نەوەی نوێ هەیەو دواتر کچانی نەوەی نوێ نەیانتوانیوە پشت بەخۆیان ببەستن یان ئەو ڕۆحەیان بۆ دروستبێت، لەهەمانکاتدا نەیانتوانیوە لانی کەم شارەزاییان هەبێت لەسەر ئەو بوارانەی کە پەیوەندییان بەخۆیانەوە هەیە.

ئەو گروپەی کە تەمەنیان لەنێوان (١٩٨٥ بۆ ١٩٩٤) ژمارەی(٢٢٨) ژنەو (٢٥) ژنیان کە ڕێژەی(١٧,٤٪) پێیانوایە ئەم دیاردەیە زۆر ئەنجامدەدرێتو (٥٦) ژن (١٩,٩٪) لەوانە ئەم دیاردەیە زۆر کەم دەبینن‌و (٤١)ی تریش بەڕێژەی(١٤,٣٪) بەمامناوەند دەیبینن، (٥٧) ژن پێیانوایە دیاردەکە بەڕێژەی(١٤,٩٪) هیچ ئەم دیاردەیە ئەنجامنادرێت، (٤٩) ژن(١٣,٥٪) پێیانوایە دیاردەکە کەمە.

ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان(١٩٦٤ بۆ ١٩٥٥)دایە ژمارەیان (١٥٥) ژنەو(٢٣) ژن (١٦,٠٨٪ ) زۆر دیاردەکە دەبینن لەنێوان ژناندا (٣١) ژن(١١,٠٣٪) پێیانوایە دیاردەکە زۆر کەم ماوە لەکۆمەڵگادا، (١٨) ژنیش بەڕێژەی (٦,٣٪) مامناوەند دەیبینن(٤١) ژنیتر(١٠,٧٪) پێیانوایە دیاردەکە هیچ بوونی نییەو نەماوە (٤٢) ژنیتر لەوان(١١,٦٪) کەم ئەم دیاردەیە دەبینن.

ئەگەر سەرنج بدەین لەم دوو گروپە جیاوازەی سەرەوە ئەوا دەبینین تاکو تەمەنی ژنان گەورەتربێت ئەوا ڕێژەی خەتەنە بەرزدەبێتەوەو ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەکۆندا ئەم دیاردەیە زۆربووەو کەم ژن هەبووبێت خەتەنە نەکرابێت،

بۆیە ئەوان کاریگەرییان لەسەر دیاردەکە هەیەو پێیانوایە کە دیاردەکە لەم ڕۆژەشدا بوونی هەیەو هەر ئەو ژنانە چارەنووسی کچانی ئەمڕۆش دیاریدەکەن‌و کاریگەریی ئەوانە لەسەر ئەوەی کە دەبێت کچان خەتەنە بکرێت، بۆیە گرنگە ژنانی بەتەمەن هۆشیار بکرێتەوەو خراپیی کرداری خەتەنەیان بۆ ڕوونبکرێتەوە بۆئەوەی چیتر هانی خەتەنەکردن نەدەن ئەوەی لەنێوان ژنان‌و نەوەی نوێدا.

## خشتەی ژمارە (أ-٦) پرسیاری بەڕای تۆ تا چەند ئەنجامدەدرێت؟

## ١-بە پێی ئاستی خوێندن

| ئاستی خوێندن | ژمارە | تاچەندئەنجام دەدرێت ئێستا | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر | ڕێژە | زۆر کەم | ڕێژە | مام ناوەندی | ڕێژە | هیچ | ڕێژە | کەم | ڕێژە |
| نەخوێندەوار | ٣٠٨ | ٥٠ | ٪٢٨ | ٧٨ | ٪٢٤ | ٦١ | ٪٢٥ | ٤٩ | ٪١١ | ٧٠ | ٪٢٣ |
| خوێندن و نوسین | ٢١٧ | ٢١ | ٪١٢ | ٤٢ | ٪١٧ | ٣٩ | ٪١٦ | ٦٣ | ٪١٤ | ٥٢ | ١٧,٤ ٪ |
| سەرەتایی | ٣١٧ | ٤٥ | ٪٢٥ | ٨٢ | ٪٢٦ | ٦٧ | ٪٢٨ | ٧٢ | ٪١٦ | ٥١ | ٪١٧ |
| ناوەندی | ٢٩٣ | ٤٦ | ٪٢٦ | ٥٦ | ٪١٧ | ٤٧ | ٢٠٪ | ٨٣ | ٪١٧ | ٦٠ | ٪٢٠ |
| دواناوەندی | ٢٠٧ | ٨ | ٤,٥ ٪ | ٤٦ | ٪١٤ | ١١ | ٪٥ | ١٠١ | ٪٢٣ | ٤١ | ١٣,٦ ٪ |
| کۆلیج | ١٤٣ | ٥ | ٢,٨ ٪ | ٢١ | ٪٦ | ١٥ | ٪٦ | ٧٦ | ٪١٧ | ٢٦ | ٪٩ |
| کۆی گشتی | | ١٧٥ | ١٠٠ ٪ | ٣٢٥ | ٪١٠٠ | ٢٤٠ | ٪١٠٠ | ٤٤٤ | ٪١٠٠ | ٣٠٠ | ٪١٠٠ |




سەبارەت بەئاستی خوێندەواریی ژنانو بوونی دیاردە لەنێوان ژناندا خشتەی ژمارە (٥) ڕوونیدەکاتەوە:

ئەوەی جێی سەرنجە لەم خشتەیەدا بیخەینەڕوو ئەوەیە کە ئەو ژنانەی ئاستی خوێندەوارییان باشە دیاردەکە کەمدەبینن لەئێستادا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەو خێزانانەدا دیاردەکە زۆر کەمبۆتەوە، ئەمەش کاریگەریی ئاستی خوێندەواریی و ئاستی ڕۆشنبیریی دەردەخات لەسەر کەمبوونەوەی داب‌ونەریتە کۆنەکان بەتایبەتی ئەوانەی زەرەر بەکۆمەڵگاو مرۆڤایەتی دەگەیەنن، ئەوەتا لەکۆی (١٤٣) ژن کە ئاستی خوێندەوارییان لەکۆلێژدایە (٥)ژن کە(٢,٨٪)پێیانوایە دیاردەکە زۆرەو ئەو ژنانەی کە ئاستی خوێندەوارییان لەدواناوەندیدایە ژمارەیان (٢٠٧) دانەیە تەنها (٨)کە (٤,٥ ٪)لەوان دیاردەکە زۆر دەبینێت، لەئاستی ناوەندی ژناندا کە ژمارەیان (٢٩٣) ژنە (٤٦) ژن (٢٦٪) زۆر دەبینن، لێرەشدا دەبینین کە دیاردەکە ڕوولەزیادبوون دەکات، واتە تاکو ئاستی خوێندەواریی کەمبێتەوە پێیانوایە ئێستاش ڕێژەی خەتەنەکردن زۆرە.

ئەوانەی کە ئاستی خوێندەوارییان لەکۆلێژدایە (٧٦)ژن کە ڕێژەی (١٧٪) پێیانوایە دیاردەکە هیچ نییەو ئەو ژنانەی کە ئاستی خوێندەوارییان لەدواناوەندیدایە (١٠١) کە(٢٣٪) لەوان دیاردەکە نییە دەبینێتو لەئاستی ناوەندی ژناندا کە ژمارەیان (٨٣ )ژنە (١٧٪) ئەڵێن هیچ ناکرێ، (٧٢)سەرەتایی ڕێژەی(١٦٪)لێرەشدا دەبینین کە تاکو ئاستی خوێندەواریی بەرزتربێت پێیانوایە ئێستا ڕێژەی خەتەنەکردن هیچ نییەو ناکرێت، کەواتە ئەگەر بەراوردی ئەم دوو جۆری گروپە بکەین وەڵامدانەوەکان بکەین تا ئاستی ڕۆشنبیریی زیاتربێت پێیانوایە دیاردەی خەتەنەکردن کەمبۆتەوە یان هەر ناکرێتو بەپێچەوانەشەوە.

## خشتەی ژمارە (أ-٦) پرسیاری بەڕای تۆ تا چەند ئەنجامدەدرێت؟

## ١-بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون

| شوێنی نیشتەجی ٚبوون | تاچەندئەنجام دەدرێت ئێستا | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆ | زۆر | ڕێژە | زۆرکەم | ڕێژە | کەم | ڕێژە | مام ناوەندی | ڕێژە | هیچ | ڕێژە |
| شار | ٥٥٠ | ٨٣ | ٪ ٣٥,٩ | ١١٢ | ٪ ٣٨,٦ | ١٢٢ | ٪ ٣٦,٤ | ١٠١ | ٪ ٣٤,٧ | ١٣٢ | ٪ ٣٨,٢ |
| شارۆچکە | ٥٤٦ | ٨٧ | ٪ ٣٧,٦ | ١٠٨ | ٪ ٣٧,١ | ١٣١ | ٣٩٪ | ١٠٥ | ٣٦٪ | ١٢٤ | ٪ ٣٥,٨ |
| لادێ | ٣٨٩ | ٦١ | ٪ ٢٦,٥ | ٧١ | ٪ ٢٤,٣ | ٨٢ | ٪ ٢٤،٦ | ٨٥ | ٪ ٢٩,٣ | ٩٠ | ٢٦٪ |
| کۆ | ١٤٨٥ | ٢٣١ | ١٠٠٪ | ٢٩١ | ١٠٠٪ | ٣٣٥ | ٪ ١٠٠ | ٢٩١ | ١٠٠٪ | ٣٤٦ | ٪ ١٠٠ |
| ڕێژەی گشتی | | ١١,٥ ٪٠ | | ٢٠,٦ ٪٠ | | ٪٦ ٢٠,٤ | | ١٦,٧٠ ٪ | | ٣٠, ٪١٠ | |










سەبارەت بەشوێنی نیشتەجێبوونو پرسیار لەئێستا تاچەند خەتەنە بوونی هەیە لەنێو ژنانـدا ئـەوا لەخـشتەی ژمارە(٥)دا وەڵامی بەدیدەکەین:

ئەو ژنانەی کە لەشاردان ژمارەیان (٥٥٠) ژنەو لەوانە (٨٣)ژن دیاردەکە زۆردەبینێت کـە ڕێـژەی (٣٥,٩٪)، (١١٢) ژنیش (٣٨,٦٪)زۆر کەم دیاردەکە بەدیدەکەن، (١٢٢) ژنیتر کە ڕێژەی (٣٦,٤٪) پێیانوایە دیاردەکە کەمبۆتـــەوەو (١٠١)ژن (٣٤,٧٪) لەوانـــە بەشـــێوەیەکی مامناوەنـــد دەیبیـــنن‌و (١٣٢) کـــە ڕێـــژەی (٣٨,٢٪)هەستدەکەن کە دیاردەکە هیچ بوونی نەماوە، بەڵام ئەو ژنانەی کە لەشارۆچکەکاندا دەژین ژمارەیان (٥٤٦) ژنە (٨٧)ژن کە ڕێژەی (٣٧,٦٪) پێیانوایە دیاردەکە زۆرەو (١٠٨) ژن(٣٧,١٪) لەوانە دیاردەکە زۆر کەمـدەبینن (١٣١) ژنـیتر (٣٩٪) دیاردەکـە کەمـدەبینن‌و (١٠٥) ژن لەوانـە (٣٦٪) دیاردەکـە بەڕێـژەی مامناوەندی بەدیدەکەن، (١٢٤) ژنیتر (٣٥,٨٪) هەستدەکەن دیاردەکە هیچ بوونی نەماوە.

لێرەدا ئەوە بەدیدەکەین کە جیاوازیی نێوان ژنانی شـارو شارۆچـکەکان جیاوازییـەکی کەمـە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخات کە تێڕوانینی ژنانی شار بۆ دیاردەکە هەمان تێڕوانینی ژنانی شارۆچـکەکانە کـە ئەمـەش بۆخـۆی جێی پرسیارە سەبارەت بەژنانی لادێ کە ژمارەیان(٣٨٩) ژنە (٦١)ژن (٢٦,٥٪) پێیانوایـە دیاردەکـە زۆرەو (٧١) ژن (٢٤,٣٪) دیاردەکە زۆر کەم بەدیدەکەن (٨٢) ژن لەوان (٢٤،٦٪) کـەم دیاردەکـە دەبیـنن، (٨٥) ژنیتر (٢٩,٣٪) بەڕێژەی مامناوەند (٩٠)ژن (٢٦٪) لەوان پێیانوایە دیاردەکە هیچ بوونی نەماوە.

**خشتەی ژمارە (أ-٧) پرسیاری ئایا لەچ تەمەنێکدا خەتەنەکراوە؟ بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون**

| تەمەنی خەتەنەکردن | کۆی گشتی | ڕێژەی گشتی | شوێنی نیشتەجێبوون | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | شار | ڕێژە | شارۆچکە | ڕێژە | لادێ | ڕێژە |
| ساڵ بەرەوخوار 6 | ٥٩١ | ٦٢٪ | 214 | 79% | 207 | 69% | 170 | 80% |
| 12_7 | ١٧٢ | ٢٠٪ | 52 | 19% | 80 | 27% | 40 | 19% |
| 18_13 | ١٩ | ٢٪ | 5 | 2% | 12 | 4% | 2 | 1% |
| 18وزیاتر | ٠ | ٠٪ | 0 | 0% | 0 | 0% | 0 | 0% |
| کۆ | ٩٦٢ | ١٠٪ | 271 | ١٠٠٪ | 299 | 100% | 212 | 100% |




لەخشتەی ژمارە (أ-٧)دا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە شوێنی نیشتەجێبوونی ژنان بڕوای ئەوان بۆ ئەوەی کـە ئایـا ژنان لەچ تەمەنێکدا خەتەنە دەکرێن.

لەم خشتەیەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆرترین ژن کە خەتەنە دەکرێن لەتەمەنی شەشساڵ بەرەوخوارە ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە لەو تەمەنەدا منالەو توانای بەرگریکردنی لەخۆی نییەو بەئاسانی دەتوانێت ئەو منالە کۆنترۆڵبکرێتو مافی پێشێلبکرێت، بۆیە لەکۆی (٥٥٠) ژن کە لەشاردا نیشتەجێن (٢١٤) ژنن (٧٩٪)پێیوایە لەتەمەنی (شەش ساڵ بەرەوخوار )خەتەنەکراونو (٥٢) ژنیش (١٩٪) لەوان پێیانوایە لەتەمەنی(٧بۆ١٢ ساڵ) کارەیان بۆ ئەنجامدەدرێتو (٥) ژنیش ٢٪لایان وایە لەتەمەنی( ١٣ بۆ ١٨ ساڵ )ئەنجام دراوە ،( ٢٧٩) ژن لەوانیش هیچ زانیاریەکیان نەداوە کەئەمەش دەکرێت بۆ کۆمەڵێك هۆکار بگەڕێتەوە.

سەبارەت بەو ژنانەی کە لەشارۆچکەکاندا دەژین لەکۆی (٥٤٦)ژن (٢٠٧) ژن (٦٩٪) پێیانوایە لەتەمەنی(٦ ساڵ بەرەو خوار) بۆیان ئەنجامدراوەو (٨٠) ژنیتر (٢٧٪) پێیانوایە لەتەمەنی (٧بۆ١٢ ساڵ) ئەنجامدراوەو (١٢) ژن (٤٪) لەوان پێیانوایە کە لەتەمەنی(١٣ بۆ ١٨ ساڵ) ئەنجامدەدرێت، لەنێوان ژنانی شارۆچکەکانیشدا لەکۆی(٥٤٦) ژن(٢٤٧) ژن هیچ وەڵامێکیان دیارینەکردووە.

لای ژنانی لادێ کە ژمارەیان (٣٨٩) ژن بووە (١٧٠) ژن (٨٠٪) لەوان پێیانوایە لەتەمەنی (٦ ساڵ بەرەوخوار) خەتەنەکردن بۆ کچان ئەنجامدەدرێتو (٤٠)ژنیتر (١٩٪) پێیانوایە لەتەمەنی (٧بۆ١٢ ساڵ) ئەنجامدەدرێتو (٢) ژن (١٪) لەوان پێیانوایە کە لەتەمەنی (١٣ بۆ ١٨ ساڵ) ئەنجامدەدرێت، لەم خشتەیەشدا لەکۆی (٣٨٩) ژن (٢١٣) ژن بێ وەڵامن کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزترە لەچاو شاروشارۆچکەکاندا، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە لێرەدا ئەوەیە کە زۆرترین وەڵام لای ژنانی شارۆچکەکان بووە ئەو ژنانە هەستکردن بەبەرپرسیارێتی لایان زیاترە لەژنانی شارولادێ بەرامبەر بەکاری لێکۆڵینەوە زانستییەکان، لەهەمانکاتدا ژنان بەگشتی ئەو هەستەیان لاوازە کە هاوکاریی کارێکی زانستی بکەن بۆئەوەی کێشەکانیان بخاتەڕوو باسو لێکۆڵینەوەو بڕوایان بەوە لاوازە کە مافەکانیان بۆ وەربگرێتەوە. لێرەشدا دەکرێت ئەوە بوترێت کە کاری زانستی لەم وڵاتەدا هێندە کەمەو لەهەمانکاتدا ئەوەش دەردەکەوێت کە چینوتوێژەکانی کۆمەڵگای کورد یاریدەدەری باش نین بۆئەوەی کێشەکانمان بەشێوەی زانستی بخرێتەڕوو چارەسەر بکرێت.

**خشتەی ژمارە (أ-٨)**

**پرسیاری ئەگەر کچت هەیە خەتەنەی دەکەیت؟ بە پێی ئاستی خوێندن**

| ئاستی خوێندن | کچەکەی خەتەنە دەکات؟ | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ڕێژە | نەخێر | ڕێژە | |
| نەخوێندەوار | ٩٠ | ٪٣٣ | ٢١٨ | ٪١٩ | ٣٠٨ |
| خوێندن و نوسین | ٨٨ | ٪٣٢ | ١٢٩ | ٪١١ | ٢١٧ |
| سەرەتایی | ٥١ | ٪١٩ | ٢٦٦ | ٪٢٢ | ٣١٧ |
| ناوەندی | ٢١ | ٪٨ | ٢٧٢ | ٪٢٣ | ٢٩٣ |
| دواناوەندی | ١٢ | ٪٤ | ١٥٥ | ٪١٣ | ١٦٧ |
| کۆلیج | ١٠ | ٪٧ | ١٣٢ | ٪١٢ | ١٤٣ |
| کۆی گشتی | | | | | ١٤٤٥ |




**ئاستی خوێندنی ژنان و پرسیاری ئایا کچەکەی خەتەنە دەکات**

ئەو ژنانەی نەخوێندەوارن ڕێژەیان (٣٠٨) ژنەو لەوانە (٩٠) ژن،(٪٣٣) ئێستاش ئامادەییان تێدایە کە کچەکانیان خەتەنە بکەنو (٢١٨) ژن (٪١٨) ئامادەییان تێدانییە کە ئەم کارە بەرامبەر کچەکانیان

ئەنجامبدەن، ئەو ژنانەی کە ئاستی خوێندنو نووسینیان هەیە ژمارەیان (٢١٧) ژنو (٨٨) ژن (٣٢٪) ئامادەییان تێدایە کە کچەکانیان خەتەنەبکەنو (١٢٩) ژن (١١٪) ئامادەییان تێدانییە ئەم کارە بەمشێوەیە ئەنجامبدەن بۆ کچەکانیان، بەڵام ئەو ژنانەی کە ئاستی خوێندەوارییان سەرەتاییە (٣١٧) ژنەو (٥١) ژنیان (١٩٪) ئامادەن کچەکانیان خەتەنەبکەنو (٢٦٦) ژنیان (٢٢٪) لەوان ئەم کارە ناکەن، سەبارەت بەوانەی کە ئاستی خوێندەوارییان ناوەندییە ژمارەیان (٢٩٣) ژنەو (٢١ )ژن (٨٪) لەوان کچەکانیان خەتەنەدەکەن (٢٧٢)ژن (٢٣٪) ئەم کارە ناکەن، ئەو ژنانەی کە ئاستی خوێندەوارییان دواناوەندییە (٢٠٧)ژنن (١٢) ژن (٤٪) کچەکانیان خەتەنەدەکەنو (١٥٥) ژن (١٣٪) ئەم کارە ناکەنو (٤٠) ژن لەوان هیچ وەڵامێکیان نەبووە بۆ پرسیارەکەو پێدەچێت ئەمەش لەوەوە هاتبێت کە کرداری خەتەنەکردنی ژنان نهێنییەو دەبێت ئەمانیش بەنهێنی ئەم کارە بکەن لەداهاتوودا بۆ کچەکانیان سەبارەت بەو ژنانە کە خوێندەواریی یان لەئاستی کۆلێژدایە ژمارەیان ١٤٣ ژنەو (١٠) ژن (٧٪) ئامادەیە کە هەمان کردار بۆ کچەکانیان ئەنجامبدەن (١٣٢)ژنیش (١٢٪) ئامادە نین ئەم کارە بکەن، بەگشتی ئاستی خوێندەواریی کاریگەریی هەیە لەسەر کەمکردنەوەو بچوککردنەوەی دیاردەی خەتەنە لەنێو کچاندا، بەڵام کێشەکە لێرەدایە کەم نین ئەو ژمارانە لەهەموو ئاستەکانی خوێندندا بەدیدەکرا لەنێو خشتەکەدا کە بڕیار دەدەن لەداهاتوودا خەتەنەکە بۆ کچەکانیان ئەنجامبدەن، بۆیە لێرەدا دەکرێت قەبارەی دیاردەکە لەداهاتوودا ببینین، بۆیە پێویستە بەجددیی هەوڵبدرێت بۆ ڕێگرتن لەو ژنانەی کە کاری خەتەنە بۆ کچەکانیان ئەنجامدەدەن، ئەمەش لەلایەنی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی ڕێکخراوەکانی ژنانو حکومەت.

**خشتەی ژمارە (أ-٩) سەبارەت بەو پرسیارەی کەئایا کێ خەتەنەی کردووە؟**

| خەتەنەکراویت | کێ خەتەنەی کردویت ؟ | | | |
|---|---|---|---|---|
| | پزیشك | مامان | هی تر | ژمارە |
| بەڵێ | ١٥ | ٤٥٤ | ٢٢٥ | ٦٩٤ |
| ڕێژە | ١,٩٪ | ٪٦٥,٩٠ | ٣٢,٣٪ | ١٠٠٪ |




کۆی ئەو ژنانەی کە وەڵامیان داوەتەوە ژمارەیان (٦٩٤)ژنە لە کۆی (١٤٨٥) ژنە کە ئستیبیانەکانیان بەسەردا دابەشکراوەو (١٥)ژن (٪١,٩) پزیشك ئەم کارەی بۆ ئەنجامداوەو (٤٥٤) ژنیش (٪٦٥,٩٠) مامان

کرداری خەتەنەکەی بۆ ئەنجامداوە، (٢٢٥) ژنیش (٣٢,٣٪) کەسانیتر ئـەم کارەیـان ئەنجامـداوە، (٧٩١) ژن هیچ وەڵامێکیان بۆ ئەم پرسیارە نەبووەو دەکرێت ئەمەش بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی لەمناڵیـدا ئـەم کـارەی بـۆ ئەنجامدراوەو هیچ زانیارییەکی لەسەرنییە، بەڵام ئەوەی کەجێی سەرنجە لەم خـشتەیەدا ئەوەیـە کـە پزیـشكو مامان ئەوانەن کە مۆڵەتی رسمی پیشەکەیان هەیەو دیارە بەڕەسمی ئـەم کـارە ئەنجامـدەدەنو رێکخراوەکـانی ژنانو ژنانی رۆشنبیر نەیانتوانیوە ئەم کارە بەڕەسمی قەدەغەبکەن یان لانی کەم کاریگـەرییان هـەبێت لەسـەر پزیشكو مامانەکان کە ئەم کارە نەکەن بۆ هیچ کەسێك، لەهەمانکاتدا خشتەکە ئەوە دەردەخات کە (٣٢٪)ی ئەو ژنانەی کە خەتەنەیان بۆکراوە کەسانی تر کردارەکەیان ئەنجامداوە، ئەمانیش شارەزاییان نییە لەم بوارەداو ئەمەش زیانە تەندروستییەکان بۆ ژنان زیاتردەکـات، چـونکە زۆر بڕینـی قیتکـە دەبێتـەهۆی ئـەوەی زیـانی دەروونییو تەندروستی زۆرتربێت لەلای ئەو ژنانە کە بەتـەواویی تووشـی سـاردیی سێکـسی دەبـنو ئەمـەش دەکرێت کێشەی خێزانیی لێبکەوێتەوەو دەبێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

**خشتەی ژمارە (أ -١٠) ئایا شووی کردووە وخەتەنەکراوە؟**

| شووی کردووە | ژمارەی شوویکردووە | خەتەنەکراوە | |
|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر |
| ژمارە | ٧٣٦ | ٤٧٦ | ٢٦٠ |
| رێژە | ١٠٠٪ | ٦٥٪ | ٣٥٪ |

لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە لە (١٤٨٥) فۆرم ژمارەی ئەوانەی شوویانکردووە (٧٣٦) ژنن کە (٤٧٦) کە رێژەی (٦٥٪)ی خەتەنەکراوە کە ئەمەش رێژەی زۆرینەی زۆری ژنەکان کرداری خەتەنەیان بۆ ئەنجامدراوەو ئەوانەی خەتەنەنەکراون ژمارەیان (٢٦٠)ن کە رێژەی (٣٥٪) لێرەدا ئەو پرسیارەیان ئاراستەکراوە ئایا خەتەنەکردنەکە هیچ کاریگەریی هەبووە بۆجنس تایبەت بەو ژنانەی شوویانکردووەو خەتەنەکراون.

| شووی کردووەوخەتەنەکراوە | ژمارە | خەتەنەکردنەکە هیچ کاریگەری هەبووە بۆجنس | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | رێژە | نەخێر | رێژە |
| بەڵێ | ٤٧٦ | ٢٧٣ | ٥٧,٣٪ | ٢٠٣ | ٤٢,٧٪ |




**خشتەی ژمارە (١٠) سەبارەت بەپرسیاری ١١ شوویكردوەو ئایا خەتەنەكردنەكە هیچ كاریگەرییەكی هەبووە بۆجنس.**

لەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە كە ژمارەی ئەو ژنانەی كە شویانكردووە (٧٣٦) ژنن كە (٤٧٦)ژنیان خەتەنەكراون‌و تەنها (٢٧٣) ژن كە ڕێژەیان (٥٧,٣٪)یە پێیانوایە كاریگەریی هەیە لەسەر كرداری جووتبوون‌و ڕێگرە لەبەردەم گەیشتن بەلوتكەی خۆشی (ئۆرجازم) یـان دواكـەوتنی، بـەڵام ڕێـژەی (٢٠٠) ژن لـەوان هـیچ كاریگەریی نابینن، ئەمەش مایەی سەرسوڕمانە، لەكاتێكدا میتكە بەشـێكی گرنگـی وروژانـدنی سێكـسەو پێدەچێت ئەم ژنانە ڕۆشنبیریی سێكسییان لاوازبێـت بەڕادەیـەك كـە هەسـت نەكـەن كـە كـرداری خەتەنـە كاریگەریی خراپیی نییە بۆ جووتبون.

**خشتەی ژمارە (أ- ١١) پرسیاری ئەوەی شوویکردووەو ئایا خەتەنە کاریگـەریی هەیـە لەسـەر بـاری دەروونیی.**

| شووی کردوە | کاریگەریی هەیە لەڕووی دەروونیی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ٧٣٦ | بەڵێ | ٢٥٣ | ٣٤,٤٪ |
| | نەخێر | ٤٨٣ | ٦٥,٦٪ |
| ڕێژە | ١٠٠٪ | | |




ئەو ژنانەی کە شوویانکردووە (٧٣٦) ژنەو (٢٥٣) ژن کە ڕێژەی (٣٤,٤٪) لایانوایە کاریگەریی هەیە لەسەر باری دەروونییو (٤٨٣) ژن کە ڕێژەی (٦٥,٦٪) پێیانوایە کە بڕینی میتکە هـیچ کاریگەرییـەکی دەروونیـی نییە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژنـان زانیارییـان زۆر کەمـە لەوبارەیـەوەو وەك ئاشـکرایە زانسـت ئـەوەی سەلماندووە کە بڕینی میتکە زۆر ڕۆڵی هەیە لەکرداری سێکسو هەر ئەم بڕینەش دەبێتەهۆی ئەوەی  کە حەزی سـێکس لای ژن کەمبێتـەوە، سـاردیی سێکـسی لێدەکەوێتـەوە، دواتـر ژن بـەهۆی ئـەم کـردارەوە تووشـی خەمۆکییو دڵەڕاوکێو ترس دەبێتو تووشی تاسانی دەروونیی دەبێ، ئەمانەش هەمووی کاریگـەریی خراپـی هەیە بۆ سەر کەسێتی ژنو ژیانی خێزان.

## فۆرمی( ب ) ئاماری ئاستی رۆشنبیریی لەسەر خەتەنەکردنو نموونەی مامانەکانن کە ژمارەیان ( ١٠٠ ) فۆرمە

خشتەی ژمارە (ب-١) ئاستی خوێندنی مامان

| ئاستی خوێندن | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 78 | %٧٨ |
| خوێندن و نوسین | 9 | %٩ |
| سەرەتایی | 7 | %٧ |
| ناوەندی | 6 | %٦ |
| کۆی گشتی | 100 | 100% |




**خشتەی ژمارە( ب--١) ئاستی خوێندنی مامانەکان دەردەخات:**

ئەو مامانانەی نەخوێندەوارن زۆرترین رێژەکە (٧٨٪) پێکدێنن، کە ئاستی خوێندنیان خوێندنو نووسینەو رێژەیان (٩٪) بەشێکی تریان ئاستی سەرەتاییان هەیە کە بەرێژەی (٧٪) پێکدێننو ئەوانەی ئاستی خوێندنیان ناوەندییە رێژەی (٦٪) پێکدێنن، بەمەش دەردەکەوێت زۆرترین رێژەی مامانەکان نەخوێندەوارنو لەهەمانکاتدا ئەم مامانانە ژیانی زۆرێك لەئافرەتانی کوردیان بەدەستەو ئێستەش کەم نین ئەوانەی لەگوندو شارو شارۆچکەداو تەنانەت لەشارەکاندا پشت بەمامانەکان دەبەستن لەکاتی دووگیانییو دواتر هەر ئەمانە کاری خەتەنە ئەنجامدەدەن، بۆیە مایەی سەرسوڕمانە کە رێژەیەکی زۆر لەمانە مۆڵەتی وەزارەتی تەندروستی وەردەگرن بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئاستی خوێندنی بکەن، ئەمەش بەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە لەکۆی (١٠٠)مامان ژمارەی زۆری (٨٨) مامان مۆڵەتی مامانی وەرگرتووەو تەنها (١٢) مامان مۆڵەتی مامانی وەرنەگرتووە.

**خشتەی ژمارە ( ب -٢ ) ئەو مامانانەی مۆڵەتی ڕەسمییان وەرگرتووە**

| مۆڵەتی مامانی وەرگرتووە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 88 | ٨٨٪ |
| نەخێر | ٢١ | ١٢٪ |
| کۆیگشتی | 100 | ١٠٠٪ |




لەم خشتەیەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە لەژمارەی (١٠٠) مامان (٨٨) مامانیان کە ڕێژەی (٨٨٪) دەکات مۆڵەتی ڕەسمی وەرگرتووە، تەنها (١٢) مامان کە ڕێژەی (١٢٪) دەکات بەشێوەی نارەسمی کە پێیاندەوترێت مامانی لاکۆڵان تائێستا کاری مامانی دەکەن.

کە ئەمەش بۆخۆی پرسیارێکە بۆ دامودەزگا تەندروستییەکان کە ئێستاش مامان هەیە بێ مۆڵەت کاردەکات کە ئەمەش مەترسییە بۆسەر ژیانی ژنان.

**خشتەی ژمارە (ب-٣)سەبارەت بە پرسیاری ئایا کاری خەتەنەی ئە نجامداوە دەریدەخات:**

| ڕێژە | کۆ | کاری خەتەنەکردنت ئەنجامداوە |
|---|---|---|
| 60% | 60 | بەڵێ |
| 40% | 40 | نەخێر |
| 100% | 100 | کۆیگشتی |




**سەبارەت بەپرسیاری ئایا کاری خەتەنەی ئەنجامداوە دەریدەخات:**

ئەوانەی خەتەنەیانکردووە (٦٠٪) ڕێژەکە پێکدەهێنن و (٤٠٪) ئەم کارەی ئەنجام نەداوە لێرەوە دەردەکەوێت زۆرترین ڕێژە کاری خەتەنەی ئەنجامداوە، ئەمەش دەریدەخات کە مامانەکان لەڕابردوودا کاری خەتەنەیان ئەنجامداوە.

**خشتەی ژمارە (ب -٤) سەبارەت بە پرسیاری ئایا کاری خەتەنەی ئەنجامداوە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون:**

| شوێنی نیشتەجێبوون | کۆ | خەتەنەی کردووە | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخێر | ڕێژە | بەڵێ | ڕێژە |
| شار | 43 | 19 | ٤٨٪ | ٢٤ | ٤٠٪ |
| شارۆچکە | 41 | 16 | ٤٠٪ | ٢٥ | ٤٢٪ |
| لادێ | 16 | 5 | ١٣٪ | ١١ | ١٨٪ |
| کۆی گشتی | 100 | 40 | ١٠٠٪ | ٦٠ | ١٠٠٪ |




ئەم خشتەیە ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی خەتەنەکردن کە مامانەکان ئەنجامیانداوە دەرکەوتووە لەشار (٤٨٪)مامان خەتەنەی کردووەو (٤٠٪) وتویانە نەخێر نەمان کردوویانە، لەشارۆچکە (٤٠٪) خەتەنەی ئەنجام نەداوەو (٤٢٪) بەنەخێر وەڵامی داوەتەوە، لەلادێ (٢١٪) خەتەنەی کردووەو (١٨٪) وتویانە کردوومانە، ئەوەی گرنگە کە بوترێت لێرەدا ئەوەیە کە مامانەکانی نیشتەجێی شارن زۆرترن ڕێژەیە لەچاو شارۆچکەو لادێکاندا کە کاری خەتەنەیان ئەنجام نەداوەو لەهەمانکاتدا ئەو ڕێژەیەش زۆرە کە کاری خەتەنەکردنیان ئەنجامداوە لەشاردا، کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەگەڵ ئەوەی ئاستی خوێندنی مامانەکان نزمە، بەڵام کرانەوەی شارەکان بەڕووی یەکتردا ئەتوانرێت ژیانی باشتر ڕێکبخرێتو ژیانێکی پێشکەوتووتر بنیاتبنێت، ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ خشتەی ژمارە(٤) لەفۆرمی (أ)دا لەگەڵ پرسیاری ئایا خەتەنەکراویت بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە.

**خشتەی (ب -٥ )ئەو شوێنەی کە کاری خەتەنەکردنیان ئە نجامداوە**

| شوێنی نیشتەجێبوونی ئیستا | کۆ | خەتەنەی کردووە | شوێنی ئەنجامدانی کرداری خەتەنەکردن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | شار | ڕێژە | شارۆچکە | ڕێژە | لادێ | ڕێژە |
| شار | 43 | ٢٤ | ٥ | ٧١٪ | 10 | ٤٣٪ | 9 | ٣٠٪ |
| شارۆچکە | 41 | ٢٥ | 2 | ٢٩٪ | 10 | ٤٣٪ | 13 | ٤٣٪ |
| لادێ | 16 | ١١ | ٠ | ٠٪ | ٣ | ١٤٪ | ٨ | ٢٧٪ |
| کۆیگشتی | 100 | ٦٠ | ٧ | ١٠٠٪ | ٣2 | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ |




لێرەدا ئەوەی لەخشتەی (ب -5)دا دەرکەوتووە لەم خشتەیەدا ئەوەیە کە ئەو مامانانەی شوێنی نیشتەجێبونیان شارە لە (٤٣) مامان ئەوانەی خەتەنەیان کردووە بریتین لە(٢٤)مامان لەشوێنە جیاجیاکان کاری خەتەنەیان کردووە کە تەنها لە(٥) ڕێژەی (71٪) لەم مامانانە لەناوشاردا ئەم کارەی ئەنجامداوە لەگەڵ ئەوەی کە (١٠)یان (43٪) لەشارۆچکەو لە(٩)ی (30٪)لەلادێکاندا خەتەنەی ئەنجامداوەو بەهەمانشێوە ئەوانەی دانیشتووی شارۆچکەن بریتین لە(٤١) مامان کە ئەوانەی خەتەنەیانکردووە (٢٥) مامانن‌و تەنها (٢) مامان (٢٩٪) لەناوشار کاری خەتەنەیان کردووە، بەڵام لەشارۆچکەدا (١٠) (43٪)ی مامانەکان لەلادێکاندا (١٣)کە ڕێژەی (43٪)خەتەنەی کچانیان کردووە واتە ئەوانەی دانیشتوی شارۆچکەن یان لەناو شارۆچکەکاندا کاری خەتەنەیان کردووە یان لەلادێکاندا ڕێژەیەکی کەمیان هاتوونەتە شار، بەڵام ئەوانەی دانیشتوی لادێن کە (١٦) مامانن کە (١١) مامان خەتەنەیان کردووەو (27٪)ی ئەم مامانانە لەلادێکاندا کاری خەتەنەیان کردووەو ڕێژەی (١٤٪) لەشارۆچکەدا ئەم کارەیانکردووەو ڕێژەی (سفر٪) واتە هیچ کام لەم مامانانە لەلادێوە نەهاتوونەتە شار بۆکاری خەتەنە، بەڵکو ئەمانیش وەك دانیشتوی شارۆچکەکان لەلادێکان‌و شارۆچکەدا خەتەنەیان کردووە.

### خشتەی (ب -٦)تەمەنی خەتەنەکردن چەندبووە؟

| تەمەنی خەتەنەکردن | خەتەنەکردنت ئەنجامداوە | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ڕێژە | نەخێر | ڕێژە |
| ٥ساڵ و کەمتر | 40 | 67% | 20 | 50% |
| ١٠_٥ | 14 | 23% | 17 | 43% |
| ١٥_١٠ | 2 | 7% | 1 | 3% |
| ١٥و زیاتر | 0 | 3% | 0 | 0% |
| نازانم | | 0% | 2 | 4% |
| کۆ | ٥٦ | 100% | ٤٠ | 100% |




خشتەی ژمارە ( ب-٦) ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەو کچانەی خەتەنەکراون لەلایەن مامانەکانەوە تەمەنیان چەندبووە:

لەخشتەکەدا دەردەکەوێت کاتی خەتەنەکردنی کچان لەتەمەنی زۆر منداڵدا بەئەو مامانانەی کە خەتەنەیانکردووەو تەمەنی خەتەنەکەیان دیاریکردووە بەمشێوەیەیە:- (٤٠) ڕێژەی (٧٦٪) کچان تەمەنیان

لەخوار (٥) ساڵییەوەیەو ئەو کچانەی تەمەنیان لە(٥-١٠) ساڵ بووە ژمارەیان (١٤) ڕێژەی (23٪) پێکدێنن کە لەم تەمەنەدا مامانەکان خەتەنەیان کردووەو ئەو کچانەی تەمەنیان (١٠-١٥) ساڵ بووە (٤) ڕێژەی (٧٪) پێکدێنن، ئەوانەی تەمەنیان لە(١٥زیاتر) ڕێژەی (٣٪)و لەم تەمەنەدا خەتەنەیان بۆکراوە، ڕێژەی ئەو مامانانەی کە خەتەنەیان نەکردووەو بەبڕوای ئەوان بەمشێوەیە کراوە تەمەنەکەیان دیاریکردووە (20) مامان ڕێژەی (٥٠٪) کچان کە خەتەنەیان بۆکراوەو تەمەنیان لەخوار (٥) ساڵییەوەیەو ئەو کچانەی تەمەنیان لە(٥-١٠) ساڵ بووە ژمارەیان (17)ڕێژەی (٤٣٪) پێکدێننو ئەو کچانەی تەمەنیان (١٠-١٥) ساڵ بووە (١) ڕێژەی (٢,٥٪) پێکدێننو ئەو کچانەی تەمەنیان لە(١٥زیاتر) کەسیان دیارینەکردووە کە ڕێژەی (سفر٪)و نازانم(٤٪) کە ئەم ڕێژەیە لەمامانەکان نەیانوویستووە ئەو تەمەنە بڵێن کە کچەکانیان تێدا خەتەنەکراوە ئەوەی گرنگە باسی بکەین لێرەدا ئەوەیە کە زۆرترین ئەو کچانەی خەتەنەدەکرێن تەمەنیان زۆر منداڵە کە بەویستی خۆی نییەو باشتر کۆنترۆڵدەکرێن بۆ ئەوەی ئەم کارەی بۆ ئەنجامبدرێت.

**خشتەی ژمارە ( ب - ٧ )**

**سەبارەت بەوەڵامی ئەوانەی مامانەکان بۆ پرسیاری ئایا ئێستا تاچەند ئە نجامدەدرێت:**

| تاچەند ئەنجامدەدرێت ئێستا | شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شار | ڕێژە | شارۆچکە | ڕێژە | لادێ | ڕێژە |
| زۆر | 0 | 0% | 1 | 2,7% | 0 | ٠ |
| مامناوەند | 3 | 5,8% | 15 | 40,5% | 1 | ٨,٣٪ |
| کەم | 37 | 72,5% | 11 | 29,7% | 9 | ٧٥٪ |
| هیچ | 6 | 11,7% | 10 | 27,2% | 2 | ١٦,٦٪ |
| نازانم | 2 | 3,9% | 0 | 0 | 0 | ٠ |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | 3 | 5,8% | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | 51 | 100% | 37 | 100% | 12 | 100% |




خشتەی ژمارە (ب - ٧)

سەبارەت بەوەڵامی ئەوانەی مامانەکان بۆ پرسیاری ئایا ئێستا تاچەند ئەنجامدەدرێت:

(٥١) مامان دانیشتوی شارن، لەم ژمارەیەش (٪٥,٨) کەس وەڵامیان نەداوەتەوە، کەسیان نەیانوتووە زۆرە، (٧٢,٥٪) مامان دەڵێن ئێستا کەمە، (٥,٨٪) مامان وتویانە مامناوەندیە، (٣,٩ ٪) مامان دەڵێن نازانین، تەنها (١١,٧٪) مامان وەڵامیان ئەوەیە هیچ نییە ئێستا ماوەتەوە، لێرەدا ئەوەی دەرکەوتووە (٧٢,٥٪)مامان لە (٥١) مامانو دانیشتوی شارن ئەڵێن ڕێژەی خەتەنەکردن کەمە، کەواتە بوونی خەتەنەکردن تائێستا هەرهەیە لەناو خێزانو کۆمەڵگەدا لەگەڵ ئەوەشدا کەسیان لەوەڵامدانەوەکەیاندا نەیانوتووە ئێستا زۆرە، هەرچەندە لەنەوەی نوێدا بوونی هەر ماوە کە بەزۆریی ڕێژەی وەڵام نەدانەوەیان بەکەم یان مامناوەند جێگەی سەرنجەو زەنگی خەتەرناکەو پێویستە هەوڵبدرێت بۆ بنەبڕکردنو کاری زیاتربکرێت بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە، ئەوەتا لەشارۆچکەدا ڕێژەی زۆر (٢,٧٪)و کەم (٢٩,٧٪)و مامناوەند ڕێژەی (٤٠,٥٪)و هیچ ڕێژەی (٢٧,٣٪) کە ڕێژەی هیچ لەچاو شارولادێدا لەشارۆچکە زیاترە لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێژەیەکی مامناوەند لەشارۆچکەدا دەکرێت ئەگەر بەراوردی بکەین بەشارولادێ کە بەڕێژەیەکی کەم بوونی هەیە.

**خشتەی (ب-٨ )ئایا دایکان بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی کچەکانیان خەتەنە بکەن؟**

| تاچەند بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن بۆخەتەنەکردن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| زۆر | ٣ | ٪٣ |
| مامناوەند | ٧ | ٪٧ |
| کەم | ٦١ | ٪٦١ |
| نازانم | ١٩ | ٪١٩ |
| نیە | ١٠ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠٪ |




پرسیاری ئایا دایکان تاچەند بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن بۆخەتەنەکردنی کچەکانیان لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە  ڕێژەی (٣٪) زۆر دەگەڕێنو ڕیژەی (٧٪) مامناوەند، زۆرترین ڕێژە بریتییە لەوەی کە دایکان کەم دەگەڕێن بەدوای کەسێکدا بۆخەتەنەکردن بەڕێژەی (٦١٪)و لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکاندا بەتێبینی ڕای ئەوانەش وەرگیراوە کە ڕێژەی (١٩٪) دەکەنو ئەڵێن نازانین، ڕێژەی (١٠٪)وتویانە نییە، بۆیە لەئێستادا کەمن ئەو دایکانەی کە بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن بۆخەتەنەکردنی کچەکانیان کە زۆرترین ڕێژەیە لەخشتەکەدا دەرکەوتووە لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ڕۆڵی زیاتری ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ هۆشیارکردنەوەی دایکان گرنگە.

**خشتەی ژمارە ( ب -٩ )**

**ئایا خەتەنەکردن کاریگەریی هەیە بۆ سەر باری تەندروستی؟ بە پێی ئاستی خوێندن**

| کاریگەریی لەسەر تەندروستی | ئاستی خوێندن | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەخوێندەوار | ڕێژە | خوێندن و نوسین | ڕێژە | سەرەتایی | ڕێژە | ناوەندی | ڕێژە |
| بەڵێ | ٤٦ | ٥٨,٩٪ | ٨ | ٨٨,٨٪ | ٥ | ٧١,٤٪ | ٥ | ٨٣,٣٪ |
| نەخێر | ٣٠ | ٣٨,٦٪ | ١ | ١١,٢٪ | ٢ | ٢٨,٦٪ | ١ | ١٦,٧٪ |
| | ٧٦ | ١٠٠٪ | ٩ | ١٠٠٪ | ٧ | ١٠٠٪ | ٦ | ١٠٠٪ |




لەم خشتەیەدا بەهەمانشێوەی وەڵامی مامانەکان لەخشتەی کاریگەریی خەتەنە لەسەر سێکس‌و دەرووندا دەردەکەوێت کە ڕێژەی زۆرییان بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوەو پێیانوایە کاریگەریی دەبێت لەسەر تەندروستی‌و بەمشێوەیە خوێندن و نووسین وەڵامی بەڵێ ڕێژەی (٨٨,٨٪)، سەرەتای ڕێژەی بەڵێ (٧١,٤٪)، ناوەندی ڕێژەی (٨٣,٣٪) بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، ئەوانەشی کە نەخوێندەوارن ڕێژەی (٥٨,٩٪)، ئەگەر تێکڕای ڕێژەی نەخێر وەرگرین (٢٤٪)ی مامانەکان بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە، بۆیە پێویستە مامانەکان هۆشیاربکرێنەوە کە کاریگەریی خەتەنە چییە لەسەر تەندروستی ژنان.

**خشتەی ژمارە ( ب-١٠ )**

**سەبارەت بە پرسیاری ئەوەی کە ئایا دەزانین خەتەنەکردن کاریگەریی هەیە لەسەر سێکس:**

| کاریگەریی هەیە بۆسێکس/ | ئاستی خوێندن | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەخوێندەوار | ڕێژە | خوێندن و نوسین | ڕێژە | سەرەتایی | ڕێژە | ناوەندی | ڕێژە |
| بەڵێ | 44 | 66% | 6 | 86% | 6 | 83% | 5 | 56% |
| نەخێر | 32 | 42% | 1 | 17% | 1 | 14% | 3 | 34% |
| | 76 | %100 | 7 | %100 | 7 | %100 | ٨ | ١٠٠ |




خشتەی ژمارە (ب-١٠) سەبارەت بەپرسیاری ئەوەی کە ئایا دەزانین خەتەنەکردن کاریگەریی هەیە لەسەر سێکس:

ئەو مامانانەی کە خوێندەوارییان لەئاستی خوێندنو نوسینە ژمارەیان (٩) مامانەو ڕێژەی (٦٦٪) پێیانوایە کاریگەریی هەیە، (٣٤٪) پێیانوایە کاریگەریی نییەو ئەو مامانانەی کە خوێندەوارییان لەئاستی سەرەتایدایە ژمارەیان (٧) مامانەو (٦) لەوان ڕێژەی (٨٦٪) پێیانوایە کاریگەریی هەیە (١) مامانیش ڕێژەی (١٤٪) پێیوایە کاریگەریی نییە.

**خشتەی (ب-١١) ئایا ئەزانی خەتەنەکردن کاریگەریی هەیە لەسەر باری دەروونیی**

| کاریگەریی لەسەر تەندروستی | ئاستی خوێندن | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەخوێندەوار | ڕێژە | خوێندن و نوسین | ڕێژە | سەرەتایی | ڕێژە | ناوەندی | ڕێژە |
| بەڵێ | ٤٢ | ٥٥,٧٪ | ٨ | ٨٨,٨٪ | ٥ | ٧١,٤٪ | ٤ | ٦٦,٦٪ |
| نەخێر | ٣٤ | ٤١,٨٪ | ١ | ١١,٢٪ | ٢ | ٢٨,٦٪ | ٢ | ٣٣,٤٪ |
| | ٧٦ | ١٠٠٪ | ٩ | ١٠٠٪ | ٧ | ١٠٠٪ | ٦ | ١٠٠٪ |




خشتەی ژمارە (ب-١١) سەبارەت بەو پرسیارەی کەخەتەنەکردن کاریگەریی هەیە لەسەر دەرونی ئەو منداڵە یان ژنە:

ئەو مامانانەی کە ئاستی خوێندنیان نزمە تەنها خوێندنو نووسینە (٩) کەسنو (٨٨,٨ ٪)یان بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوەو (١٢,٢٪) کەس وتویەتی کاریگەریی نییەو ئەوانەی سەرەتاییان تەواوکردووە (٧)کەسنو (٧١,٤٪)ی مامان بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوەو ئەوانەش کە ئاستی خوێندەوارییان ناوەندیە (٦) کەسن ئەمانیش (٦٦,٦٪)ی بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە (٣٣,٤٪) ی بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە.

لێرەدا ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە لەگەڵ وئەوەی مامانەکە ئاستی خوێندەوارییان نزمەو زانیویانە کە کاریگەریی لەسەر دەرونی ئەو ژنە هەیە لەگەڵ ئەوەشدا کاری خەتەنەکردنیان ئەنجامداوە.

ئەو مامانانەی کە نەخوێندەوارن (٧٨) مامانن لەم ڕێژەیە (٥٥,٧٪) مامان بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، (٤١,٨٪) بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە، (٢,٥٪) کەسیش بەنازانم وەڵامیان داوەتەوە مامانەکان نازانن کاریگەریی هەیە لەسەر دەروونی ئەو منالە یان ئەو ژنە، بۆیە پێویستە مامانەکان هۆشیاربکرێنەوە.

**خشتەی ژمارە( ب -١٢) پرسیاری ئەوبەشەی دەبڕێت چەندبێ ؟**

| ئەوبەشەی دەبڕێت چەندە؟ | ئاستی خوێندن | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەخوێندەوار | ڕێژە | خوێندن و نوسین | ڕێژە | سەرەتایی | ڕێژە | ناوەندی | ڕێژە |
| زۆر | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | 0% |
| کەم | 40 | %52 | 8 | %22 | 6 | %86 | 3 | 50 % |
| مامناوەند | 10 | %13 | 2 | %56 | 0 | %0 | 1 | 16 % |
| نازانم | 9 | %11 | 1 | %12 | 1 | %14 | 1 | 0% |




لەم خشتەیەدا ئەوەی کە مامانەکان کاری خەتەنەیان ئەنجامداوەو لەوەڵامی ئەو بەشەی کە دەبڕێت چەندبێت باشە بەمشێوەیە ئەوانەی کە نەخوێندەوارن ڕێژەی(٥٢٪) دەڵێن کەم بێت باشە، ئەوانەی خوێندنو نووسین وەڵامی کەم ببڕێت ڕێژەی (٥٦٪)، سەرەتایی ڕێژەی (٨٦٪)، ناوەندی ڕێژەی (٥٠٪) بەکەم ببڕێ وەڵامیان داوەتەوە، ڕێژەی مامناوەندیی لێببڕێت ئەوانەی کە نەخوێندەوارن ڕێژەی(١٣٪)، ئەوەی ئاستی خوێندنی خوێندنو نووسین ڕێژەی (٢٢٪)، سەرەتایی هیچی نەوتووە، ناوەندیی ڕێژەی (١٦٪) بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە ئەوە دەردەخات کە مامانەکان کاری خەتەنەکردنیان ئەنجامداوەو ئەو کچە لەوتەمەنە منداڵەدا تووشی ئازارو باری دەروونییو تەندروستی خراپبووە، چونکە هەردوو ڕێژەی کەمو مامناوەند لەلێکردنەوەی بەشێك لەکۆئەندامی زاوزێی ئەو کچە لابراوە، لەهەمانکاتدا خشتەکە ئەوەش دەردەخات کە مامانەکان لەگەڵ کاری خەتەنەدانو پێیان باشە کە بکرێت ئەگەر کەمیش بێت؟

تێبینی وەرگیراوە لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکاندا کە ڕێژەی (٢٤٪)وەڵامیان نەداوەتەوە ئەو مامانانەی کەنە خوێندەوارن وە ڕێژەی(٣٤٪) کە ئاستی خوێندنیان ناوەندییە پێیان باش نیە بڕێت.

**خشتەی ژمارە ( ب -١٣ )کچەکەی خۆی خەتەنەکردووە ؟**

| کچەکەی کردووە | بەڵێ | نەخێر | ڕیژەی بەلێ | ڕێژەی نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| وەڵام | 64 | 36 | 64% | 36% |
| کۆیگشتی | 100 | | 100% | |




**خشتەی ژمارە (ب -١٣) لەوەڵامی مامانەکاندا بۆ ئەو پرسیارەی کە کچەکەی خۆی خەتەنەکردووە :**

ڕێژەی ٦٤٪ بەبەلێ وەڵامیان داوەتەوە کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەیەکی زۆر لەمامانەکان سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان خەتەنەکراون‌و کاری خەتەنەکردنیان بۆ دەوروبەر ئەنجامداوە ئەم کارەیان دووبارە بەسەر کچەکانی خۆیاندا هێناوە کە ئەمەش بێئاگایی ئەوانە لەزیانەکانی خەتەنە، ئەگەرچی لەخشتەکانی پێشەوەدا ئەوەمان بینی کە زۆرینەی مامانەکان لەزیانەکانی سێکس‌و دەروونی‌و تەندروستی خەتەنە بەئاگان،

بەڵام ئەو چارەنووسە ڕەشەیان بۆ کچەکانیان قبوڵەو دەیانەوێت ئەو ئازارەی خۆیان چەشتویانە کچەکانیشیان لێی بەدەرنەبن‌و ڕێژەی **٣٦%**ی مامانەکان کچەکانیان خەتەنە نەکردووە.

**خشتەی ژمارە (ب-١٤-١) ئایا هیچ لایەنێکی بەرپرس ئاگاداری کردویت خەتەنە نەکەیت ؟**

| **لەوەلآمی لایەنی بەرپرس ئاگاداری کردویت خەتەنە نەکەیت** | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | 63 | 63.00% |
| نەخێر | 37 | 37.00% |




لەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٦٣٪) بەبەڵێ وەلآمیانداوەتەوەو ڕێژەی (٣٧٪) بەنەخێر ئاگادارنەکراوین وەلآمیان داوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی مامانەکان ئاگادارکراونەتەوە لەلایەن بەرپرسو ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی کاری خەتەنەکردن نەکەن.

**خشتەی ژمارە (ب-١٤-٢)**

**ناوی ئەولایەنە بڵێ کە ئاگاداری کردویت خەتەنە نەکەیت ؟**

| ناوی ئەو لایەنە | ژمارە | ڕێژەی بەڵێ |
|---|---|---|
| مافی مرۆڤ | 1 | 2.00% |
| NPA | 1 | 2.00% |
| مەلای ئاینی | 3 | 4.00% |
| یەکێتی ژنانی کوردستان | 27 | 42.00% |
| دەزگا تەندروستییەکان | 31 | 50.00% |
| کۆی گشتی | 63 | 100.00% |




**خشتەی ژمارە (ب-١٤) لەوەڵامی لایەنی بەرپرس ئاگاداری کردویت خەتەنە نەکەیتو کێیە بەبەڵێ وەڵامی دایەوە:**

٢٪ ئەڵێن مافی مرۆڤ، ٢٪ ڕێکخراوی NPA، ٤٪ مەلای ئایینی، ٤٢٪ ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان، ٥٠٪ دەزگا تەندروستییەکان ئەمەش ڕێژەی (٦٣٪)ی بەڵێ پێکدێننو لە(٣٧٪) بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە، لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە دەزگا تەندروستییەکان هەوڵیانداوە بۆئاگادارکردنەوەی مامانەکان کە کاری خەتەنە نەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەوڵەیان کامڵ نییەو پێویستە کاری جددیتری بۆ بکەنو وەزاەتی تەندروستی پێویستە هەوڵی بەدەستهێنانی یاسا بداتو ئەم کارە بەتەواوەتی بنەبڕبکاتو مۆڵەتی ڕەسمی ئەو مامانانە وەرگرێتەوە، لەهەمانکاتدا (٣٧٪) مامانەکان هیچ لایەنێك ئاگاداری نەکردوون

كە كاری خەتەنە نەكەن، ئەمەش كێشەیەكی گەورەیەو خەمساردیی لایانە بەرپرسەكانی پێوەدیارە، خاڵێكی تر كە لەخشتەكەدا جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە كە ڕێكخراوی ژنان تەنها ڕێكخراوە لەنێو ڕێكخراوەكانی كوردستان بەجددیی كاریكردووە بۆ نەمانی ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت كارەكان بەرفراوان بكرێت بۆ نەهێشتنی دیاردەكە، چونكە بەپێی خشتەكە تەنها (٤٢٪) مامانەكان لەلایەن ڕێكخراوی یەكێتی ژنانی كوردستانەوە ئاگاداركراونەتەوە.

**خشتەی ( ب -١٥ ) ئەو هۆكارانە چین كە وا لەدایكوباوك دەكەن كە كچەكانیان خەتەنە بكەن**

| هۆكارەكان | كۆ | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئاین وسوننەتو حەڵاڵ وحەرام | 68 | ٦٨٪ |
| كەمكردنەوەیجنس | 11 | ١١٪ |
| بێڕەحم و شەرم | 3 | ٣٪ |
| دابونەریتی كۆن | 15 | ١٥٪ |
| نەزانین | 3 | ٣٪ |
| كۆی گشتی | 100 | ١٠٠٪ |




لەم خشتەیەدا ئەو هۆكارانەی كە وای لەدایكوباوك كردووە كچەكانیان خەتەنە بكەن بەڕێژەی (٦٨٪) لەبەر سوونەتو ئاین پەیڕەوی خەتەنەكردنیان كرووە ڕێژەی (١١٪) لەبەر كەمكردنەوەی سێكس بۆئەوەی

کچەکانیان تووشی لادانی سێکسی نەبن، ڕێژەی (٣٪) بڕوایان وایە کە کچەکانیان خەتەنەکردووە بۆئەوەی هەستوسۆزیان زۆربێت بۆ دایكوباوكو کەسێکی شەرمن دەبن، ڕێژەی (١٥٪) بەهۆی داب‌ونەریتی کۆن کردوویانە، ڕێژەی (٣٪) نازانن بۆچی کچەکانیان خەتەنەکردووە، کەواتە ئایین‌وداب‌ونەریتی کۆمەڵایەتی دوو هۆکاری سەرەکیین لەکۆمەڵگەی کوردیدا کە بۆتەهۆی ڕێژەیەکی زۆر لەکچان خەتەنە بکرێن‌و هۆکاری سێیەمیش کەمکردنەوەی چێژی سێکسە کە بەلابردنی میتکە سنورێك بۆ سێکس لای کچان دانراوە، کەواتە بوونی هەیە ڕێژەی (٣٪) بۆئەوەی کچەکانیان شەرمن بێتو کەسێتی ئەو کچە بەمشێوەیە دروستبکەن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبێ سەرجەم ڕێکخراوو بەرپرس ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن لەسەر ئەو هۆکارانەی کە لەخشتەکەدا بەدیارخراوە ئەو تێگەیشتنە هەڵانە ڕاستبکرێتەوە بۆئەوەی چیتر دایکان‌وباوکان کاری خەتەنە ئەنجام نەدەن بۆ کچەکانیان.

**خشتەی ژمارە( ج-١ ) ڕەگەزی نموونەکە دەردەخات**

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نێر | **15** | 15% |
| مێ | **85** | 85% |
| کۆی گشتی | **100** | 100% |




ئەم خشتەیە ڕەگەزی نموونەی فۆرمی( ج )دەردەخات کە کارمەندانی تەندروستی لەناو بنکەی تەندروستی‌و نەخۆشخانەکاندا فۆرمیان بەسەردا دابەشکراوە کە ڕێژەی (١٥٪) نێرو ڕێژەی (٨٥٪) مێ کەواتە زۆرترین ڕێژە بریتییە لەڕەگەزی مێ.

**خشتەیژمارە ( ج-٢ )شوێنی نیشتەجێبونی  نموونەکە دەردەخات**

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| شار | ٥١ | 51% |
| شارۆچکە | ٣٧ | 37% |
| لادێ | ١٢ | 12% |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠٪ |




شوێنی نیشتەجێبوونی نمونەکە دەردەخات کە ڕێژەی (٥١٪)یان دانیشتووی شار،ڕێژەی (٣٧٪) لە شارۆچکەکانن‌و ڕێژەی (١٢٪) لەلادێکاندا وەرگیراوە ئەمەش ئەوەدەردەخات کەڕێژەی زۆری نموونەکە دانیشتووی شارن

**خشتەی ژمارە( ج-٣ ) ئاستی خوێندنی گروپەکە دەردەخات**

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دواناوەندی | 35 | 35% |
| پەیمانگا | 34 | 34% |
| زانکۆ | 20 | 20% |
| هیتر | 8 | 8% |
| ئامادەیی نەخۆشەوانی | ٣ | 3% |
| کۆیگشتی | 100 | 100% |




خشتەی ژمارە (ج-٣) ئاستی خوێندنی گروپەکە دەردەخات کە ڕێژەی (٣٥٪) دواناوەندییەو ڕێژەی (٣٤٪) پەیمانگا، ڕێژەی (٢٠٪) زانکۆیەو ڕێژەی (٨٪) هیترنو (٣٪) ئامادەیی نەخۆشەوانییە، لێرەدا زۆرترین ڕێژە ئاستی خوێندەواریی دواناوەندییە، لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە کە ڕێژەی زۆری کارمەندانی تەندروستی ئاستی خوێندنیان مامناوەندە کە ئامادەییو پەیمانگایە بەڕێژەی (٢٠٪) دەرچووی زانکۆن.

**خشتەی (ج-٤) کاری خەتەنەی کردووە؟**

| خەتەنەی کردووە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | **30** | 30% |
| نەخێر | **70** | 70% |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠% |




خشتەی ژمارە (ج-٤) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەم گروپە کاری خەتەنەیان ئەنجامداوە ڕێژەی (٣٠%)و ڕێژەی (٧٠%)یان ئەم کارەیان نەکردووە. بەلاّم دەبیّ ئەوەش لەبەر چاو بگرین  کە ئەم گروپە لەنیّو نەخۆشخانەکاندا کاردەکەنو کارمەندی تەندروستین بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ٣٠% ئەم گروپە کاری خەتەنەی ئەنجام داوە کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرەو پێویستی بەکاری جدی هەیە بۆئەوەی ئەم گروپە کاری بەم شێوەیە ئەنجام ئەدەن.

**خشتەی (ج- ٤-١) ئایا خەتەنەی کردووە بە پێی ڕەگەز**

| خەتەنەی کردووە | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | ڕێژە | مێ | ڕێژە |
| بەلێ | ٦ | 40% | ٢٤ | 28% |
| نەخێر | ٩ | 60% | ٦١ | 72% |
| کۆی گشتی | ١٥ | ٪١٠٠ | ٨٥ | ٪١٠٠ |




لەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خەتەنەکردن بەپێی ڕەگەز ڕێژەی (٤٠٪)ی پیاوان کاری خەتەنەکردنیان کردووەو ڕێژەی (٦٠) پیاوانیش ئەم کارەیان نەکردووەو ڕێژەی (٢٨٪) ژنان خۆیان کاری خەتەنەیان ئەنجامداوە لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی نەکردنی خەتەنەکردن لای ژنان ڕێژەی (٧٢٪) لێرەدا دەبێ ئەوە بکرێت کە تەنها ٪١٥ نموونەکە پیاوە لە ٪٨٥ ژنە.

**خشتەی ( ج- ٤-٢ ) ئایا خەتەنەی کردووە بە پێی ئاستی خوێندن**

| خەتەنەیکردووە | ئاستی خوێندن | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دواناوەندی | ڕێژە | پەیمانگا | ڕێژە | کۆلیج | ڕێژە | هیتر | ڕێژە |
| بەڵێ | ١١ | ٣١٪ | ١٢ | ٣٥٪ | ٣ | ١٥٪ | ٣ | ٣٨٪ |
| نەخێر | ٢٤ | ٦٩٪ | ٢٢ | ٦٥٪ | ١٧ | ٨٥٪ | ٥ | ٦٢٪ |
| | 76 | %100 | 7 | %100 | 7 | %100 | ٨ | ١٠٠٪ |




لەم خشتەیەدا ئەوانەی ئاستی خوێندنیان دواناوەندییە بەڕێژەی (٣١٪) کاری خەتەنەیان کردووەو ئەوانەی پەیمانگایان تەواوکردووە ڕێژەی (٣٥٪) خەتەنەی کردووە، ئەوەی بەتێبینی وەرگیراوە لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکاندا ڕێژەی (٣٣٪)ی ئامادەیی نەخۆشەوانی کاری خەتەنەیان کردووە کەمترین ڕێژە ئەوانەن کە ئاستی خوێندنیان بەرزەو زانکۆیان تەواوکردووە بەڕێژەی (١٥٪) خەتەنەیان کردووە لەهەمانکاتدا زۆرترین ڕێژە کە کاری خەتەنەی نەکردبێت ئەوانەن کە ئاستی خوێندنیان بەرزەو زانکۆیان تەواوکردووە کە ڕێژەی (٨٥٪) خەتەنەی نەکردووە، ئاستی خوێندنەکانیتر ڕێژەی نەکردنی خەتەنە نزیکن لەیەکەوە.

**خشتەی (ج-٥) ئەو کەسانەی خەتەنەکراون لەچ تەمەنێکدای بوون؟**

| تەمەنی خەتەنەکردن | ٥ساڵ بەرەوخوار | 10_5 | 15_10 | 15سەروتر | نازانم |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 51 | 26 | 2 | 2 | 19 |
| ڕێژە | 51% | 26% | 2% | 2% | 19% |




لەخشتەی پێشەوەدا ژمارە(ج-٤)دا بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی (٣٠٪) کاری خەتەنەیان ئەنجامداوە، کارەکەش بەپێی خشتەی ژمارە (ج-٥) زیاتر بۆ ئەو منالآنەیە کە تەمەنیان لە(٥ ساڵ بەرەوخوار)ە ڕێژەی (٥١٪)ن، ڕێژەی (٢٦٪) تەمەنی خەتەنەکردن بریتییە لە(٥-١٠)ساڵو ئەوانەی لەتەمەنی (١٠-١٥) خەتەنەیان بۆکراوە ڕێژەی(٢٪) پێکدێنن‌و ڕێژەی (١٩٪) ئەڵێن نازانین کەی‌و لەچ تەمەنێکدا خەتەنەکراوە؟ دیارە نەیانویستووە ئەو تەمەنە دیاریبکەن ئەگەرنا ئاستی نموونەکە خوێندنیان باشە چۆن بێئاگان لەتەمەنی خەتەنەکردن.

ئەگەر سەیری ئاستی خوێندنی ئەم گروپە بکەین لەخشتەی ژمارە (ج-٤-٢)دا ئەوانەی خەتەنەیان ئەنجامداوە گروپەکە ئاستی خوێندەواریی بەرزە کەچی ئەم کارە خراپەیان کردووە بۆ ئەو کچە منالآنەی کەبێئاگان لەتەندروستی خۆیان‌و پاشەڕۆژی خۆیان، کە ئەمەش زوڵم‌و ستەمێکی گەورەیە دەرهەق بەو منالآنە کراوەو یاساو ڕێکخراوەکان بێدەنگن لەئاستیدا.

**خشتەی (ج-٦) مەبەست لەخەتەنەکردن چیبووە؟**

**بەڕای کارمەندانی تەندروستی**

**نموونەکە**

| هۆکارەکان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئاین وسوننەت وحەلاڵ وحەرام | 36 | 36% |
| دابونەریتی کۆنی کۆمەلایەتیوعەشایەری | 15 | 15% |
| کەمکردنەوەیجنس | 35 | 35% |
| نەزانین | 8 | 8% |
| وەلامی نەداوەتەوە | 6 | 6% |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |




وەك لەخشتەی ژمارە (ج-٣)دا بۆمان دەرکەوت کە ئاستی خوێندەواریی نموونەکە باشەو سەباەت بەو پرسیارەی کە هۆکارو مەبەست لەخەتەنەکردن چیبووە لەم خشتەیەدا بەمشێوەیە وەلامیان داوەتەوە، ڕێژەی ئاین (٣٦٪) پێکدێنێو ڕێژەی (١٥٪)وتویانە هۆکاری داب‌ونەریتی کۆنو کۆمەلایەتیو عەشایەرییەو ڕێژەی (٣٥٪) دەلێن خەتەنەکردنەکە بەهۆی ئەوەوەبووە تاکو سێکس کەمبکرێتەوە، ڕێژەی (٨٪)وتویانە بەهۆی نەزانینەوەبووە، (٦٪) هیچ وەلامێکیان دیارینەکردووە، کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەگەر بەراوردی هەمان پرسیار بکەین لەگەڵ فۆرمی (ب)مامانەکاندا ئەوان بەڕێژەیەکی کەمتر وتویانە هۆکارەکەی سێکسە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیریی تاکو زیاتربێت ئەزانن یەکێك لەهۆکارەکان بۆ ئەنجامدانی خەتەنەکردن کەمکردنەوەی سێکس بووە.

**خشتەی (ج-٧)ئەو هۆکارانەی دایکان وباوکان کچەکانیان خەتەنەکردووە چیبووە**

| هۆکارەکان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئاین وسوننەت وحەلاڵ وحەرام | 36 | 36% |
| دابونەریتی کۆنی کۆمەلآیەتی وعەشایەری | ٣٥ | 5%٣ |
| کەمکردنەوەی جنس | ٨ | %٨ |
| نزمی ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی | 15 | 15% |
| نەزانین | ٦ | %٦ |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |




لەم خشتەیەدا ئەو هۆکارنەی وای لەدایکان وباوکان کردووە کچەکانیان خەتەنە بکەن بەڕای گروپی نمونەکە پێیانوایە ڕێژەی (٣٦٪) ئاین و سوننەتەو ڕێژەی (٣٥٪) وتویانە بەهۆی داب ونەریتی کۆمەلآیەتی وعەشایەرییەوە، ڕێژەی (٨٪) کەمکردنەوەی سێکس و ئەوانەی پێیانوایە کە دایکان وباوکان بەهۆی نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی و کەمیی ئاستی هۆشیاریی تەندروستییەوە خەتەنەی کچەکانیان کردووە ڕێژەی (١٥٪) پێکدێنن و ڕێژەی (٦٪) وتویانە بەهۆی نەزانینەوە بووە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هۆکارە سەرکییەکانی خەتەنەکردن بریتین لەهۆکاری ئاین و کۆمەلآیەتی و سێکس و لەم گروپەشدا دەرکەوتووە کە هۆکاری سەرەکی ئەنجام دەری خەتەنە لای دیکان و باوکان ئاین و داب ونەریتە بەدەرەجەی یەکەم ئەگەرچی هەر ئەم گروپە لەخشتەی (ج-٦)دا پێیان وایە مەبەست لەخەتەنەکردن ٪٣٥ پێی وایە بەکاری سێکسە خەتەنەبکەن. دەکرێت ئەمەش ئەوە دەربخات کە کەمکردنەوەی سێکس لای ژنان خەمی گەورەی کۆمەڵگایە.

**خشتەی(ج-٨) تاچەند ئەنجامدەدرێت ئێستا بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون**

| تاچەند ئەنجام دەدرێت ئێستا | شوێنی نیشتەجێبوون | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شار | ڕێژە | شارۆچکە | ڕێژە | لادێ | ڕێژە |
| زۆر | ٠ | ٪٠ | ١ | ٪٣ | ٠ | ٪٠ |
| مامناوەند | ٦ | ٪١٢ | ٩ | ٪٢٤ | ١ | ٪٨ |
| کەم | ٣١ | ٪٦٣ | ١١ | ٪٣٠ | ٩ | ٪٧٥ |
| هیچ | ١٢ | ٪٢٥ | ١٦ | ٪٤٣ | ٢ | ٪١٧ |
| | ٤٩ | ٪١٠٠ | ٣٧ | ٪١٠٠ | ١٢ | ٪١٠٠ |




ئەگەرچی ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئێستا دیاردەکە زۆر گەورەنییەو خەتەنەکردن کەم ئەنجام دەدرێت بەڵام بوونی دیاردەکە لەمڕۆدا دەردەخات ئەگەرچی قەبارەکەی جیاوازە لای گروپەکانی شارو شارۆچکەو لادێکان.

**خشتەی ژمارە ( ج-٩ ) دایکان تاچەند بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی کچەکانیان خەتەنە بکەن؟**

| دایکان تاچەند دەگەڕێن بەدوای کەسێکدا خەتەنە بکات | زۆر | مامناوەند | کەم | هیچ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٥ | ١٣ | ٧٧ | ٥ |
| ڕێژە | %٥ | %١٣ | %٧٧ | %٥ |




لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی (٥٪)ی دایکـان زۆر دەگـەڕێن بـەدوای کەسـێکدا خەتەنەکـەربێت‌و ڕێژەی (١٣٪) مامناوەندە، زۆرترین ڕێـژە ی (٧٧٪)ی دایکـان کـەم دەگـەڕێن بـەدوای کەسـێکدا بۆئـەوەی کچەکانیان خەتەنە بکەن‌و تێبینی وەرگیراوە لـەکاتی پرکردنـەوەی فۆرمـدا کـە ڕێـژەی (٥٪) وتویانـە هـیچ دایکێك نییە بگەڕێت بەدوای کەسـێکدا بـۆ خەتەنـەکردن، لێـرەدا ئەگـەر سـەیری خشـتەی (ب-٨) بکـەین لەفۆرمی مامانەکاندا لەوێشدا زۆرترین ڕێژەی (٦١٪) کەمن ئـەو دایکانـەی بەشـوێن کەسـێکدا دەگـەڕێن بۆئەوەی کچەکانیان خەتەنەبکەن، ئەمەش ئەوە دەردەخـات کـە ئێسـتاش خـەڵکانێك هـەن بـەدوای ئـەوەدا دەگەڕێن کچەکانیان خەتەنەبکەن ئەگەرچی بەڕێژەی کەمیش بێت.

**خشتەی ژمارە ( ج-١٠ )**

**ئایا خەتەنەکردن کاریگەریی هەیە لەسەر تەندروستی و سێکس و دەروونی ژنان.**

| ئاستی خوێندن | کاریگەریی لەسەرتەندروستی | | | | کاریگەریی لەسەرسێکس | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ڕێژە | نەخێر | ڕێژە | بەڵێ | ڕێژە | نەخێر | ڕێژە |
| پەیمانگا | 32 | 35% | 2 | 20% | 33 | 35% | 1 | 20% |
| دواناوەندی | 31 | 34% | 4 | 40% | 34 | 36% | 1 | 20% |
| زانکۆ | 19 | 21% | 1 | 10% | 19 | 20% | 1 | 20% |
| هیتر | 6 | 8% | 2 | 20% | 6 | 6% | 2 | 40% |
| ئامادەیی نەخۆشەوانی | 2 | 2% | 1 | 10% | 3 | 3% | 0 | 0% |
| کۆیگشتی | 90 | 100% | 10 | 100% | 95 | 100% | 5 | 100% |

**Error!**

| کاریگەریی دەروونی | | | |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ڕێژە | نەخێر | ڕێژە |
| 31 | 35% | 4 | 33% |
| 31 | 35% | 3 | 25% |
| 19 | 22% | 1 | 10% |
| 6 | 7% | 2 | 16% |
| 1 | 1% | 2 | 16% |
| 88 | 100% | 12 | 100% |









لەخشتەی ژمارە(ج-١٠)دا ئەوەمان بۆ روونده‌بێته‌وه تا ئاستی خوێندن بەرزتربێت هەرچەندە رێژەكە جیاوازە لەئاستەكانی خوێندندا بەڵام كاریگەریی زیانەكانی خەتەنەكردن ئەزانرێت بەوەی كاریگەریی هەیە لەسەر تەندروستیو سێكسو دەروونی ئەو كچانەی كە خەتەنەدەكرێت، ئەوەش لەقۆناغەكانی تەمەنیدا بەدیدەكرێت.

**خشتەی (ج-١١) ئەو پارچەیەی دەبڕێت چەندبێ باشە ؟**

| ئاستی خوێندن | کۆ | ئامادەیی نەخۆشەوانی | ڕێژە | پەیمانگا | ڕێژە | ئامادەیی | ڕێژە | زانکۆ | ڕێژە | هی تر | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەم | 2 | 1 | ٢٪ | ٠ | ٠٪ | 0 | ٠٪ | 1 | ٣٪ | 0 | ٠٪ |
| مام ناوەند | 34 | 16 | ٣٢٪ | ٢ | ٦٦٪ | 5 | ٥٥٪ | ١١ | ٪٣١ | 1 | ١٤٪ |
| نازانم | 35 | 18 | ٣٦٪ | ١ | ٣٤٪ | 3 | ٣٣٪ | ١٣ | ٪٣٦ | 4 | ٥٧٪ |
| نەبێت | 21 | 8 | ١٦٪ | ٠ | ٠٪ | 1 | ١٢٪ | ١١ | ٪٣١ | 2 | ٢٩٪ |
| نەخێر | 8 | 7 | ١٤٪ | ٠ | ٠٪ | 0 | ٠٪ | 0 | ٠٪ | 0 | ٠٪ |
| | 100 | 50 | ١٠٠٪ | ٣ | ٪ ١٠٠ | 9 | ١٠٠٪ | ٣٦ | ١٠٠٪ | 7 | |




-لێرەشدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە لەگەڵ ئەوەی ئاستی خوێندەواریی لەم گروپەدا جیاوازەو باشترە لەدوو گروپی پێشووتر، بەڵام زۆرترین ڕێژەی ئەمانیش کە ئەو بەشەی بڕێت چەندبێت باشە (٥٠) کەسیان پێیانوایە کەمبێت باشەو (٣)کەس دەڵێن مامناوەند، (٢٩)یان دەڵێن هەر نەبڕێت باشترە، (٩)کەس وتویانە نازانین‌و (٧)کەس دەڵێن نەخێر باش نییە بڕێت.بۆیە ئەمەش بۆخۆی کێشەیە چونکە بڕینی بەشێکی کەمیش بێت ئەوا بەردەوامی دیاردەکە دەسەلمێنێت‌و لەهەمان کاتدا هەر توندوتیژو ئازاردانی ژنان کە ئەمەش بۆخۆی دژی مافەکانی ژنە.

**خشتەی (ج-١٢) ئایا کچەکەی خەتەنەکردووە؟**

| کچەکەی خەتەنەکردووە | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| ژمارە | ١٦ | ٨٤ |
| ڕێژە | ١٦% | ٨٤% |




لەم خشتەیەدا ڕێژەی (١٦٪) بەبەلێ وەڵامیان داوەتەوەو ڕێژەی (٨٤٪) دەڵێن نەخێر کچەکانمان خەتەنە نەکردووە، لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت وەك لەپێشتر زانیمان ئاستی خوێندنی ئەم گروپە باشن، ئەمەش وایکردووە کە ڕێژەی زۆریان ئەم کارە بۆ کچەکانیان ناکەن.

**خشتەی (ج-١٣-١) ئایا هیچ لایەنێکی بەرپرس ئاگاداری کردویت خەتەنە نەکەیت؟**

| لەلایەن لایەنی بەرپرسەوە ئاگادارکراویت خەتەنە نەکەیت | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| ژمارە | ٣٠ | ٧٠ |
| ڕێژە | %٣٠ | %٧٠ |

لەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٣٠٪) بەبەڵێ وەڵامیانداوەتەوەو ڕێژەی (٧٠٪) بەنەخێر ئاگادارنەکراوین وەڵامیان داوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی کەمیی کارمەندانی تەندروستی ئاگادارکراونەتەوە لەلایەن بەرپرسو ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی کاری خەتەنەکردن نەکەن.

**خشتەی (ج-١٣-٢) ناوی ئەو لایەنە بڵێ کە ئاگاداری کردویت خەتەنە نەکەیت.**

| ناوی ئەو لایەنە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| مامۆستایانو زانایانی ئاینی | ٣ | ١٠٪ |
| یەکێتی ژنانی کوردستان | ١٦ | ٥٣٪ |
| دەزگا تەندروستییەکان | ٨ | ٢٧ ٪ |
| ڕاگەیاندن | ٣ | ١٠٪ |
| کۆی گشتی | ٣٠ | 100٪ |




ئەو لایەنە کە ئاگاداری کردونەتەوە کێیە؟ بەمشێوەیە ڕێژەی (١٠٪) لەڕێگەی مامۆستایانو زانایانی ئاینییەوە ڕێژەی (٥٣٪) وتویانە یەکێتی ژنانی کوردستان، ڕێژەی (٢٧٪) لەلایەن دەزگا تەندروستییەکانەوە ئاگادارکراون، ڕێژەی (١٠٪) بەهۆی ڕاگەیاندنەوە بۆیاندەرکەوتووە خەتەنە نەکەن، لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژە پێکدەهێنێ کە ئاگاداری کارمەندە تەندروستییەکانی کردووە بۆئەوەی کاری خەتەنە ئەنجام نەدەن تەنها ڕێکخراو ئەویش یەکێتی ژنانی کوردستان-ە، بۆیە لێرەوە پێویستە بوترێت سەرجەم ڕێکخراوەکان بەتایبەت ئەوانەی لەبواری ژناندا کاردەکەن وەکو مافی مرۆڤ، زانایانی ئاینیو دەزگا حکومییەکان هەوڵی جدیتر بدەن بۆ نەهێشتنی دیاردەی خەتەنەکردن لەکچاندا لەنێو هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵدا.

# گریمانەكان

١-ئاستی خوێندەواریی‌و ڕۆشنبیریی كاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دیاردەی خەتەنە.

٢-ژنان خۆیان بەشێكی گرنگن لەو بڕیاردەرانەی كە كچەكانیان خەتەنە بكرێت.

٣-بوونی جیاوازیی زۆری نێوان شارو شارۆچكەو لادێ لەڕووی كرانەوەیان بەدنیای دەرەوەدا وایكردووە كە شارۆچكەو لادێكان شوێنێكی گونجاو لەباربن بۆمانەوەی دیاردەی خەتەنە.

٤-ئاین‌و دابونەریتی كۆمەڵایەتی‌و سێكس هۆكارە سەرەكییەكانی بڵاوبونەوەی دیاردەكەیە.

٥-زۆرترین ئەو كچانەی خەتەنەدەكرێن لەتەمەنی زۆر منداڵیدایە، ئەمەش بۆ ئەوەیە كە بەئاسانی بتوانن كۆنترۆڵی كرداری خەتەنە بكرێن‌و زوتر برینی چاكبێتەوە.

٦-نەبوونی یاسایەك بۆ بنەبڕكردنی دیاردەی خەتەنە هاندەرێكی باشە بۆمانەوەی دیاردەكە.

# بەشی دووەم

## تـــــەوەرەی ســـێیـــەم

## چـــــەنــد ســــــــەرنـــــج و پـــێشـــنیـــاریـــك

## تەوەرەی سێیەم/ چەند سەرنج و پێشنیارێك

### چەند سەرنجێك

-ئەنجامدانی ئەم كارە بەگوێرەی یاسایی پاراستنی مافی منداڵ لەو كەسانەی كە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ كەمترە بەپێشێلكردنی مافی منداڵ دادەنرێت.

نەتەوە یەكگرتووەكان UN لەساڵی ١٩٧٥-١٩٨٥ بە تەواوی ئەم كارەیان یاساغكردووە.

خەتەنەی منالاٌنو ژنان كە بەگەورەترین توندوتیژیی دادەنرێت لەوڵاتی سوید لەدوای ساڵی ١٩٩٠ بەدواوە قەدەغەكراوەو لەدوای جاڕنامەی جیهانیی مافەكانی منداڵان دێت كە ماوەی ١٦ساڵ دەبێت لەیاسای سویدی بەتاوانێكی گەورە لەقەڵەم دەدرێتو سزاكەشی لەنێوان (٣-١٠) ساڵ زیندانە.

-لەڕاپۆرتی گشتی ئایاری ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر حاڵەتی مافی مرۆڤ لەجیهاندا هاتووە كە تەنها (٩) دەوڵەت (تشریعات)دیاریكراویان هەیە، ڕووبەڕووی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە دەبنەوە.

-دروستبوونی چەندەها ڕێكخراوو گروپی جیاواز بۆ ڕێگرتن لەم كارە

### پێشنیار

-هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە لەزیانەكانی دیاردەكە لەڕێگەی بەكارهێنانی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بەبینراووبیستراوەوە.

-ئامادەكردنی سیمینارو خولی ڕاهێنانی تایبەتی بۆ مامانەكانو ئەو كەسانەی كە ئەم كارە ئەنجامدەدەن لەسەر یاساغكردنی ئەم كارە.

-گرتنی كۆنفرانس بۆئەم دیاردەیە بۆئەوەی لەم كۆنفرانسەدا لایەنە پەیوەندیدارەكان ئاگاداربكرێنو كاری جددیی بۆ بنەبڕكردنی بكەن.

هۆشیاركردنەوەی خێزانەكان لەكاریگەرییە دەروونییو سێكسییەكان كە لەئەنجامی خەتەنكردنەوە دەكەوێتەوە.

-دروستكردنی كۆمەڵو گروپی جیاواز بۆ ڕێگەگرتن لەم كارە.

-ڕێكخراوە مەدەنییو ناحكومییەكان بەتایبەتی ڕێكخراوەكانی ژنانو ئافرەتان پێویستە ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت لەم بوارەدا.

-دەركردنی یاسایەك كە ئەنجامدانی ئەم كارە بەشێوەیەك یاساغبكاتو بەتاوان ناوی بەرێت.

-زیادكردنی لێكۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر باری تەندروستی ژنان.

# بەشی دووەم

## تەوەرەی چوارەم

## ئەنجامە گشتییەکان

## دەرئەنجامەکان

## وێنەی فۆرمی ڕاپرسییەکان

## سەرچاوەکان

## هاوکارەکان

## تەوەرەی چوارەم

## ئەنجامە گشتییەکان

١- توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە تاکو تەمەنی ژنان گەورەتربێت ئەوا دیاردەی خەتەنە لەنێو ژناندا گەورەترو زۆرترە، ئەوەتا ئەوانەی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥و بەرەوخوارن بەرێژەی (٢٪) خەتەنەکراونو رێژەی (١١٪) خەتەنەکراون، بەڵام تاکو بەرەو زۆری تەمەن سەیر بکەین ڕێژەکە زیادیکردووەو ئەوانەی لەدایکبووی (١٩٥٤) بەرەو خوارەوەن (١٦٪)یان خەتەنەکراونو رێژەی (٤٪)یان خەتەنە نەکراون، کەواتە دابونەریتی کۆن کاریگەریی هەبووە لەسەر پەیڕەوکردنی دیاردەکە.

٢- توێژینەوەکە جەخت لەسەر بوونی دیاردەی خەتەنەکردن دەکاتەوە لەهەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵدا بەئاستە جیاجیاکانی خوێندەواریش، ئەوەتا بەپێی خشتەکە (أ-٥) خەتەنەکردن بەپێی ئاستی خوێندەوار دەردەخات لەگەڵ ئەوەی تاکو ئاستی خوێندەواریی بەرزتربێت ڕێژەی خەتەنەکردن کەمترەو بەپێچەوانەوە وەك ڕێژەی (٢,٩٪) بکالوریوس خەتەنەکراوە، بەڵام ئەوانەی نەخوێندەوارن (٢٧,٨٪)یان خەتەنەکراون، کەواتە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی‌و خوێندەواریی کاریگەریی هەیە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵو هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی خەتەنەکردنو بنەبڕکردنی.

٣-دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کاریگەریی کەسانیترو دابونەریتی کۆنو باوی کۆمەڵگە لەشاردا کەمترە وەك دەریخستووە کە ڕێژەی ئەوانەی خەتەنەکراون لەشاردا (٢٨٪)، لەشارۆچکە (٢٩٪)، لەلادێ (٤٣٪) خەتەنەکراون ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژنانی شارەکان پێشکەوتنی باشی بەدەستهێناوە لەگۆڕینی دابونەریتدا بەپێچەوانەی ژنانی لادێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە شارنشینەکان کرانەوەیان بەڕووی جیهاندا زیاترە.

٤-توێژینەوەکە دەریخستووە کە بوونی دیاردەی خەتەنەکردن لەئێستادا تاچەند ئەنجامدەدرێت، ئایا رێژەی (زۆر، زۆر کەم، مامناوەند، هیچ یاخود کەم) لەخشتەی (أ-٦)دا دەرکەوتووە کە زۆرترین رێژە وەڵامدانەوەی کەم، مامناوەندە کەواتە دیاردەکە لەئێستاشدا بوونی هەیە.

بەڵام ئەگەر بەراوردێك بكەین لەنێوان تەمەنی لەدایكبوونی ساڵی(١٩٩٥-بەرەوسەر) لەگەڵ ساڵی(١٩٥٤) بەرەوخوار دەركەوتووە ڕێژەكان زۆر نزیكن لەیەكترو بەمشێوەیە (٢,٠٩٪ ، ٩,٩٪) زۆر، (٢,١٣٪ ، ٧,٤٪) زۆركەم، (٣,٥٪ ، ٨,٠٧٪) مامناوەند، (٦,٥٪ ، ١٠,٢٪) هیچ ، (٨,٣٪ ، ٨,٨٪) كەم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ژنانی بەتەمەن كاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی كۆن نەیانتوانیوە پشت بەخۆیان ببەستن‌و كەسێتییەكی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروستبكەن‌و ئەوەش دەردەخات كە بەپێی بڕوای نەوەی كۆن‌ونوێ دیاردەی خەتەنەكردن بەڕێژەی كەم بوونی هەیە لەكۆمەڵدا.

٥- توێژینەوەكە ئاماژەی بەوە كردووە كە بەڕێژەی گشتی تەمەنی خەتەنەكردن (٦٢٪)ی ژنان لەتەمەنی زۆر منالّیدا خەتەنەكراون كە لە(٦ساڵ- بەرەو خوار)، ڕێژەی (٢٠٪)ی ژنان لە(٧-١٢) ساڵی خەتەنەكراون، ڕێژە (٢٪)یان لەتەمەنی (١٨-١٣) ساڵی خەتەنەكراون، لەخشتەی (أ-٧)دا ڕوونكراوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە بەهۆی خەتەنەكردنەوە كچ لەمنالّییەوە تووشی ترس‌و دڵەڕاوكێ‌و ئازار هاتووەو وایكردووە سەركوتكردن‌و چەوساندنەوەی ڕووبەڕووببێتەوەو بەهۆیەوە تووشی توندوتیژیی جەستەیی‌و دەروونیی ببێت لەقۆناغەكانی منالّیی‌و هەرزەكاریداو ڕەنگدانەوەی هەبێت لەقۆناغەكانی تری ژیانیدا.

٦-توێژینەوەكە دەرئەنجامی ئەوەی كە ژنان خۆیان ئەم كردارەیان بەسەرهاتووە تاچەند ئامادەن بەسەر كچەكانیشیاندا بهێنن دەریخستووە لەفۆرمی (ا)دا كە زۆرترین ڕێژەی ئەو ژنانەی كە ئاستی خوێندنیان نەخوێندەوارە بەڕێژەی (٣٣٪) خەتەنەی كچەكانیان دەكەن‌و خوێندن‌و نووسین بەڕێژەی (٣٢٪) بڕوای وایە كە كچەكەشی خەتەنە دەكات‌و لەفۆرمی مامانەكاندا (ب) ڕێژەی (٦٤٪)ی مامانەكانیش كچەكانیان خەتەنەكردووە، ڕەنگە ئەمە تاڕادەیەك ئاسایی بێت بووترێت ئاستی ڕۆشنبیرییان نزمە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوانەی ئاستی خوێندەواریی باشیان هەیە فۆرمی (ج) ئاستی خوێندنیان لەئامادەییەوەیە تاكو بەكالوریوس ڕێژەی (١٦٪)یان پێیانوایە كچەكەیان خەتەنەبكەن، بۆیە پێویستە هەوڵی جددیی بدرێت بۆ ڕێگە گرتن‌و بنەبڕكردنی ئەم دیاردەیە ئەگەرنا قەبارەی دیاردەكە لەداهاتوودا زیاد دەبێت.

٧- توێژینەوەكە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی كە زۆرترین ڕێژە كە كاری خەتەنەی كردبێت بریتییە لەمامانەكان كە (٦٥,٩٪) پێكدێنن، (١,٩٪) پزیشك‌و یاریدەدەری پزیشكن لە(٣٢,٣٪) هیتر، لێرەدا

ئەتوانین ئەوە بەئاشکرا ببینین کە لە(٣٢,٣٪)ی ئەو کەسانەی کە شارەزاییان نییە لەم بوارەداو دەبێتەهۆی زیانی دەروونییو تەندروستی زیاتر بۆ ژنان بەهۆی لێکردنەوەو لابردنی بەشێکی زۆر لە قیتکەو ئەندامی زاوزێی مێینەکە ئەمەش ساردیی سێکسی لێدەکەوێتەوەو دەبێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزان یاخود دەبێتە بیانویەك لای پیاوان بۆ هێنانی ژنی دووەم.

ئەو مامانە کە مۆڵەتی ڕەسمییان هەیە تەنها ئاگادارکردنەوەیان لەلایەن دامودەزگاکانی تەندروستیو ڕێکخراوەکان بەس نییە بۆ خەتەنە نەکردن بەڵکو پێویستە لێپرسینەوەو سزایان هەبێت.

٨- توێژینەوەکە دەریخستووە ئەو ژنانەی شویان کردووە ژمارەیان (٧٣٦)و (٤٧٦)ژنن‌و ڕێژەی ئەوانەی کە خەتەنەکراونو تا چەند کاریگەریی هەبووە بۆ جنس لەخشتەی (أ-١٠)دا بریتییە لە(٥٧,٣٪) هەستیان بەوە کردووە کە لەکرداری سێکس ساردن، کەواتە دەریدەخات پەیوەندیی سستی لەنێوان ژنومێردەکاندا ئاسایی نییەو ڕێژەی (٤٢,٧٪) پێیانوایە ئەوەی کاریگەریی نییە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ڕۆشنبیریی سێکسی لاوازەو پێویستە ڕۆشنبیریی تەندروستی تەواو ئاراستەی هەموو ژن ومێردەکان بکرێت لەڕێگەی پەروەردەی سێکسیو خێزانییەوە.

٩- دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخات ئەو ژنانەی کە شوویانکردووە (٧٣٦) ژنە و ٢٥٣ ژن کە ڕێژەی (٣٤,٤٪)و لایان وایە کاریگەریی هەیە لەسەر باری دەروونییو (٤٨٣) ژن کە ڕێژەی (٦٥,٦٪)پێیانوایە کە بڕینی میتکە هیچ کاریگەرییەکی دەروونیی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ژنان زانیارییان زۆر کەمە، لەوبارەیەوە وەك ئاشکرایە زانست ئەوەی سەلماندووە کە بڕینی میتکە زۆر ڕۆڵی هەیە لەکرداری سێکسدا، دواتر ژن بەهۆی ئەم کردارەوە تووشی خەمۆکییو دڵەڕاوکێو ترس دەبێت، ئەمانەش هەمووی کاریگەریی خراپی هەیە لەڕووی دەروونییەوە بۆ سەر کەسێتی ژن.

١٠- نموونەی توێژینەوەکە ئەوە دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژەی مامانەکان لە (٧٨٪) نەخوێندەوارنو ژیانی زۆرێك لەئافرەتانی کوردیان بەدەستە، ئێستەش کەم نین ئەوانەی لەگوندو شارۆچکەداو تەنانەت لەشارەکاندا پشت بەمامانەکان دەبەستن لەکاتی دووگیانییو دواتر هەر ئەمانە کاری خەتەنە ئەنجامدەدەن، ڕێژەیەکی زۆر لەمانە مۆڵەتی ڕەسمی وەزارەتی تەندروستی وەردەگرن بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئاستی خوێندن بکرێت، بەپێی

خشتەی ژمارە(٢) فۆرمی مامانەکان دەردەکەوێت کە لەکۆی (١٠٠) مامان ڕێژەی (٨٨٪)یان مۆڵەتی ڕەسمی هەیە.

١١- توێژینەوەکە ئەوەش دەردەخات کە ئەو مامانانەی کە شوێنی نیشتەجێبوونیان شارە لە(٤٣) مامان ئەوانەی خەتەنەیان کردووە بریتین لە (٢٤) مامان لەشوێنە جیاجیاکاندا کاری خەتەنەیان کردووە کە تەنها ڕێژەی (٧١٪)لەم مامانانە لەناوشاردا ئەم کارەیان ئەنجامداوە لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژەی (٤٣٪)لەشارۆچکەو لە (٣٠٪) لەلادێکاندا خەتەنەی ئەنجامداوە، بەڵام ئەوانەی دانیشتوی لادێن کە (١١) لەمامانەکان خەتەنەیان کردووەو (٢٧٪)ی ئەم مامانانە لەلادێکاندا کاری خەتەنەیان کردووەو هیچ کام لەم مامانانە لەلادێوە نەهاتوونەتە شار بۆکاری خەتەنەو ڕێژەی (٪سفرە)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لادێکان شوێنی لەبارن بۆ مانەوەی دیاردەکە.

١٢-توێژینەوەکە ئەوەشی دەرخستووە کە ئەو هۆکارانەی ڕۆڵی سەرەکیی دەبینن لەئەنجامدانی خەتەنەکردنی کچاندا وایکردووە کە دایکانوباوکان کچەکانیان خەتەنەبکەن بریتین لەهۆکارەکانی ئاین بەڕێژەی (٦٨٪) لەفۆرمی (ب) بەپێی وەڵامی مامانەکانو بەپێی فۆرمی (ج) ڕێژەی (٣٦٪)ئەڵێن هۆکاری ئاینە بەپێی ڕای کارمەندانی تەندروستیو دوای ئەو هۆکارە هۆکاری کۆمەڵایەتییە کە ڕێژەی (١٥٪) پێکدێنێ بەپێی ڕای مامانەکانو ڕێژەی (٣٥٪) پێیانوایە بەڕای کارمەندانی تەندروستی هۆکاری کۆمەڵایەتیو هۆکاری سێکس سێیەم هۆکارە بەڕێژەی (١١٪) لای مامانەکان دایکانوباوکان لەبەر کەمکردنەوەی سێکسە کچەکانیان خەتەنەدەکەنو کارمەندانی تەندروستی ڕێژەی (٨٪) پێکدێنێت هۆکاری سێکس لەگەڵ ئەوەی کە بەڕای کارمەندانی تەندروستی خۆیان هۆکاری سێکس ڕێژەی (٣٥٪) پێکدێنێت، بۆیە گرنگە ئەم هۆکارانە بەجددیی کاری لەسەر بکرێت بۆئەوەی دیاردەکە بەتەواوەتی یان زۆر کەمبێتەوە لەکۆمەڵگاکەماندا.

١٣- ئەنجامێکی تر کە لەتوێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە بەپێی فۆرمی لەخشتەی (ب-٧)،( ج-٨) هەردوو فۆرمەکەدا ئەگەر بەراوردێك بکەین کە تاچەند خەتەنەکردن ئەنجامدەدرێت لەئێستادا دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەی ئاستی خوێندەواریی ئەم دوو گروپە جیاوازە، بەڵام ڕێژەی وەڵامدانەوەیان بۆ پرسیارەکە نزیکن لەیەکترو ئەگەر بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیش سەیربکەین کە بوونی دیاردەکەیان دیاریکردووە دەتوانین بڵێین لەکۆی

(٥١) کەس کە دانیشتوی شارن لەهەردوو گروپەکەدا (٣٧)مامانو(٣١)کارمەندی تەندروستی دەڵێن دیاردەکە کەمەو (٦)مامانو(١٢)کارمەندی تەندروستی دەڵێن هیچ نییە لەئێستادا، لێرەوە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە دیاردەکە بوونی هەیە لەئێستادا هەرچەندە ژمارەی کارمەندانی تەندروستی زیاترە کە دەڵێن ئێستا هیچ نەماوە لەچاو مامانەکاندا ئەوە دەردەخات کە لەلای چینی ئاستی خوێندەواری بەرزدا کەمتر دیاردەکە بەدیدەکرێت کە جێی سەرنجەو ئەبێت ئەمان زیاتر ئاگاداری بوونی دیاردەکەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە مامانەکان لەبەرئەوەی کاری خەتەنەکردنیان زیاتر ئەنجامداوە باشتر ئاگاداری ئەوەن کە دیاردەی خەتەنە تاچەند بوونی ماوە لەئێستادا.

١٤- توێژینەوەکە دەریخستووە کە بەپێی وەڵامی مامانەکانو کارمەندانی تەندروستیەکە ئایا تاچەند دایکان بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن کە خەتەنە بکەن بۆ کچەکانیان بەڕێژەی (٦١٪، ٧٧٪) کەمە بەبەراورد بە(زۆر، مامناوەند، هیچ)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دابونەریتو بیروڕای دایکان بەهۆکاری ئەنجامدانی خەتەنە لەنێو خێزانەکاندا لەبیروبۆچوونیاندا چەسپیووەو تائێستاش بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

## دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە :-

سەرەتای لێکۆڵینەوەکە ئەو گریمانانەی کە کرابوون بۆ دیاردەکە ئەنجامەکانی بەمشێوەیە کەوتەوە هەروەك لەلێکۆڵینەوەکەدا خراوەتەڕوو.

١- ئاستی خوێندەوارییو ڕۆشنبیریی کاریگەریی زۆر هەیە لەسەر دیاردەی خەتەنەکردنی کچان، ئەوەتانێ زۆرترین مامان کە کاری خەتەنەی کچەکانیان ئەنجامداوە ئاستی خوێندەوارییان نییە، واتە نەخوێندەوارنو ڕێژەی (٧٨٪) پێکدێننو ئەو ژنانەی کە ئاستی خوێندەوارییان نزمە (٦٣٪) ڕێژەکە پێکدێننو لەخشتەی (أ-٤) دەرکەوتووە تاکو ئاستی خوێندن نزمتربێت ڕێژەی خەتەنەکردن زۆرترە کە ئەو ژنانەن خەتەنەکراونو تاکو ئاستی خوێندن نزمتربێت ڕێژەی خەتەنەکردنی کچەکانیان واتە ئەو کارەی بەسەرخۆیاندا هاتووە بەسەر کچەکانیشیاندا دەهێننەوە زیاتردەبێ، کەواتە پێشبینیمان بۆ ئەم گریمانەیە ڕاستەو ئاستی خوێندن کاریگەریی هەیە لەسەر خەتەنەکردنی کچان.

٢- گریمانەیکی تر ئەوەبوو کە ژنان خۆیان بەشێکی گرنگن لەوبڕیار دەرانەی کە کچەکانیان خەتەنە بکرێت ئەمەش لەئەنجامی توێژینەوەکە ڕاست دەرچوو ئەوەتانێ مامانەکان بەڕێژەی (٦٤٪) کچەکانی خۆیان خەتەنەکردووە کاریگەریان هەبووە لەسەر کچەکانیان و وەئێستاش ڕێژەیەك لە دایکان دەگەڕێن بەشوێن کەسێکدا کاری خەتەنە بکات بۆئەوەی کچەکانیان خەتەنە بکەن

٣- یەکێکی تر لەو گریمانانەی کە کرابوو ئەوەیە کە هۆکاری ئاینوکۆمەلآیەتیوسێکس بریتین لەهۆکارە سەرەکیەکانی خەتەنەکردنی کچان و گرنگن بۆ بلآوبوونەوەی ئەم دیاردەیە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا کەئەمەش لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوت کە ئاینو حەلآڵوحەرام ڕێژەی (٦٨٪) کاریگەرە بۆکردنی خەتەنە وە ڕیجۆەی (١٥٪) دابونەریتی کۆنی کۆمەلآیەتیە ، (١١٪) کەمکردنەوەی سێکسە،بەپێی ڕای مامانەکان وە بەراوبۆچوونی کارمەندانی تەندروستی ڕێژەی(٣٦٪)ئاین،ڕێژەی(٪ ١٥) دابونەریتی کۆمەلآیەتی، ڕێژەی (٣٥٪) لەبەرکەمکردنەوەی ئارەزووی سێکس ئەنجامدەدرێت.

٤- گریمانەیکی ترمان ئەوەبوو کە شارۆچکەوگوندەکان شوێنێکی لەبارترن لەچاو شارەکاندا بۆبلآوبوونەوەو بەردەوامی دیاردەکە بەلآم دەرکەوت کە جیاوازی لەنێوان شاروشارۆچکەکاندا کەمەو زۆرهەستی پێناکرێت لەچاو لادێکاندا واتە شاروشارۆچکەکان لەچاو گوندەکاندا ئەو شوێنە گونجاوە نین کە دیاردەکەی تێدا بەردەوام بێت سەیری خشتەی (أ-٤-II) بکە لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە لەشارۆچکەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت لەڕووی ئاوەدان بوونەوەو دابین کردنی خومەتگوزاریو پێشکەوتنی بواری ڕۆشنبیری لەشارۆچکەکاندا.

٥- سەبارەت بەگریمانەی ئەوەی کە زۆرترین ئەو کچانەی کە خەتەنەیان بۆکراوە لەتەمەنی زۆرمنالّیدا بووە، ئەوا لەتوێژینەوەکەدا ئەمە زۆر ئاشکرایە کە ڕاستەو زۆرترین ئەو کچانەی خەتەنەیان بۆکراوە تەمەنیان لە ٦ سالّ وبەرەوخوارە هەروەك تێبینی کرا لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکاندا لەبەر ئاسانی خەتەنەکردنەکەیە لەم تەمەنەدا وە برینەکەشیان زوو چاکدەبێتەوە.

٦-دواین گریمانە سەبارەت بەوەیە کە نەبوونی یاسایەك بۆ دیاردەکە هاندەری باشە بۆمانەوەی خەتەنەی کچان، ئەم گریمانەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە چونکە ئەگەر سەیری خشتەکانی (ب-١٤-١) فۆرمی مامانەکان بکەین

لەگەڵ خشتەی (ج-١٣-١) ئەوا دەردەکەوێت کە هەوڵەکان کەمن بۆئەوەی مامانو کارمەندان ئاگاداربکرێتەوە لەنەکردنی خەتەنەی کچان بەتایبەتی لە خشتەی (ج١٣) دەرکەوتووە کە لە ٪٧٠ کارمەندان هیچ لایەنێك ئاگاداری نەکردوون لەنەکردنی خەتەنەی کچان.

**-وێنەی فۆرمی ڕا پرسیەکان**

**( أ ) فۆرمی ئاماری ئاستی ڕۆشنبیری لەسەر خەتەنەکردن لەنێوژناندا**

١-سالّی لەدایك بوون ------------

٢- شوێنی لەدایك بوون: شار--------- شارۆچکە---------- لادێ-------

٣- شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا: شار------ شارۆچکە----------- لادێ------------

٤- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار-------- خوێندنو نوسین----------- سەرەتایی---------

--------- ناوەندی------- دواناوەندی---------- کۆلیج------------

٥- کاردەکەیت؟ بەڵێ ----------- نەخێر----------

٦- جۆری کار---------

٧- خەتەنەکراوە؟ بەڵێ ------------ نەخێر------------

٨- شوێنی خەتەنەکردن---------

٩- کێ ئەم کارەی ئەنجام دا؟ پزیشك --------- مامان----------- ژنی لاکۆڵان----------

١٠- لەچ تەمەنێکدا خەتەنەکراوە: ٦ساڵو بەرەو خوار----------- ٧ -١٢ ساڵ --------- ١٣ —

١٨ ساڵ------------------- ١٩ -٢٣ ساڵ------------------ ٢٤ ساڵو زیاتر-------

١١- شوی کردووە؟ بەڵێ------------- نەخێر-------------

١٢ ئەگەر شووی کردووە پەیوەندی جنسی کاریگەری هەبووە؟ بەڵێ----------- نەخێر--------

١٣- ئایا ئێستا هەست بەناخۆشی دەکەیت بەتایبەتی باری دەروونی؟بەڵێ-------نەخێر----------

١٤- ئەگەر کچت هەیە.... خەتەنەی ئەکەی؟ بەڵێ-----------نەخێر-----------

١٥- ئایا ئەزانی خەتەنەکردنی زیانی تەندروستی هەیە؟ بەڵێ----------نەخێر------

١٦- بەڕای تۆ ئەم دیاردەیە تاچەند ئەنجام دەدرێت؟

زۆر------ مام ناوەند------کەم----------زۆرکەم------ هیچ ---نازانم-------

**یەکێتی ژنانی کوردستان**

**مەکتەبی سکرتاریەت**

**بەشی تەندروستی**

**( ب )فۆرمی زانیاری لەسەرخەتەنەکردن لەنێومامان دا**

١. ساڵی لەدایك بوون:-.............
٢. شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا: شار ........ شارۆچکە....... لادێ..........
٣. ئاستی خوێندن
نەخوێندەوار ........ خوێندن ونوسین....... سەرەتایی....... ناوەندی ........
٤. مۆڵەتی ڕەسمی مامانی وەرگرتووە؟ بەڵێ ....... نەخێر........
.........ئەگەر(بەڵێ)یە چەند ساڵە مامانیت؟ .........5
٦. کاری خەتەنەکردنت ئەنجامداوە بەڵێ ....... نەخێر........
٧.ئەو شوێنەی کاری خەتەنەکردنت تیادا ئەنجام داوە شار....... شارۆچکە.......... لادێ........
٨. ئەو کەسانەی کاری خەتەنەکردنەکەت بۆکردوون زۆرترینیان لە چ تەمەنێکدا بوون؟
٥ساڵ وبەرەوخوار.....٥-١٠ساڵ.....١٠-١٥ساڵ...... ١٥ساڵ و زیاتر.........
٩. بەزۆری لە چ وەرزێکدا خەتەنە دەکرێت ؟.....................
١٠. بەڕای تۆ ئەم وەرزە بۆباشە بۆخەتەنکردن......................
١١. مەبەست لەخەتەنەکردن چی بووە؟.................
١٢. ئەم دیاردەیە ئێستا تا چەند ئەنجام دەدرێت ؟
زۆر .... مام ناوەند.... کەم...... هیچ....
١٣.ئایا دایکان تاچەندە بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێن کە خەتەنەبکەن بۆکچەکانیان؟
زۆر .... مام ناوەند.... کەم......
١٤. ئایا دەزانیت خەتەنەکردن کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی ؟ بەڵێ ....... نەخێر........
١٥. ئایا دەزانیت خەتەنەکردن کاریگەری هەیە لەسەر کرداری جنسی؟ بەڵێ ....... نەخێر........
١٦. ئایا دەزانیت خەتەنەکردن کاریگەری هەیە لەسەرباریدەروونی؟ بەڵێ ....... نەخێر........
١٧. ئەوبەشەی کە دەبڕێت پێت باشە زۆربێت....... کەم........ مامناوەند........
١٨. ئایا کچەکەی خۆت خەتەنەکردووە؟ بەڵێ............ نەخێر..........
١٩. ئایا هیچ لایەنێکی بەرپرس تۆی ئاگادار کردۆتەوە کاری خەتەنەنەکەیت ؟ بەڵێ..... نەخێر..........
٢٠. ئەگەر( بەڵێ) یە ئەولایەنەکێ یە ؟.....................................
بەڕای تۆ ئەو هۆکارانە چین کەوا لەدایك و باوك دەکەن کە کچەکانیان خەتەنەبکەن ؟.21

**یەکێتی ژنانی کوردستان**

**بەشی تەندروستی**

## (ج) فۆرمی زانیاری لەسەرخەتەنەکردن لەنێوکارمەندانی تەندروستیدا

١- سالّی لەدایك بوون:-................

٢- ڕەگەز : - نێر....... مێ..............

٣- شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا: شار ........ شارۆچکە....... لادێ..........

٤- ئاستی خوێندن: دواناوەندی........ پەیمانگا........زانکۆ........ هی تر..........

٥- کاری خەتەنەکردنت کردووە ؟ بەلّێ ....... نەخێر........

٦- ئەو کەسانەی خەتەنەکراون لە چ تەمەنێکدا بوون؟ ٥سالّ وبەرەوخوار.....٥-١٠سالّ......١٠-١٥سالّ...... ١٥سالّ و زیاتر.........

٧- مەبەست لەخەتەنەکردن چی بووە؟............

٨- ئەم دیاردەیە ئێستا تا چەند ئەنجام دەدرێت ؟

٩- زۆر .... مام ناوەند.... کەم...... هیچ....

١٠- ئایا دایکان تاچەندە بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێن کە خەتەنەبکەن بۆکچەکانیان؟ زۆر .... مام ناوەند.... کەم...

١١- ئایا خەتەنەکردن کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی ؟ بەلّێ ....... نەخێر........

١٢- ئایا خەتەنەکردن کاریگەری هەیە لەسەر کرداری جنسی ؟ بەلّێ ....... نەخێر........

١٣- ئایا خەتەنەکردن کاریگەری هەیە لەسەرباریدەروونی؟ بەلّێ ....... نەخێر........

١٤- ئەوبەشەی کە دەبڕێت پێت باشە زۆربێت.... کەم............ مامناوەند............

١٥- ئایا کچەکەی خۆت خەتەنەکردووە؟ بەلّێ..... نەخێر...........

١٦- ئایا هیچ لایەنێکی بەرپرس تۆی ئاگادار کردۆتەوە کاری خەتەنەنەکەیت ؟ بەلّێ.. نەخێر......

١٧- ئەگەر( بەلّێ) یە ئەولایەنەکێ یە ؟......

١٨- بەڕای تۆ ئەو هۆکارانە چین کەوا لەدایك و باوك دەکەن کە کچەکانیان خەتەنەبکەن ؟

***یەکێتی ژنانی کوردستان***

***بەشی تەندروستی***

# بەڵگەنامەکان

WOMAN – STRUGGLE – LIFE
(ZHINAN – WOMEN UNION OF KURDISTAN
SECRETARIAL BUREAU
Department of Health
No.:
Date : / / 2002

ژن . خەبات . ژیان
یەکێتی ژنانی کوردستان
مەکتەبی سکرتاریەت
بەشی تەندروستی
ژمارە : ١٨٦
ڕۆژ : ٥/٤/ ٢٠٠٢

بۆ/فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی/بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی منالبوون
بابەت/پێدانی زانیاری

سڵاوێکی گەرم.....

لەپێناوبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵ بەگشتی وژنان بەتایبەتی پێویستمان بەهاوکاری بەڕێزتان هەیەکەنوسراوێکمان ئاراستەبکەن سەبارەت بەڕاوبۆچوونتان لەسەر ڕادەی کاریگەرێتی خەتەنەکردنی کچان وژنان لەڕووی تەندروستی و دەروونی یەوە.

هاوکاریتان جێی ڕێزوسوپاسە.....

مەکتەبی سکرتاریەت
بەشی تەندروستی

وێنەیەك بۆ/
*نوسینگەی تایبەت/بۆئاگاداریتان
*بەشی تەندروستی/بەدواداچون
*ئەرشیف

سلێمانی- شەقامی سالم ...ah- Salim Str.
تەلەفون : ٢١٢٢٦٦٣ - ٢١٣٠٤٨٥ ...663- 2130485

بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی
منداڵبوون - فێرکاری

## زیانەکانی خەتەنەکردنی کچان

أ / زیانە کتوپڕیەکان :
ب / زیانەکانی لە داهاتوودا دەردەکەوێ :

أ – زیانە کتوپڕیەکان :

١ - تووش بوونی نەزیف // لە کاتی خەتەنەکردنەکەدا لەوانەیە نزیف دروست ببێ وە ژیانی کچەکە دەخاتە خەتەرەوە . هەندێ جار گەر زوو نەگەیەنرێتە نەخۆشخانە دەمرێت . یان پێویستی بە خوێن وەرگرتن دەبێ وە لە ژێر بەنجدا لەوانەیە پێویستی بە دورینەوە هەبێ .
٢ - تووش بوون بە التهابات لە شوێنە بڕاوەکەو ئاوساندن لەوانەیە التهاباتەکە بگوێزرێتەوە بۆ هەندێ شوێنی تر لەلەشیدا لەوانەیە بچێ بۆ کۆئەندامی زاوزێ و لەوانەیە ببێتە هۆی نەزۆکی .
٣ - تووش بوونی ئازارێکی زۆرو ترس و دڵە ڕاوکێ .

ب - زیانەکان لە داهاتوودا دەرئەکەوێ :

١ - تووش بوونی ئشوە لە شوێنی خەتەنەکە کە هەندێ جار زۆری لێ دەبڕێ .
٢ - هەندێ جار ساردی سێکسی ( برود جنسی ) دروست دەکات لەبەر تێکچونی باری دەرونی نەخۆشەکە توسی دڵە ڕاوکێ دەبێت دەترسێ لە سێکس ، هەندێ جار برودی جنسی دروست دەبێ لەبەر بوونی ئازارێکی زۆر لەو ناوچەیەدا کە لە ئەنجامی ئەوەی بەشێکی زۆری لێ بڕاوە ، هەندێ جاری تر برودی جنسی دروست دەبێت لە ئەنجامی ئەوەی هەندێ شوێنی حساس هەیە دەبڕێت .
٣ - هەندێ جار کچەکە تووشی باری دەرونی یەکی ناهەموار دەبێت و لەوانەیە کارێکی زۆر بکاتە سەر باری دەرونی هەندێکیان رفضی ئەوە ئەکەن کە شووبکەن ، هەندێکی تریان شوو دەکەن بەڵام باری دەرونیان تەواو نابێ بە هۆی برودی جنسیەوە هەندێ جار لەوانەیە ببێت بە هۆی تێک چوونی خێزان .

دکتۆرە
ژیان أحمد عبدالله
بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵبوون
٢٠٠٢/٥/٥



WOMAN – STRUGGLE – LIFE
(ZHINAN – WOMEN'S UNION OF KURDISTAN
SECRETARIAL BUREAU
No.:
Date : / /2002

ژن . خەبات . ژیان
یەکیتی ژنانی کوردستان
مەکتەبی سکرتاریەت
ژمارە : ١٩٣
رۆژ : ٧ / ٥ /٢٠٠٢

یونسێف ی هەولێر / بەشی ڕاگەیاندن
( لیژنەی پێداچوونەوەی نامیلکەی ڕاستیەکان بۆ ژنان )

یەکێتی ژنانی کوردستان بەبەرنامەی تایبەت هەوڵی ووشیارکردنەوەی ژنانی داوە بۆ تێگەیشتن لە زیانەکانی خەتەنەو بن بڕکردنی کەلەهەندێ شوێن دا ئەو کردارە بەدی دەکرا . بۆیە نوێنەرمان بەباشی زانی کەئەو بابەتە بخاتەروو لەو کۆنفرانسەدا کەلەهەولێر گیرا بۆ مەبەستی پێداچوونەوەی نامیلکەی ڕاستیەکان بۆ ژیان پێشنیارەکە پەسەندیش کرا .
لەگەڵ ئەم نوسراوەدا ( زیانەکانی خەتەنەکردنی کچان ) تان بۆ ئەنێرین کەلەلایەن دکتۆرە ژیان احمد عبدالله وە نوسراوە . هیوادارین لەنامیلکەکەدا جێگای خۆی بکاتەوە .

لەگەڵ ڕێزدا

**هاوپێچ**
نوسراوێك لەسەر زیانەکانی خەتەنەی کچان .

بەشی تەندروستی
مەکتەبی سکرتاریەت
یەکێتی ژنانی کوردستان

**وێنەیەك بۆ :**
- وەزارەتی تەندروستی / بۆ ئاگاداریتان .
- یونسێفی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن / بۆ ئاگاداریتان .
- نوسینگەی تایبەت / بۆ ئاگاداریتان .
- بەشی تەندروستی .
- ئەرشیف .

سلێمانی- شەقامی سالم
تەلەفون : ٢١٢٢٦٦٢ -٢١٣٠٤٨٥
...ah- Salim Str.
...63- 2130485



بسم الله الرحمن الرحيم
فاسألوا اهل الذكر ان كنتم لا تعلمون

یەکیەتی زانایانی ئیسلامی کوردستان — ژمارە : ١٥
لیژنەی باڵای فتوا — بەروار : ٢٨/صفر/١٤٢٧
٢٨/٣/٢٠٠٦

بۆ / ئەوەی مەبەستیەتی

بابەت / حوکمی شەرع لە سوننەت کردن

ڕای جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەیە کە خەتەنەکردنی ئافرەتان سوننەتە، وە زانایا-
-نیش ئیتفاقیان هەیە سوننەتیان بەم شێوەی کە دوورە فەرموویانە، سوننەت بیکەیت خێرت دەگات
نەیکەیت گوناهبار نابیت .
ئێمەش وەک لیژنەی باڵای فتوا بۆ ئیمەو ڕای جەماوەری زانایانمان زیاتر بەلاوە
پەسەندە و هەروەها ڕایەکیشی هەیە لە مەزهەبی ئیمامی شافعی دا .
وەلێ کە پێویست هەبێت نەیکات وەلە نەکردنیا هیچ گوناهی ناگات ، ئەوەش
کە باوەو ئەڵێن ، ئافرەتی خەتەنە نەکراو نوێژی دروست نیە و چێشتی دەستی حەرامە ،
ئەوە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە لە قورئان و سوننە و فیقهی ئیسلامیدا .

لەگەڵ ڕێز

یاسین دەرویش غفور — ئەندام
احمد مصطفی شافعی — ئەندام
محمد امین کریم رسول — ئەندام
عبدالرحمن عبدالکریم محمود — ئەندام

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی


-فازیل هیمەت رێبەری خێزانی چاپی دووەم

- لەیلا علی. گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستە


## سەرچاوەی عەرەبی


- د. سامی الذیب، مؤامرة الصمت، ختان الذكور والاناث ،عنداليهود والمسيحيين والمسلمين الجدل الديني - الطبي الاجتماعي القانوني

د. نوال السعداوی المرأة والصراع النفسي -

- الاستاذ.الدكتور احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع .الدار العربية للموسوعات الطبعة الاولى ١٩٩٩

- د.نوال السعداوی. المراة والجنس

-د.محمود الحاج قاسم محمد ،د. عبدالعزيز الشهواني ١٤ه/٢٠٠١ م الختان تاريخه حكمة الشرعي طرق اجرائه

-عايدة احمد الرواجية ،البرودوالضعف الجنسي علاجه بالطب العربي والحديث

-د.عبدالهادی مصباح،ضعف الثقافة الجنسية ،سرشقاء الزوجين،الدارالمصرية اللبنانية


## سەرچاوەی ئینگلیزی


Zwangiles mutilations sexualize feminist, P 25 -

## سەرچاوەی وەرگێڕاو


- محسن ،د.منوچر، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، کۆمەڵێك وەرگێڕ، ڕێبوارسیوەیلی......چاپی یەکەم .هەولێر،٢٠٠٢

- واین دایر، وەرگێڕانی لەفارسیەوە ناسر سەلاحی، هەست بەگەورەی خۆت بکە چاپی سێیەم.


## گۆڤارو ڕۆژنامە:-


- گۆڤاری هزر ساڵی ١٩٩٩ ژمارە٢

-رۆژنامەی ژیانەوەساڵی دەیەم ژمارە (٧٣٥ ) ٢ /٧/ ٢٠٠٦ خەتەنەکردن لەبەدواداچونێکدا


## ئینتەرنیت:-


-الختان والدين،قراءة دينية للختان،الاتفاقية الأمريكية لحقوق الانسان www.wfrt.net

-ختان الأناث و البتر التناسلي للاناث ( FGM ww.arabmedmag.com ) ٣١-١٢-٢٠٠٣

-ختان الأناث....بين العلم والدين

www.kurdistan.net-

# هاوکارەکان

-بەڕێز( کاك سۆران )توێژەری کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی فۆرمو گریمانەکان ئامانجەکانی توێژینەوەکە،،دەستکاری کردنو چاککردنی لایەنی تیۆریو شیکردنەوەی زۆرینەی خشتەکانودەرئەنجامەکان....هتد

-بەڕێز(خاتوو مهابادحمە ڕەزا) توێژەری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەو لە سەرنجوپێشنیارەکاندا.

-خاتوو( ڕووناك فرج) لەبەشی تەندروستی چاودێری توێژینەوەکەو پەیوەندییەکان لەگەڵ زانایانی ئاینی ئیسلامودکۆترەپسپۆرەکان.

-ئاواز عبدالله لە تفریغ کردنی فۆرماکانو دروستکردنی خشتەکانو وینەی‌چارتی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەو نوسینی لایەنی‌تیۆریو چاپی توێژینەوەکە.

-لقوکۆمیتەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان لە پڕکردنەوەی فۆرمەکاندا.